

# چاکسازییەکانی شازادە محەمەد سەلمان و خۆپیشاندانەکانی ئێران



ئەو چاکسازییانەی شازادە محمەد سەلمان لە سعودیە دەستی پێکردووە، جیا لەوەی لەلایەك ئامانجەکەی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و دووبارە دارشتنەوەی سیاسەتی ئابووریی سعودیەیە، لەهەمانکاتدا ئامانجێکی دیکەی چاکسازییەکەی دووبارە پێناسە کردنەوەی ئایینی ئیسلامە وەك ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و دانانی سنوورێکە بۆ توندڕۆیی و دەمارگیریی مەزهەبی وەهابییەت کە لە سعودیە سەرچاوەی گرتووە و مەترسی لەسەر هەموو جیهان دروستکردووە.

پسپۆڕان و شارەزایانی ئایینی ئیسلام و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، توندڕۆیی و دەمارگیری مەزهەبی وەهابییەت، دەرهاویشتەی زۆر نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەی سعودیە نەبووەو جۆرێك لە کرانەوە و مەدەنییەت لەناو کۆمەڵگەی سعودیە بوونی هەبووە، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دروشمەکانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، بووە هۆکاری ئەوەی پێڕەوانی مەزهەبی وەهابیەت بەرەو دەمارگیری و توندڕۆیی زیاتر هەنگاو هەڵبگرن و هەروەها زەمینە بۆ جیهادی سەلەفی قیتالی بێتەئاراوە کە خۆیان لە مەدی شیعەگەرایی ئێران بپارێزن. ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر مەترسیی هەژموون و مەدی شیعەگەرایی ئێران لە ئارادا نەبوایە، ئەوا ئەو زەمینەیە دروست نەدەبوو کە دەرهاویشتەکانی توندڕۆیی

**ئەگەر چ جیهانی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی سعودیە و چ شیعەکان بە سەرۆکایەتی ئێران، هەوڵی گۆڕانکاری بدەن بۆ ئەوەی لە ریشەوە دەمارگیری هەڵبکێشن، ئەوا هەموو لایەک لەو پەتای دەمارگیری ئایینییە رزگاریان دەبێت و هیچ کێشەیەکیش لە نێوان شیعە و سوننە بوونی نامێنێت**

**دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ رێگرتن لەوەی ئەم خۆپیشاندانە وەرچەرخێن بۆ هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی میسر و تونسی ٢٠١١، پەنای بردۆتە بەر راگرتنی ئەپلیکەیشنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مۆبایلی خۆپیشاندەران، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەیە قەوارەی خۆپیشاندانەکان بە جیهاندا بڵاو نەبێتەوە و نەبێتە سەرچاوەیەکی هاندەر بۆ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان**

و دەمارگیری وەهابیەتیش بەو ئاستە کاریگەری هەبێت.

دیارە ئێرانی سەردەمی پادشایی پەهلەوی نەك هەر دیاردەی مەدی شیعەگەرایی تیا نەبووە، بەڵکو ئایین و دەوڵەت دوو پرسی لێکجیاواز بوون و ئەوەشی بیری لە تیکەڵکردنیان بکردایەتەوە، ئەوا لە ئێران جێگەی نەدەبووەوە، یان دەبوو وڵات بەجێ بهێڵێت، یاخود لەلایەن دەسەڵاتی پادشایی ئێرانەوە سەرکوت دەکرا واتە ئێران لە سەردەمی پادشایی پەهلەوی زیاتر لاسایی دەوڵەتانی رۆژئاوای دەکردەوە و نموونەی دەوڵەتێکی کراوەی رۆژئاوایی بوو لە رۆژهەڵاتدا. هەربۆیە نە شتێك هەبووە بە ناوی شەڕ و ململانێی نێوان شیعەو سوننە، نە شتێك هەبووە بە ناوی مەترسیی ئێران لەسەر سعودیە، یان بە پێچەوانەوە مەترسیی سعودیە بۆ سەر ئێران، هەر ئەمەش ببووە هۆکاری ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری رێژەیی لەدوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانیەوە تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو باڵ بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکێشێت.

لوتکەی مەترسییەکانی سعودیە لە هەژموون و باڵادەستیی مەدی شیعەگەرایی ئێران، لە ساڵی ٢٠١٥ دەستی پێکرد، بەتایبەتی کە حوسییەکان بوونە مەترسییەکی نزیك لە سنوورەکانی سعودیەو ئەمەش شاسەلمانی ناچار کرد کە هاوپەیمانییەکی عەرەبی و ئیسلامی دژی حوسییەکان رابگەیەنێت و شەڕێکی سەخت دەست پێبکات، بەڵام ئەم شەڕە نەبووە هۆکاری ئەوەی کە هاوسەنگیی هێز بگێڕێتەوە، یاخود مەترسییەکانی ئێران لەسەر سعودیە بڕەوێنتەوە. بۆیە شازادە محەمەد سەلمان (کە ئێستا ئەو بەکردەیی دەسەڵاتی پاشای لە سعودیە هەیە)، پلانێکی درێژخایەنی بە ناونیشانی (سعودیە ٢٠٣٠) راگەیاند، ئەم پلانە کە ئامانج لێی ئەوەیە لەماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو دەوڵەتەکە بخاتە ئاستی دەوڵەتانی رۆژئاوا، پێویستی بە هەیکەلییەتێکی تازەی حوکمڕانی هەیە، بۆیە لەسەر هەردوو ئاستی حکومەت و سنووردارکردنی ئایین هەنگاوی بۆ هەڵگرت.

دوای کەمتر لەدوو مانگ لە دەستپێکردنی چاکسازییەکانی شازادە محەمەد سەلمان، لە رۆژی ٢٨ی دیسەمبەری ٢٠١٧ بەشێوەیەکی کتوپڕ و لەناکاو لە شاری مەشهەدی پشت و پەنای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە، خەڵك رژانە سەر شەقامەکان و لەماوەی یەك دوو رۆژدا خۆپیشاندانەکان زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە.

خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی ئێران جیاواز بوو لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ کە دژی هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد و تاوانبارکردنی بەوەی تەزویری کردووە. ئەمجارەیان جۆرە خۆپیشاندانێکی خۆڕسك بووە و هیچ مۆرکی ئایینی پێوە نییە و خەڵك لە ناو جەرگەی سیستمی ئێرانییەوە داوای چاکسازی و باشترکردنی بژێوی ژیان و نەمانی بێکاری دەکەن، بەڵام هەر زووش ئەم دروشمانە وەرچەرخان بۆ دروشمی سیاسی و داواکردن بۆ رووخانی سیستمەکە، وەك دیڤید ئیگناشوێس ستوونووسی بەناوبانگی واشنتنۆن پۆست وەسفی کردووە، (دروشمی خوپیشاندان لە دژی زیادبوونی نرخی هێلکەوە، کتوپڕ گۆڕا بۆ دروشمی سیاسی و رووخانی سیستمە سیاسییەکە و داواکردنی راوەستاندنی دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبنان). لەمەش زیاتر پسپۆڕان و بیرمەندانی ئێرانی لە تاراوگە، ئەوانیش دوچاری سەرسامبوون لەم رووداوە لەناکاوە هاتوون و جۆرێك لە هەڵوەستەکردن بە لێدوانەکانیانەوە دەبینرێت، لەبەر ئەوەی هیچ لایەنێکی سیاسی خۆی نەکردووە بە خاوەنی و هەروەها ناشزانرێت ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو کوێ دەچێت.

لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی هاوبەشی نێوان تەواوی چاودێران و پسپۆڕانی جیهان لەسەر خۆپیشاندانەکانی ئێران بەو جۆرەیە، کە نابێتە هۆکاری ئەوەی بەهاری ئێرانی، یان فارسی وەك ئەوەی ساڵی ٢٠١١ی وڵاتانی عەرەبی دروست بێت و سەرەنجام سیستمەکە بڕووخێنێت، بەڵام هەر خودی سەرهەڵدانی ئەم خۆپیشاندانە خۆڕسك و بێ سەرکردەیە، ئاماژەیە بە وەرچەرخانێکی تازە لە ئێراندا و ئیدی ناتوانرێت بە ناوی (باڵی توندڕۆ و باڵی ریفۆرمیست) ئەو خەڵکە بێدەنگ بکەن و، لەوانەیە زەمینەیەك دروست بکات کە ئەرك و دەسەڵاتەکانی رێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانیش گۆڕانکاری بەسەردا بێت و، دەسەڵاتی زیاتر بکەوێتەوە دەستی حکومەت و تەنیا پیاوانی ئایینیش لەناو حکومەتدا دەسەڵاتدار نەبن، یان حکومەت بەڕێوە نەبەن، ئەم مەزندە کە پێشبینی دەکرێت لە دەسەڵاتی ئێرانی بەناچاری بێتە ئاراوە،

لانیکەم بۆ پاراستنی ئەو سیستمە سیاسییەی لە ئێستای ئێراندا بوونی هەیە، لەگەڵ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە هەنگاوەکانی (شازادە محەمەد سەلمان)یشەوە نییە، بەڵام بە میکانیزمێکی جیاوازتر لەوەی شازادە محەمەد، بەرەو هەمان ئامانج هەنگاو هەڵدەگرێت کە سنوورێك بۆ توندڕەویی و دەمارگیری شیعەگەرایی دابنرێت و دەسەڵاتی سیاسیش هەندێك بەرەو مەدەنییەت هەنگاو هەڵبگرێت.

دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەم خۆپیشاندانە وەرچەرخێن بۆ هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی میسر و تونسی ٢٠١١، پەنای بردۆتە بەر ڕاگرتنی ئەپلیکەیشنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مۆبایلی خۆپیشاندەران، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەیە قەوارەی خۆپیشاندانەکان بە جیهاندا بڵاو نەبێتەوە و نەبێتە سەرچاوەیەکی هاندەر بۆ بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆپیشاندانەکان خۆڕسکن و لە داواکردنی ئازادی و باشترکردنی بژێوی ژیان سەرچاوەی گرتووە، ناتوانرێت بە سەرکوتکردن پێشی پێ بگیرێت، یان دابمرکێنرێتەوە، بەڵکو شێوازی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندانی لەمجۆرە ئەوەیە کە سیستمی سیاسی وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤانەی بۆ ئەو جۆرە نارەزاییانە هەبێت، ئەم جۆرە وەڵامدانەوانەش پێویستی بەوەیە کە هەیکەلەی سیستمە سیاسییەکە گۆڕانکاری تێدا بکرێت و ئەو هۆکارانە ڕاست بکرێنەوە کە ئێستا بوونەتە هۆکاری نەهامەتی بە سەر بژێوی و ژیانی ڕۆژانەی ئێرانییەکانەوە، بەتایبەتی دانانی سنوورێك بۆ دەستێوەردانەکانی سوپای پاسداران و بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر لە میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەندا.

لایەنی پۆزەتیڤی هەنگاوە چاکسازییەکانی شازادە محەمەد بن سەلمان بۆ ڕاستکردنەوەی سیستمی سیاسیی سعودیە، لە ڕاگەیاندنی پلانی (تێڕوانین بۆ سعودیە ٢٠٣٠) سەرچاوە دەگرێت، بەڵام وەك عەبدولڕەحمان ڕاشدی نووسەری ناسراوی سعودیە دەڵێت: بە شازادە محەمەد سەلمانم گوت: ئەم پلانەی داتناوە بەم تیمە هیلاکەی حوکمڕانی سەرکەوتوو نابێت. لە وەڵامدا شازادە محەمەد سەلمان پێی گوتم: ئەگەر زانیمان ناتوانن شان بدەنە بەر ئەم ئەرکە، دەیانگۆڕین.

ڕاشد لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: یەك دوو ڕۆژ دوای دەستپێکردنی چاکسازییەکەی و گرتنی شازادەکانی دیکە بینیمەوە و پێی گوتم: ئەوا دەستمان کرد بە گۆڕینی تێمەکە و ئێستا تیمێك دروست دەکەین کە بتوانیت ئەم پلانە جێبەجێ بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری دروشمی خۆپیشاندەرانی ئێران بکەین کە دروشمەکانیان دژی هەردوو باڵی (توندڕۆ و ریفۆرمیستە) لە ئێران و هەروەها دژی حکومەت و ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە، هەست دەکەین، هەستە خۆڕسکەکەی خۆپیشاندەرانی ئێرانیش گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە بەو تیمەی ئێستا سیستمی سیاسیی ئێران بەڕێوە دەبەن، گۆڕانکاری و ریفۆرم دروست نابێت و کۆی سیستمە سیاسییەکە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، ئەوجا ئەم گۆڕانکارییە دەکرێت دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران هەر خۆیان بۆ پارێزگاری لە سیستمەکە دەستی پێبکەن و گۆڕانکاری پێویست بکەن بۆ ئەوەی وەڵامی خواستی خەڵکەکە بداتەوە، یاخود سیستمی سیاسیی ئێستا سەرکێشی دەکات و وەك خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەمە لە کاتێکدا خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەی ئێران هاوشێوەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩ نییە و یەکەمجارە لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە ڕووبەڕووی خۆپیشاندانی لەمجۆرە دەبنەوە، بۆیە دەبێت چارەسەری ئەمجارە وەك جارەکانی پێشوو نەبێت، ئەگەرنا ئاکامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە.

گەلانی ئیسلامی بە سوننە و شیعە و عەرەب و فارس و ئەفغانی و پاکستانیشەوە، لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو، نە خێریان لە توندڕۆیی و دەمارگیری سوننەی وەهابی و نە خێریان لە توندڕۆیی و دەمارگیری شیعەگەرایی ویلایەتی فەقیە بینیوە، بۆیە ئەگەر چ جیهانی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی سعودیە و چ شیعەکان بە سەرۆکایەتی ئێران، هەوڵی گۆڕانکاری بدەن بۆ ئەوەی لە ڕیشەوە دەمارگیری هەڵبکێشن، ئەوا هەموو لایەك لەو پەتای دەمارگیری ئایینییە ڕزگاریان دەبێت و هیچ کێشەیەکیش لە نێوان شیعە و سوننە بوونی نامێنێت.

**دیڤید ئیگناشوێس ستوونووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست دەڵێت: دروشمی خوپیشاندان لە دژی زیادبوونی نرخی هێلکەوە، کوتوپڕ گۆڕا بۆ دروشمی سیاسی و ڕووخانی سیستمە سیاسییەکە و داواکردنی ڕاوەستاندنی دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبنان**

**دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و دروشمەکانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، بووە هۆکاری ئەوەی پێڕەوانی مەزهەبی وەهابیەت بەرەو دەمارگیری و توندڕۆیی زیاتر هەنگاو هەڵبگرن و هەروەها زەمینە بۆ جیهادی سەلەفی قیتالی بێتەئاراوە کە خۆیان لە مەدی شیعەگەرایی ئێران بپارێزن**

### ستراتیژیەتی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانیی تازەی ئەمریکا:

# دژایەتی یان هاوکاریکردن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بۆ سەقامگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.. ئایا هیچ پێگەیەکی بۆ دۆزی کوردی و هەرێمی کوردستانی عێراق تێدایە؟

**ئەم ستراتیژیەتە، ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لەپێش هەموو شتێکەوە دادەنێت**


**(١)**

**پێشەکی**

گەیشتنی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی شتێکی ئاسایی نەبوو لەلای زۆربەی ئەوانەی کە ئاگایان لە وردەکاریی دۆخی ئەمریکا هەبوو، هەروەها شتێکی ئاساییش نەبوو تایبەت بەو گۆڕانکارییانەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان هاتبوونەدی، لەوانەش ئەو گۆڕانکارییانەی لە هاوسەنگیی هێزەکان روویاندابوو، ئەمە جگە لە پاشماوەی ئەو قەیرانەی لەم دواییەدا لە دارایی جیهان سەریهەڵداوە، هاوکات سەرکەوتنی هێزی تازە لە جیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیی تیرۆرو ئەتۆمی، دوای ١١ مانگ لە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکاو چوونی بۆ کۆشکی سپی، ترەمپ لە ٢٠١٧/١٢/١٨ دا ستراتیژیەتی ئیدارەکەی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی راگەیاند، کە هەر خۆی بە شێوازێکی مشتومڕئامێز خستیەڕوو، ئەو ستراتیژیەتەی کە بەدەر نەبوو لە جەختکردنەوە لەو پێشبینییانەی کە لەپشت وتارەکانی پێشوویدا هەبوون، تایبەت بە هەندێ کێشەی گەورەی ئابووری و ئەمنی و جیۆستراتیژی. لەو وتارەیدا کە هەموو کێشەکانی لەخۆ گرتبوو، ترەمپ گوتی: ستراتیژیەتی ئەمنی بۆ یەکەم جارە باس لە ئاسایشی ئابووری دەکات، هەروەها بنیادنانەوەی ژێرخانی ئەمریکاش بە تەواوی دەگرێتەوە. ترەمپ وتارێکی خوێندەوە تێیدا جەختیکردەوە لەسەر پابەندبوون بە بەڵێنەکانی هەڵبژاردن، کە ئەمریکا سەرلەنوێ مەزن ببێتەوە، واتا ئەمریکا پێش هەموو شتێك بێت، هەروەها گوتی: ئەرکی یەکەمی حکومەتەکەمان بەرامبەر گەل و هاووڵاتیان بریتییە لە (دابینکردنی پێداویستییەکانیان و سەلامەتی و پارێزگاریکردن لە مافەکانیان و پاراستنی بەهاکانیان). هەروەها گوتی: دوای کەمتر لە ساڵێکی سەرۆکایەتیم ستراتیژیەتێکی تازەی نیشتمانی بۆ ئاسایشی نیشتمانیی رادەگەیەنم کە ئاراستەی ستراتیژیەتێکی ئەرێنیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دیاردەکات و دەتوانێت سیماکانی ئەمریکا لە جیهان بەدەست بێنێتەوەو لەسەر خاڵەکانی هێزی وڵاتە مەزنەکەمان بنیاد بنێت.

راپۆرتی ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی بۆ ئاسایشی نیشتمانی (کە لە بنەڕەتدا لەلایەن نادیە چادلۆ Nadia Schadlow توێژەر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکاو لە ٦٨ لاپەڕەدا نووسراوە)، جەخت لەسەر چوار پرسی سەرەکیی دەکاتەوە: پاراستنی دەوڵەت و شێوازی ژیان، بەتینکردنی بووژاندنەوەی ئەمریکا، ئاشتی لە رێی دەسەڵاتەوە، بەتینکردنی ئەمریکا لەنێو جیهانێکی هەمیشە رکابەر.

بەپێی ئاژانسی ئاسیۆشێتدپرێس، راپۆرتەکە لە



د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

گرنگیی ئەو رێککەوتنە هەمەلایەنانە کەم دەکاتەوە کە تەوەری سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکدەهێنێت، لەوەتەی کۆتایی جەنگی سارد لەنێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات بە سەرۆکایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت و رۆژئاوا بە سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەروەها ترەمپ هەموو ئەو ئاگادارییانەی سەردەمی ئۆباما تایبەت بە گۆڕانگاریی کەشوهەوا هەڵدەوەشێنێتەوە.

کۆشکی سپی لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی خۆیدا دەقی تەواوی ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی ئەمریکای بۆ ئاسایشی نیشتمانی بڵاوکردەوە کە سێ هەڕەشەی سەرەکیی بۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێدا دەستنیشان کردبوو، کە بریتین لە: ئامانجەکانی رووسیا و چین، دوو دەوڵەتی لادەر کە ئێران و کۆریای باکوورن، گرووپە تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان کە ئامانجیان چالاکییە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

ئێران و کۆریای باکوور تەنانەت گرووپە تیرۆریستییەکانیش لە چوارچێوەی ستراتیژیەتی ئەمریکادا شتێکی سەرسوڕهێنەر نەبوون، بە حوکمی ململانێی کۆن و تازەی ئەمریکاو ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتیش دوای پاشەکشەی هەژموونی ئەمریکا و بە حوکمی ئەزموونە مووشەکییەکانی ئەم دواییەی کۆریای باکوور و بە حوکمی بوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەو ئامانجانەی لەسەر خاکی ئەودا بوونیان هەیە، کە لەلایەن رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە لەسەرووی لیستی بەئامانجگیراوانن.

مایەی سەرنجە لەو ستراتیژیەتەدا کە رووسیاو چین بە دوو رکابەری سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتی وەسف دەکات، بەهۆی گەشەکردنی کاریگەریی جیۆستراتیژیی هەردووکیان، کە رووسیا و چین تەحەددای هێزو بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن، هەردووکیانی تۆمەتبارکرد کە هەوڵدەدەن زیان بە ئاسایش و خۆشگوزەرانیی ئەمریکا بگەیەنن و بارودۆخەکەی ئێستا بگۆڕن، هەروەها رووسیا شێوەکانی تێکدان لەپێناو لاوازکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەمبەر ئەمریکا پیادەدەکات و یەکێتییەکە لە رێگەی ئەتڵەسییەوە لەناودەبات و حکومەت و دامەزراوە ئەمریکییەکان لاوازدەکات، هاوکات تۆمەتباریکرد بەوەی کە دەستتێوەردان دەکات لە جۆرجیاو ئۆکرانیا و تۆقاندنی دەوڵەتانی دراوسێ بە هەڕەشەلێکردنیان، لەوانەش نمایشکردنی توانا ئەتۆمییەکانی و بڵاوکردنەوەی هێزەکان، هەروەها رووسیا بە تێکدەری سەقامگیریی فەزای دیجیتاڵی لەقەڵەمدا.

**کورد لە بیرکردنەوەو وەهمیاندا خۆیان وەک هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکییەکان دەزانن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای ئەمریکییەکان دەنگدانەوەی نییە، هاوپەیمانە واقیعییەکانی ئەمریکا بە پلەی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا (جگە لە ئیسرائیل) بریتین لە:عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو و تا رادەیەکیش عێراق و تورکیا، لێرەدا کوا پێگەی کورد؟**

**پێگەی کورد لە سیاسەتی جیهانیدا بریتییە لە پێگەیەک کە دەکرێ پێی بگوترێ حاڵەتی (گومان** Uncertainty**) بەم شێوەیە پێگەی کورد لەنێوان دەوڵەتان و هێزە کاریگەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناجێگیرە، چونکە کورد رۆڵی گرنگ وەک هێزێکی کاریگەر ناگێڕن، بەڵکو پرسی کورد دەبێتە پرس، یان دۆزێک لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ناجێگیر دەبێت**

**(٢)**

## بنەما بنەڕەتییەکانی (ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانیی ئەمریکایی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانی) ئاسایشی ئابووری بنەمای ئاسایشی نیشتمانییە...!

ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی ئەمریکای بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەم خاڵانەی وەك بنەما بنەڕەتییەکان دەستنیشان کردووە:

یەکەم: گێڕانەوەی رێز بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەو تازەکردنەوەی متمانە پێکردنی لە ناوەوە.

دووەم: توانای متمانەی ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمانی، ئەم ستراتیژییە چوار بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی دیاریدەکات، یان چوار بنەما بەم شێوەیە:

١- پاراستنی نیشتمان و گەلی ئەمریکا و شێوازی ژیان لە ئەمریکا.

٢- بەهێزکردنی خۆشگوزەرانیی ئەمریکا.

٣- پاراستنی ئاشتی لە رێی هێزەوە.

٤- هەنگاونان بۆ پێشەوە بە کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

سێیەم: ستراتیژیەتەکە تەحەدیگەل و ئاراستە سەرەکییەکان لەخۆدەگرێت کە کاریگەرییان هەیە بۆ پێگەمان لە جیهاندا، لەوانە:

* هێزی وەك چین و رووسیا، کە تەکنەلۆجیا و پڕۆپاگەندەو کینە بەکاردێنن لەدژی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

* دیکتاتۆرە ئیقلیمییەکان کە ترس بڵاودەکەنەوەو هەڕەشە لە دراوسێکانیان دەکەن و هەوڵی دەستکەوتنی چەکی کۆکوژ دەدەن.

* ستراتیژیەتێکی واقیعییە، چونکە داندەنێت بە رۆڵی سەنتراڵیی دەسەڵات لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، جەختیش دەکاتەوە لەوەی کە دەوڵەتە زلهێز و خاوەن سەروەرییەکان باشترین ئومێدن بۆ جیهانێکی ئاشتیخواز.

* لەسەر ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە بنیادنراوە کە جەخت دەکەنەوە لەسەر بەهێزکردنی پرەنسیپەکانی ئەمریکا کە ئاشتی و گەشەسەندن لەسەرتاپای جیهان بڵاودەکەنەوە:

١- پاراستنی نیشتمان: بریتییە لە بەرپرسیارێتیی بنەڕەتیی سەرۆك ترەمپ لە پاراستنی گەل و نیشتمانی ئەمریکاو رێگەی ژیانی ئەمریکا.

* بەهێزکردنی کۆنترۆڵی سنوور و چاککردنی سیستەمی کۆچ.

* گەورەترین هەڕەشەی سنووربڕی نیشتمانی وەك:

- ئەو تیرۆریستانەی سەختیی دڕەندەیی بەکاردێنن بۆ ئەنجامدانی کوشتن و سەرکوتکردن بۆ قۆستنەوەی لاوازیی دانیشتووان و سازکردنی پیلانگێڕی.

- رێکخراوە تاوانکارەکان کە کۆمەڵگەکان دەترازێنن بە ماددەی هۆشبەرو توندوتیژی و هاوپەیمانانمان لاوازدەکەن لەمیانی گەندەڵکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان.

بۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە بەر لە گەیشتنی بۆ سنوورەکانی، یاخود زیان بە گەل بگەیەنن، هەوڵەکانیشی زیاتردەکات بۆ پاراستنی ژێرخانی باڵا و تۆڕی دیجیتاڵی، چونکە تەکنەلۆجیای تازە و دوژمنە تازەکان خاڵی تازەی لاوازییان دروستکردووە، هەروەها سیستەمی بەرگریی مووشەکی بڵاودەکاتەوە بۆ بەرگریکردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی هێرشە مووشەکییەکان.

٢- بەهێزکردنی خۆشگوزەرانیی ئەمریکا: لەرێگەی ئابووریی بەهێزەوە کە گەلی ئەمریکا بپارێزێت وپشتیوانیی لە شێوەی ژیانی ئەمریکا بکات، بۆیە پێویستە ئابووریی ئەمریکا لە بەرژەوەندیی کرێکاران و کۆمپانیا ئەمریکییەکان تازە بکرێتەوە.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەژموونی خۆی لەسەر وزە بەکاردێنێت بۆ زامنکردنی ئەوەی کە بازاڕەکانی جیهان کراوە بن و سوودی هەمەجۆریی بەهێزبێت و بگاتە وزەی ئاسایشی ئابووریی نیشتمانی.

٣- پارێزگاریکردن لە ئاشتی لەرێی هێز: ئەمە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەهێزدەکات لە بنیادنانی ئاشتی و بەرپەرچدانەوەی دوژمنان، بۆیە لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە:

* هێزی سەربازیی خۆی بنیادبنێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی مانەوەی لە پلەی یەکەمدا.

* بەکارهێنانی هەموو ئامرازەکانی حاکمییەت لەسەردەمی رکابەریی نوێی ستراتیژی- دیپلۆماسی و زانیاری و سەربازی و ئابووریدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا.

* بەهێزکردنی تواناکانی ئەمریکا لە چەند رێگەیەکەوە، لەوانە بۆشایی ئاسمان و ئەنتەرنێت و کاراکردنی ئەو توانایانەی پشتگوێخرابوون.

* بەهێزکردنی کارکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی گەورەتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان.

* سووربوون لەسەر پاراستنی هاوسەنگیی هێز بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا لە ناوچە سەرەکییەکانی

جیهان: هیندستان و ئۆقیانووسی باسفیك و ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٤- بەرەوپێشچوون بە کاریگەریی ئەمریکا کە بەدرێژایی ژیانی وەك هێزێك لەپاڵ خێر دەوەستێت، ویلایەتە یەکگرتووەکان کاریگەریی خۆی بەکاردێنێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و سوودگەیاندن بە مرۆڤایەتی.

چوارەم: درێژەدان بە بەهێزکردنی هەژموونی ئەمریکا لە دەرەوە بۆ پاراستنی گەل و بەهێزکردنی گەشەکردن.

پێنجەم: هەوڵدانی دیپلۆماسی و پەرەپێدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەدیهێنانی ئەنجامی باشتر لە هەموو بوارە دوولایەنەو هەمەلایەنەکان و لە بواری زانیاری بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، هەروەها دۆزینەوەی دەرفەتی تازەی ئابووری بۆ ئەمریکییەکان.

شەشەم: ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات شەراکەت لەگەڵ دەوڵەتان سازبکات ئەوانەی هاوبیرکردنەوەن لەگەڵیداو لەپێناو بووژاندنەوەی ئابووریی بازاڕی ئازاد و گەشەکردنی کەرتی تایبەت و سەقامگیریی سیاسی و ئاشتی.

حەوتەم: پشتیوانی و پشتگیریی لە بەها ئەمریکییەکان لەوانە سەروەریی یاساو مافەکانی تاك کە دەوڵەتە بەهێزو سەقامگیروخاوەن سەروەرییەکان بەتین دەکات.

هەشتەم: گرتنەبەری سیاسەتێکی کارای دەرەکی بۆ بەهێزکردنی قەڵەمڕەویی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیهاندا وەك هێزێکی ئەرێنی تا بتوانێت یارمەتی دیاریکردنی هەلومەرجەکانی ئاشتی و بووژاندنەوەو پەرەپێدانی کۆمەڵگە سەرکەوتووەکان بدات.

رەخنەکاریی ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی ئەمریکایی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانی

ئەمڕۆ ئەم ستراتیژیەتە لە چوارچێوەی جیهانێکدا دەخرێتەڕوو کە پڕیەتی لە رکابەریی توند لە سەرجەم بوارە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکاندا، تا رادەیەکیش لە بواری ئایدیۆلۆژیدا، چونکە بەرپرسانی کۆشکی سپی دانیان بەوەدا ناوە کە واشنتۆن بە ئاستی توانای تەواوی ئەکتیڤەوە رکابەریی نەکردووەو پێویستی بە چاککردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە، بۆیە ستراتیژیەتەکە چەمکێکی تازەی تێدایە کە( چەمکی ئاسایشی ئابووری)یە، رۆشناییش خراوەتە سەر پاراستنی( بنەمای داهێنانی ئاسایشی نیشتمانی)ی ئەمریکا، کە زاراوەیەکی تازەیە و بۆ کۆمەڵە چالاکییەك دەخرێتەڕوو کە تایبەتە بە دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا.

مایکل ئۆهانلۆن کە توێژەرێکی دیارە لە سیاسەتی دەرەوە لە پەیمانگەی برۆکینگز دەڵێت: راپۆرتەکە ئاماژەدەکات بۆ هەستکردنی ئەمریکا بە ئیستغلالکردنی دەوڵەتانی دیکە، هەرچی تیمۆسی هیت- ە لە دەزگای راند دەڵێت: پەیوەندیی ستراتیژیەتی تازە بە پرەنسیپی (ئەمریکا پێش هەموو شتێك) دەکرێ لە جەختکردنەوە لەسەر رکابەریی ئابووریدا ببینرێت، هەروەها دەشڵێت: رەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵبدات سوپا تازەبکاتەوە و چاوبخشێنێتەوە بە مەرجەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان و زیادکردنی بڵاوبوونەوەی دیپلۆماسیی خۆی لە دەوڵەتانی ئاسیاو جیهاندا.

دان ماهافی جێگری سەرۆکی مەڵبەندی دیراساتی سەر بە کۆنگریس و سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەری سیاسەت لەو مەڵبەندەدا پێشبینی دەکات کە واشنتۆن کۆمەڵێك بەرگرییە نەریتییەکانی بەهێزبکات، بەتایبەتیش ئەگەر بتوانێت کورتهێنانی بودجە چارەسەربکات، هۆشداریشی دا لە ئەگەری هەندێ رێکاری تاکلایەنانەی ترەمپ لە رووی بازرگانی و شتی دیکە. رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی لە ٢٠١٧/١٢/١٩ دا دیراسەیەکی شیکاریی ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی ئەمریکای بۆ ئاسایشی نیشتمانی بڵاوکردەوە بە ناوونیشانی: ستراتیژیەتی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانی. روویەکی فێڵکاریی راستگۆییە a veneer of credibility.

لە سەرەتای دیراسەکەدا رۆژنامەکە دەڵێت: ناوونیشانی وتارەکە فەرامۆش بکەن، ئەوەی ترەمپ کردی ستراتیژیەت نییە، ئاسایشی نیشتمانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناپارێزێت، هەوڵێکە بۆ کۆکردنەوەی راو لێدوانەکانی سەرۆك ترەمپ دەربارەی رووداوەکانی ئێستای جیهان، وێڕای حوکمکردنی ئەوانەی دەوروبەری کە لە دەسەڵاتدان، هەروەها دەڵێت: دەرکردنی ئەو بەڵگەنامەیە پێویستییەکی یاساییە، بەڵام پابەندبوون پێی بەم شێوەیە نییە، زۆر لە بەرپرسانیش دان بەوەدا دەنێن کە کەمتر گرنگییان بە ئەوانی پێشتر داوە، ئەوە تەنیا بڵاوکراوەیەکی رۆتینی و بێ مانایە.

بەڵگەنامەی ئاسایشی نیشتمانی دەتوانێت ئیدارە ناچاربکات دەستبەرداری پرسە گرنگ و هەنووکەییەکان بێت بۆ بەرژەوەندیی پرسە گرنگترەکان. لە کاتێکی دیکەشدا رێگەی بیرکردنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دیاریدەکات وەك ئەوەی کە لەگەڵ ئیدارەی جۆرج بوش بەر لە شەڕی عێراق روویدا.

رۆژنامەکە زیاتر دەڵێت: لەو کاتەی کە ئۆباما

**لێکدانەوەی ئەم دۆخە وەک (فەرامۆشکردن)ی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی نێودەوڵەتی، یان ئیقلیمیدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە دادیدەڕێژێتەوە، لەنێو ئەم دۆخە تەمومژاویەدا لەسەر کورد پێویستە دۆخێک بێننەکایەوە کە بەو لایەدا کە بێت گرنگی بە بەرژەوەندییەکانیان بدرێت**

**کۆشکی سپی لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنیی خۆیدا دەقی تەواوی ستراتیژیەتی تازەی نیشتمانی ئەمریکای بۆ ئاسایشی نیشتمانی بڵاوکردەوە کە سێ هەڕەشەی سەرەکیی بۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی تێدا دەستنیشان کردبوو، کە بریتین لە: ئامانجەکانی رووسیا و چین، دوو دەوڵەتی لادەر کە ئێران و کۆریای باکوورن، گرووپە تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکان کە ئامانجیان چالاکییە دژی ویلایەتە یەکگرتووەکان**

**بەرپرسانی کۆشکی سپی دانیان بەوەدا ناوە کە واشنتۆن بە ئاستی توانای تەواوی ئەکتیڤەوە رکابەریی نەکردووەو پێویستی بە چاککردنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە، بۆیە ستراتیژیەتەکە چەمکێکی تازەی تێدایە کە( چەمکی ئاسایشی ئابووری)یە، رۆشناییش خراوەتە سەر پاراستنی( بنەمای داهێنانی ئاسایشی نیشتمانی) ی ئەمریکا، کە زاراوەیەکی تازەیە و بۆ کۆمەڵە چالاکییەک دەخرێتەڕوو کە تایبەتە بە دابینکردنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئەمریکا**

**دان ماهافی جێگری سەرۆکی مەڵبەندی دیراساتی سەر بە کۆنگریس و سەرۆکایەتی و بەڕێوەبەری سیاسەت لەو مەڵبەندەدا پێشبینی دەکات کە واشنتۆن کۆمەڵێک بەرگرییە نەریتییەکانی بەهێزبکات، بەتایبەتیش ئەگەر بتوانێت کورتهێنانی بودجە چارەسەربکات**

نەرمیی نواندو بەهیچ شێوەیەك هێرشی نەکردە سەر رووسیاو چین، دەبینین کە ترەمپ بە پێچەوانەوە زمانی درێژەو بە قایم قسەدەکات، بەڵام رێگەی بۆ چین خۆشکردووە، هەروەها دەنووسێت: ترەمپ هەوڵیدا هاوپەیمانییەکانی بەهێزبکات بەڵام گرژتر بوون، زۆرجار رەخنەی گرتووە لە رێککەوتننامەی شەراکەتی بازرگانی لەرێی ئۆقیانووسی باسفیك، بەڵام بێ ئەوەی جێگرەوەی بۆ هەبێت، لێدوانەکانی ترەمپ دۆستە دێرینەکانی ئەمریکای نیگەرانکرد، ئەو بە فیزەوە باسی ناکۆکییەکانی کرد لە نێوان دەوڵەتەکەی و هەر یەك لە ژاپۆن و کۆریای باکوور و رەوشی ئابووریی ئەو دوو وڵاتە، هەڕەشەشی کرد بە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی بازرگانیی ئازاد لەگەڵ سیئۆل، رۆژنامەکە پێیوایە کە ترەمپ هەست بە ئاسوودەیی دەکات لەگەڵ سەرکردە ستەمکارەکان و دووریش دەکەوێتەوە لەو سەرکردانەی کە پرەنسیپەکانیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆکن، هەروەها رۆژنامەکە دەڵێت: لەبەرامبەر لێدوانەکانی ترەمپ دەربارەی هاوکاری لەگەڵ رووسیا، بەڵگەنامەی ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی بەندێکی تێدایە کە بە (تەکتیکە تێکدەرەکان) ناوی برد، وەك ئاماژە بۆ ئەو رێگەیانەی مۆسکۆ بەکاریان دێنێت بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری سیاسی لە دەوڵەتانی جیهان، لەوانەش بەکارهێنانی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری بۆ هەرەسهێنانی شەرعییەتی دیموکراسییەکان لە جیهاندا.

فلادیمێر پوتین-ی سەرۆکی رووسیا رۆژی هەینی باسی ستراتیژیەتی تازەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکای کرد و «دوژمنکارانە» ناوی برد. لە وتەیەکدا لەمیانی کۆبوونەوەی وەزارەتی بەرگریی رووسیادا گوتی: ستراتیژیەتەکە مۆرکی هێرشکردنی پێوەیە، ئەگەر بە زمانێکی دیپلۆماسی باسی بکەین، بەڵام بە زمانی سەربازی ئەوا مۆرکێکی دوژمنکارانەی هەیە و بەهەندی وەردەگرین، جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستبوون لەنزیکەوە بە بەدواداچوونی گۆڕانکارییەکانی هاوسەنگیی هێزەکان لە جیهاندا، بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆریای باکووردا، پوتین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای تۆمەتبار کرد کە پەیماننامەی چەکی ئەتۆمی مەوداناوەندی پێشێلکردووە، ئاماژەشی بەوەکرد کە تاقیکردنەوەکانی ئەمریکا لە سیستەمی مووشەکی بەرگریدا، دەریدەخەن کە واشنتۆن تەکنەلۆجیای قەدەغەکراوی مووشەکی بەکارهێناوە.

وتەبێژ بە ناوی سەرۆکایەتیی رووسیا دێمتری بیسکۆف ستراتیژیەتی تازەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکای بەوە وەسفکرد کە مۆرکی ئیمپریالّی هەیە، هەروەها واشنتۆن حەزناکات دەستبەرداری بیرۆکەی جیهانی تاکجەمسەر بێت و جیهانی فرەجەمسەر قبووڵ ناکات، ئەو روونی کردەوە کە مۆسکۆ هەموو ئەو تۆمەتانەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە رەتدەکاتەوە کە رووسیای بەوە داناوە گوایە هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بیسکۆف ئاماژەی بە بوونی ئەو بەشە ئەرێنییەی بەڵگەنامەکە کرد تایبەت بە هاوکاری لەگەڵ رووسیا لەو بوارانەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەگونجێن، هەروەها گوتی: ئێمەش لە شێوازەکانی هاوکاری دەگەڕێین لەگەڵ واشنتۆن لەو بوارانەی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانماندا دەگونجێن، لەلای خۆشیەوە چین لە ١٩ی دیسەمبەردا نارەزایی دەربڕی بەرامبەر ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانیی ترەمپ و بەوە وەسفیکرد کە تەحەددایە بۆ هێزی ئەمریکا، هوا چونینگ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چین لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا گوتی: هەر دەوڵەتێك یان هەر راپۆرتێك راستییەکان بشێوێنێت، ئەنجام وەدەست ناهێنێت، هەروەها گوتی: هانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدەین کە ئەو شێواندنە بەئەنقەستە رابگرێت بەرامبەر ستراتیژیەتی چین و واز لە چەمکە کۆنەکان بهێنێت وەك عەقڵییەتی شەڕی سارد، چونکە زیان بە خۆی و بە ئەوانی دیکە دەگەیەنێت، هاوکات چین هەرگیز هەوڵنادات لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکە پەرەبسەنێت، لە هەمان کاتدا دەستبەرداری ماف و بەرژەوەندییە رەواکانمان نابین.

دەربارەی ئەوەی کە راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە کە چین و رووسیا دوو رکابەرن و هەوڵدەدەن بارودۆخی ئێستا بگۆڕن کە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندایە و دواتر کاریگەرییان هەیە بۆسەر ئاسایشی ویلایەتە یەکگرتووەکان و لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی سیستەمی جیهانی کە واشنتۆن پێکیهێناوە، دایفید دولار کە توێژەرێکی دیارە لە پەیمانگەی برۆکینگز ئاماژە بەوەدەکات کە ئەمە گۆڕانکارییە لە رێبازی ئیدارەی پێشوو، کە هاوکاری لەگەڵ چین بەرز نرخاندووە پەیوەست بە رێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا و رێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانی، هەروەها گوتی: ستراتیژیەتەکە بناغەی رێوشوێنی پاراستن دادەنێت دژی داهات و وەبەرهێنانەکانی چین، بەڵام ئەمە تەنیا ستراتیژیەتە، دەمێنێتەوە بزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکان رێکاری قورسی پاراستن

جێبەجێدەكات.

(هیس)ی توێژەر پێیوایە كە پێویستە ركابەرییەكە دژایەتی، یان هەڕەشەی تێدا نەبێت، هاوكات ئەو تەحەدایەی رووبەڕووی چین و ویلایەتە یەكگرتووەكان دەبێتەوە بریتییە لە ئیدارەدانی ركابەرییەكە بەو ڕێگەیەی كە مەترسی ململانێ كەمدەكاتەوە، ئاماژەشی كرد بەوەی كە پێویستە ویلایەتە یەكگرتووەكانیش هاوكاری لەگەڵ چین بەهێزبكات بۆ یارمەتیدان لە رووی بەدیهێنانی هاوسەنگیی نێوان توخمەكانی ركابەریی پەیوەندییە دووقۆڵییەكان.

بە دیدی ماهافی، پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكان و چین پەیوەندییەك نییە كە بچێتە خانەی چەمكەكانیشەڕی سارد تایبەت بە ركابەریی زلهێزەكان، هەروەها گوتی: ئەو دوو دەوڵەتە پەویەندیی زۆر ئاڵۆزتریان لە سەردەمی شەڕی سارددا هەیە، زۆر لەو تەحەدییە جیهانیانەش پێویستیان بە هاوكاریی چین و ئەمریكا بۆ بەدیهێنانی سەركەوتن هەیە.

لە لێكۆڵینەوەیەكی جێمس جێفری باڵیۆزی پێشووتری ئەمریكا لە بەغدا كە پەیمانگای واشنتۆن بڵاویكردەوە، ئەو باڵیۆزە پێیوایە كە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریكا پێویستە لە سەرەتادا وەڵامی سێ پرسیاری بنەڕەتیی بداتەوە:

* ئەو دیدگا میحوەرییە چییە دەربارەی دەستتێوەردانی ئەمریكا لە جیهان؟

*ئەو ئامرازو سیاسەتە گشتییانە چین كە بۆ بەهێزكردنی ئەو دیدگایە بەكاردەهێنرێن؟

* چۆن ئەو دوو توخمەی پێشوو (ئەگەر بكرێت) جیاوازدەبن لە بەڵگەنامەكانی پێشوو تایبەت بە ستراتیژییەكانی ئاسایشی نیشتمانی؟

بەڵام ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی تایبەت بە ئیدارەی ترەمپ لە رادەبەردەرە بە شێوەیەك كە وەڵامی پرسیاری یەكەم پەیوەستە بەوەڵامدانەوەی دواپرسیار.

جیمس جیفری دەشڵێت: قەناعەتێك هەیە بەوەی كە ستراتیژیەتە تازەكە لە خودی سەرۆكەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە زۆر گرنگترە لەو بەڵگەنامانەی كە رەنگە بە شێوەیەكی ناسیستماتیك دەرچوونە، چونكە ترەمپی پاڵێوراو و سەرۆك زۆرجاران ئەو پرسیارانەی وروژاندووە دەربارەی ناوەڕۆكی جەوهەریی دەستتێوەردانی ئەمریكا لە جیهان.

بە بۆچوونی جیفری ستراتیژیەتی ترەمپ بۆ ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریكا جەختدەكاتەوە لەسەر رۆڵی نەریتی ئەمریكا لە سیاسەتی جیهانی و پێیوایە كە هێزی ئەمریكا تەنیا لە بەرژەوەندییە زیندووەكانی تایبەت بە گەلی ئەمریكا بەرجەستە نییە، بەڵكو لە بەرژەوەندییەكانی ئەوانەی لە جیهاندا دەیانەوێت ببنە شەریكی ویلایەتە یەكگرتووەكان، بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی و ئاواتە هاوبەشەكان.

ئەو بیرۆكەیەی لە ستراتیژیەتی تازەی ئەمریكادا هاتووە بە دیدی (جیمس جیفری) بریتییە لە تێڕوانینێكی جیهانی ئاماژە بە سەردەمی زلهێزانی سەدەی نۆزدەیەم، بۆ نموونە ئەو بۆچوونە جەختدەكاتەوە كە ركابەریی سەر هێز بەردەوامیی بنەڕەتییە لە مێژوودا، ماوەی ئەم سەردەمەش جیاواز نییە، ناكرێ دیپلۆماسییەت فەرامۆش بكرێت، بەڵام پێویستە هەیكەلبەندییەكەی دووبارە ببێتەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی ركابەری لەم ژینگەیەداو باوەڕهێنان بە بیركردنەوەی ركابەریی، ئەمەش زۆر دوورە لە دیپلۆماسییەت بەو ناوەی كە سیستەمێكی هەرەوەزیی جیهانی رێكدەخات و بەڕێوەی دەبات.

بەڵام تاچەند ئەم سیاسەتەی ئەمریكا بە كردەنی دەگۆڕێت؟

گرنگترین ئەنجام كە دەكرێ لەو ستراتیژیەتەی ترەمپ هەڵێنجرێت، بریتییە لە راگەیاندنی هەڵوێستی فەرمیی ئیدارەی ئەمریكا دەربارەی ئەو ستراتیژیەتەی پەیڕەوی دەكات كە دوو شتی دژبەیەكی تێدایە:

* دیدگای میحوەری كە تا رادەیەكی زۆر لە جەختكردنەوە لە سیتەمی جیهانی لادەدات وەك ئیدارەكانی پێشوو.

* كۆمەڵەیەك بەها هەروەها كاری ئاسایی كە دەبێت خزمەتی ئەم سیستەمە جیهانییە بكات.

ئەگەر ئیدارەی ئەمریكا پابەندبێت بە هەموو ستراتیژییەكە، وەك جیفری شرۆڤەی دەكات، ئەوا لەگەڵ پرۆگرامەكانی سیاسەتی نەریتیدا رێدەكات كە لە ماوەی حەفتا ساڵی رابدوودا پەیڕەوكراوە، بەڵام بێ هیچ پاساوێكی پێویست سەرتاپاگیر كە هانی ئەمە بدات لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و تەنانەت دەنگۆی بناغە بنەڕەتییەكان لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەوڵدان بۆ داماڵینی هەوڵەكانی ئەم ستراتیژیەتە لە هەستی نەتەوەیی ئەمریكا كە جەختدەكاتەوە لەسەر:

* پاراستنی گەلی ئەمریكا و خاكی نیشتمان و شێوازی ژیانی ئەمریكا.

* بەهێزكردنی بووژاندنەوەی ئەمریكا.

* پارێزگاریكردن لە ئاشتی بە رێگەی هێز.

* بەرەوپێشبردنی دەستڕۆیشتوویی ئەمریكا.

جیفری كۆتایی بە تێبینییەكانی دێنێت و دەڵێت: ئەو

**لە سەرەتای دیراسەكەدا رۆژنامەكە دەڵێت: ناوونیشانی وتارەكە فەرامۆش بكەن، ئەوەی ترەمپ كردی ستراتیژیەت نییە، ئاسایشی نیشتمانیی ویلایەتە یەكگرتووەكان ناپارێزێت**

**فلادیمێر پوتین-ی سەرۆكی رووسیا رۆژی هەینی باسی ستراتیژیەتی تازەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریكای كرد و «دوژمنكارانە» ناوی برد. لە وتەیەكدا لەمیانی كۆبوونەوەی وەزارەتی بەرگریی رووسیادا گوتی: ستراتیژیەتەكە مۆركی هێرشكردنی پێوەیە، ئەگەر بە زمانێكی دیپلۆماسی باسی بكەین، بەڵام بە زمانی سەربازی ئەوا مۆركێكی دوژمنكارانەی هەیە و بەهەندی وەردەگرین**

**وتەبێژ بە ناوی سەرۆكایەتیی رووسیا دێمتری بیسكۆف ستراتیژیەتی تازەی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكای بەوە وەسفكرد كە مۆركی ئیمپریاڵی هەیە، هەروەها واشنتۆن حەزناكات دەستبەرداری بیرۆكەی جیهانی تاكجەمسەر بێت و جیهانی فرەجەمسەر قبووڵ ناكات**

**بە دیدی ماهافی، پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و چین پەیوەندییەک نییە کە بچێتە خانەی چەمکەکانیشەڕی سارد تایبەت بە ڕکابەریی زلهێزەکان، هەروەها گوتی: ئەو دوو دەوڵەتە پەویەندیی زۆر ئاڵۆزتریان لە سەردەمی شەڕی سارددا هەیە، زۆر لەو تەحەدییە جیهانیانەش پێویستیان بە هاوکاریی چین و ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن هەیە**

**ڕاپۆرتی ستراتیژی بە دڵنیاییەوە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست دەدات کە نەبێتە پەناگەو زەمینەیەکی بەپیت بۆ جیهادییە تیرۆریستەکان و هیچ هێزێکی دژ بە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتیان تێدا نەبێت، هەروەها کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەند ساڵێک پەیوەست بوون بە فراوانخوازیی ئێرانی، هەرەسهێنانی دەوڵەت لە ناوچەکەدا، ئایدیۆلۆجییەتی جیهادی، پووکانەوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری، ڕکابەرییە ئیقلیمییەکان**

خشتە درێژەی کارە دیاریکراوەکان کە پشتیوانیی لەو بناغانە دەکات زۆر ئاشکرایە، وێڕای جەختکردنەوەی زۆر لەسەر لایەنە سەربازی و ئابوورییەکان لەگەڵ هەڕەشەی بەردەوامدا.

(٣)

### ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی کورد لە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکایی ئیدارەی ترەمپدا

ستراتیژیەتە تازەکەی ئیدارەی ترەمپ بەخێرایی باسی زۆر کێشەو پرسی جیهانی و ئیقلیمی کردووە لەوانە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەی کورد (بەتایبەتیش قەیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا).

ڕاپۆرتی ستراتیژی بە دڵنیاییەوە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ویلایەتە یەککگرتووەکان هەوڵی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست دەدات کە نەبێتە پەناگەو زەمینەیەکی بەپیت بۆ جیهادییە تیرۆریستەکان و هیچ هێزێکی دژ بە ویلایەتە یەککگرتووەکان دەسەڵاتیان تێدا نەبێت، هەروەها کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ چەند ساڵێك پەیوەست بوون بە فراوانخوازیی ئێرانی، هەرەسهێنانی دەوڵەت لە ناوچەکەدا، ئایدیۆلۆجییەتی جیهادی، پووکانەوەی کۆمەڵایەتی-ئابووری، ڕکابەرییە ئیقلیمییەکان.

ویلایەتە یەککگرتووەکان لەوە گەیشت کە هیچ ئومێدێك بۆ هەنگاونان بەرەو دیموکراسی لە ئارادا نییە، یان لێی جیابێتەوە تا لە کێشەکانی ناوچەکە دووری خاتەوە، بۆیە پێویستە واقیعی بین، ڕاپۆرتەکەی ستراتیژی ئەمریکا جەختدەکاتەوە لەسەر پێشبینییەکانمان لە ناوچەکە و ڕەشبین نەبوون بۆ شاردنەوەی هاوپەیمانی و بۆچوونەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەدا، بەڵام تائێستا ناوچەکە پێگەی مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستییە لە جیهاندا.

سەبارەت بە ئێران لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران دەوڵەتی پێشەنگە لە چاودێریکردنی تیرۆر لە جیهاندا و سوودی لە سەقامگیرنەبوونی ناوچەکە وەرگرتووە بۆ فراوانکردنی هەژموونەکەی لە ڕێی شەریك و بریکارەکانی و بڵاوکردنەوەی چەك و پارەدارکردندا، ئێران بەردەوامە لە پەرەپێدانی توانای مووشەکە بالیستییەکان و هەواڵگری و درێژەش بە چالاکییە ئەلکترۆنییە زیانبەخشەکان دەدات، ئەم چالاکییانە بێ باکانە لەوەتەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە ٢٠١٥وە بەردەوامن، تائێستاش ئێران لە ڕووی توندوتیژییەوە لە ناوچەکە کارایە، ئەمەش بۆتە هۆی زیانگەیاندن بە دانیشتووانی سڤیل، دەوڵەتانی ڕکابەریش ئەو بۆشاییانە پڕدەکەنەوە کە لە ئاکامی هەرەسهێنانی دەوڵەت و بەردەوامیی ململانێی ئیقلیمی هاتوونەتە ئاراوە.

سەرباری ئەو تەحەدییانەش ڕاپۆرتەکە دووپاتی دەکاتەوە کە چەندین دەرفەت تایبەت بە بایەخدان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاتوونەتەپێش، هەروەها هەندێ لە شەریکەکانی ئەمریکا ئەوانەی لەگەڵیدا کاردەکەن لەرووی ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژییەتە پەڕگیرەکان و کردەوە توندوتیژییەکان، هەروەها بۆ سەقامگیریی سیاسی. ئەمڕۆ ویلایەتە یەککگرتووەکان هەلی بۆ ڕەخساوە تا هاوکاریی زیاتری سیاسی و ئابووری پەرەپێبدات کە دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانیی ئەو لایەنانەی دەیانەوێت ببنە شەریکمان لە ڕێی کاراکردنەوەی شەراکەتەکان لەگەڵ دەوڵەتانی خاوەن بیرکردنەوەی چاکسازی و هاندانی هاوکاریی نێوان شەریکەکان لە ناوچەکەدا، ئەمەش یارمەتی ویلایەتە یەککگرتووەکان دەدات سەقامگیریی بەهێزبکات و هاوسەنگیی لەنێو ئەو هێزانە بێنێتەدی کە بەرژەوەندیی ئەمریکایان دەوێت.

ڕاپۆرتی ستراتیژی ئەولەویاتی کارکردن ڕووندەکاتەوە کە لەم هەنگاوانەدا دەردەکەون:

لە بواری سیاسی: ویلایەتە یەککگرتووەکان حەزدەکات شەراکەت لە جۆری تازە بەهێزبکات لەپێناو ئاشتیی باشتر لەمیانی سەقامگیریدا. کاتێکیش ئەو دەرەفەتە هەڵدەکەوێت ویلایەتە یەککگرتووەکان هانی چاکسازییەکان دەدات و پشتگیریی لە هەوڵەکان دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی ئایدیۆلۆژی و ڕێزگرتنی زیاتری کەرامەتی تاك. ویلایەتە یەککگرتووەکان یارمەتی هاوپەیمانەکانی دەدات بۆ هێنانەکایەی سەقامگیری لە ناوچەکەدا و لەوانەش پابەندبوون لەهەمبەر ئەنجومەنێکی بەهێزو یەککگرتووی هاریکاریی کەنداو، هەروەها کاردەکات بۆ بەهێزکردنی شەراکەتێکی ستراتیژیی درێژخایەن لەگەڵ عێراق وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

لە بواری ئابووری: ویلایەتە یەککگرتووەکان پشتگیریی لە چاکسازییەکانی ئێستا دەکات بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتی نایەکسانی کە تیرۆریستان دەیقۆزنەوە، هانی دەوڵەتانی ناوچەکەش دەدات لەوانە میسرو سعودیە بۆ بەردەوام تازەکردنەوەی ئابوورییەکانیان.

لە بواری سەربازی و ئاسایش: ویلایەتە

یەکگرتووەکان پارێزگاریی لە بوونی سەربازیی پێویست دەکات لە ناوچەکە بۆ پاراستنی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە هێرشی تیرۆریستان و پارێزگاریکردن لە هاوسەنگیی هێز، هاوکات یارمەتی هاوپەیمانەکانی دەدات لە بەهێزکردنی دامەزراوەکانی لەوانەش لە بواری جێبەجێکردنی یاسا، یارمەتی شەریکەکانیشی دەدات لە کڕینی مووشەکی بەرگری و توانای دیکەی بەرگری بەشێوەیەکی باشتر دژی هەڕەشە مووشەکییەکان و کاریش دەدات بە هاوکاری لەگەڵ شەریکەکان بۆدوورخستنەوەی چالاکییە قێزەونەکانی ئێران لە ناوچەکەدا.

بەڵام پێگە وشوێنی دۆزی کورد و قەیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق چییە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا لەنێو ستراتیژیەتی ئەمنیی نیشتمانیی تازەی ئەمریکا؟

دۆزی کورد بەستراوتەوە بە کێشە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەبووایە باس بکرایە لە میانی ڕاپۆرتەکەدا و لەو بوارەی کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی ئاماژەی پێی کراوە، بەڵام ئەم شتە ڕووی نەداو ڕاپۆرتەکە لەنزیک و لە دوور باسی کوردو دۆزەکەی نەکردووە، ئەمە مانای چییە؟

کورد لە بیرکردنەوەو وەهمیاندا خۆیان وەك هاوپەیمانێکی بەهێزی ئەمریکییەکان دەزانن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای ئەمریکییەکان دەنگدانەوەی نییە، هاوپەیمانە واقیعییەکانی ئەمریکا بە پلەی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا (جگە لە ئیسرائیل) بریتین لە:عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو و تا ڕادەیەکیش عێراق و تورکیا، لێرەدا کوا پێگەی کورد؟

پێگەی کورد لە سیاسەتی جیهانیدا بریتیە لە پێگەیەك کە دەکرێ پێی بگوترێ حاڵەتی (گومان Uncertainty) بەم شێوەیە پێگەی کورد لەنێوان دەوڵەتان و هێزە کاریگەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناجێگیرە، چونکە کورد ڕۆڵی گرنگ وەك هێزێکی کاریگەر ناگێڕن، بەڵکو پرسی کورد دەبێتە پرس، یان دۆزێك لە نێوان بەرژەوەندییەکانی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ناجێگیر دەبێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمیشە بەدوای بەرژەوەندییەکانیدا دەگەڕێت، (ئەمەش شتێکە ڕاپۆرتی ستراتیژی دووپاتی دەکاتەوە) دواتر ئەم پرسیارە دێتەئاراوە: ئایا کورد بە نیسبەت ئەمریکاوە دەبێتە بەرژەوەندیی ستراتیژی بە شێوەیەك ئەوان قوربانیی بە بەرژەوەندییە باڵاکانیان دەدەن لە ناوچەکە لە پێناو ئەواندا؟ یان لانیکەم شێوەی هاوپەیمان و شەریك وەك ئەوانی دیکە یان کەمتر لەوان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن؟

وەڵامی ئەمە بە ڕوونی لای ڕاپۆتەکەیە لە ڕووی باس نەکردنیان یان ناونەهێنانیان بە شتێك لەنێو ستراتیژیەتی تازەی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، پاشان لێکدانەوەی ئەم دۆخە وەك (فەرامۆشکردن)ی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی نێودەوڵەتی، یان ئیقلیمیدا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە دادیەڕێژێتەوە، لەنێو ئەم دۆخە تەمومژاویەدا لەسەر کورد پێویستە دۆخێك بێننەکایەوە کە بەو لایەدا کە بێت گرنگی بە بەرژەوەندییەکانیان بدرێت، ئەمەش مەگەر بەپێی دەرهاویشتەکان بێتە ئاراوە، بەلای کەم ئەمانە بگرێتەوە:

* خوێندنەوەیەکی لەسەرخۆی مێژوو و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان (لەم ڕووەوە مێژوونووسی ناوداری ڕۆمانی سنیکا کە ساڵی ٦٥ کۆچی دوایی کردووە ئاگاداری کردووینەتەوە کە ئەوەی مێژووی نەخوێندبێتەوە، هەمیشە وەك منداڵێکی بچووك دەمێنێتەوە).

* دیاریکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد و دواتر بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

* دوورکەوتنەوە لە دیماگۆجییەت لە گوتاری سیاسیدا و پەنابردن بۆ عەقڵانییەتی واقیعی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە جەوهەرییەکانی سیاسەت.

* بوارادان بە مەڵبەندەکانی دیراسات و توێژینەوە و هاندانیان بۆ گفتوگۆکردن و شرۆڤەکردنی ئەو کێشانە بەپێی دیدگایەکی ڕەخنەگرانە بە شێوەیەك ببێتە هۆی ئەوەی کە دەستەبژێری فیکری ڕۆڵی میحوەری خۆیان ببینن.

**(٤)**

لەکۆتاییدا، ناکرێ حوکم و هەڵسەنگاندن لەسەر ستراتیژیەتە تازەکە بدرێت مەگەر لەمیانی چاودێری و بەدواداچوونی ئەوەی تاچەند سەرۆك ترەمپ و ئیدارەکەی بە تەواوی پێوەی پابەند دەبن، جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ستراتیژیەتەکە بە وردیی مانای ئەوەیە کە جیهان نموونەیەکی تایبەتی ئیدارەی ترەمپ دەبینێت لە بواری جێبەجێکردنی سیاسەتی نەریتی دەرەوەی ئەمریکا، لەکاتێکدا کە لادان لە ستراتیژیەتەکە و شێواندنی مانای هێنانەوەی پاساوگەلە ( کە بە تەواوی لە ڕاپۆرتی ستراتیژیدا هەیە)، دەربارەی داڕشتنەوەی بەرنامەیەکی تەواو جیاواز کە لەگەڵ ناوەڕۆکی ستراتیژیەتەکە پێکناکۆکە.

**دۆزی کورد بەستراوتەوە بە کێشە ئاڵۆزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەبووایە باس بکرایە لە میانی ڕاپۆرتەکەدا و لەو بوارەی کە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی ئاماژەی پێی کراوە، بەڵام ئەم شتە ڕووی نەداو ڕاپۆرتەکە لەنزیک و لە دوور باسی کوردو دۆزەکەی نەکردووە**

**سەبارەت بە ئێران لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران دەوڵەتی پێشەنگە لە چاودێریکردنی تیرۆر لە جیهاندا و سوودی لە سەقامگیرنەبوونی ناوچەکە وەرگرتووە بۆ فراوانکردنی هەژموونەکەی لە ڕێی شەریك و بریکارەکانی و بڵاوکردنەوەی چەك و پارەدارکردندا، ئێران بەردەوامە لە پەرەپێدانی توانای مووشەکە بالیستییەکان و هەواڵگری و درێژەش بە چالاکییە ئەلکترۆنییە زیانبەخشەکان دەدات**



**د.محەمەد شەریف** پسپۆڕ لە شەریعەت و یاسا بۆ گوڵان:

# گرنگترین شت ئەوەیە تەسلیمی عێراق نەبین و دڵنیام سەرۆک بارزانی جڵەوگیریی بارودۆخەکە دەکات و ڕێگە نادات ئەو حاڵەتە ڕووبدات

**ڕاستە ئێمە ئێستا خاوەن دەوڵەت نین، بەڵام هێشتا دۆستێکی باشمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیە و گرنگە دڵی دۆستەکانمان ڕابگرین**

**دەبێت سوپاسی سەرکردایەتیی سیاسی و ئەو حزبە سیاسییانەی خۆمان بکەین کە لە کوردستاندا دەسەڵاتیان هەبووەو ڕێگەیان نەداوە مەزهەبگەرایی بڵاوبێتەوە و پەرەبسێنێت**

**پسپۆڕانی ئایینی کێشە و ململانێی نێوان شیعە و سوننە بۆ سەردەمی دوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ) و پرسی و خەلافەت دەگێڕنەوە، کە چەندین شەڕی خوێناوی لێکەوتووەتەوە و تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ناکۆکی و گرژییەکانی نێوان ئەو دوو مەزهەبە لە قۆناغی جیا و بە ئاستی جیاواز بەردەوام بووە، زەقبوونەوەشی بە دامەزرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە گرێ دەدەن. پرسی ئەو ململانێیە دێرینە و دەستڕۆیشتوویی و باڵادەستیی ئێران لە عێراق و ڕۆڵی ئەمریکا لەو بوارەدا، هەروەها پێشێلکردنی دەستووری فیدراڵی و بەکارهێنانی میلیشیا و هێزی سەربازی لە دژی هەرێمی کوردستان و ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران و چەند پرسێکی هەنووکەیی، تەوەرەکانی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ د.محەمەد شەریف پسپۆڕ لە شەریعەت و یاسا پێکدەهێنن.**

*** وەك ئێستا دەیبینین، پێناچێت ململانێی نێوان شیعە و سوننە بە ئاسانی کۆتایی بێت، پرسیار ئەوەیە ئایا کێشەی سەرەکیی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سوننە چییە؟**

- کێشەی نێوان شیعە و سوننە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای کۆچی دوایی پێغەمبەر ( د.خ)، لەبەر ئەوەی موسڵمانان بوونە دوو بەش، بەشێکیان پێیان باش بوو کە ئیمامی عەلی (خ.ل) ببێتە خەلیفە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی لە هەمووان نزیکترە لە پێغەمبەر (د.خ)، بەڵام ڕای ئەمە لەلایەن زۆرینەی موسڵمانانەوە لەبەر چەندین هۆکار ڕەتکرایەوە، لەوانە:

١- ئیمامی عەلی (خ.ل) گەنج بوو، عەرەبەکانیش ڕازی نەدەبوون گەنجێك ببێتە سەرۆکیان.

٢- بەشێکی زۆری ئەو موسڵمانانەش کە تازە ببوونە موسڵمان، باوك و کەسوکاریان لەشەڕی بەدر بە دەستی ئیمامی عەلی (خ.ل) کوژرا بوون، بۆیە ئەوانیش ئیمامی عەلی-یان ڕەتدەکردەوە.

٣- بەهێزیی کەسایەتیی ئەبوبەکری سەدیق و عومەری کوڕی خەتاب کە هەردووکیان خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بوون.

ئەم خاڵانە بوونە هۆکاری ئەوەی کە ئیمامی ئەبوبەکر (خ.ل) بکرێتە خەلیفە و دوای ئەویش ئیمامی عومەری کوڕی خەتاب (خ.ل)، تەنانەت ئیمامی عەلی لەگەڵ ئەوەی ئیمامی ئەبوبەکری قبووڵ بوو، بەڵام لە ناخدا پێی خۆش بوو خۆی ببێتە خەلیفە، لە سەردەمی هەردوو خەلافەتی ئەبوبەکر و عومەردا، ئیمامی عەلی وەزیر بووە، بۆیە ئەم پرسە مایەوە هەتا ئیمامی عوسمانی کوڕی عەفان وەك خەلیفەی سێیەمی موسڵمانان کوژراو پاشان ئیمامی عەلی بووە خلیفەی چوارەمی موسڵمانان.

*** کەواتە کێشەکە لە بوونی ئیمامی عەلی (خ.ل) بە خەلیفە دەستی پێکرد؟**

- بەڵێ، کاتێك ئیمامی عەلی بووە خەلیفە، ئەمەوییەکان لە دیمەشق بە سەرۆکایەتی مەعاویە بەیعەتیان بە ئیمامی عەلی نەدا، بۆیە لەو کاتەوە کێشە لەنێوان گرووپەکەی ئیمامی عەلی و ئەمەوییەکان دروست بوو، ئەوجا ئەم کێشەیە وەك کێشەی خێڵایەتی لێهات، پاشان لەسەردەمی ئیمامی جەعفەری سادقەوە کە یەکێکە لە ئیمامەکانی شیعە، بۆتە مەزهەب، بەم مەزهەبەش دەگوترا (مەزهەبی ئەهلی بەیت)، هەروەك چۆن لە سوننەشدا مەزهەبەکانی (شافعی و حەنەفی و. هتد) هەیە، شیعەش مەزهەبی ئەهلی بەیتی هەیە، ئەم مەزهەبە بەرەو پێشەوە چووە و بەردەوام و هەتا ئێستا وەك قوتابخانەی شیعە لە هەموو سەردەمەکان هەبووە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین، دەرکەوتنی مەزهەبی شیعە لە شەهیدکردنی ئیمام حوسێن (خ.ل) دەست پێدەکات؟**

- ئەو شەڕەی ئیمامی حوسێنی تێدا کوژراوە، پەیوەندی بە سوننە و شیعەوە نەبووە، بەڵکو ئەو شەڕە شەڕێکی سیاسی بووە، دژی زەیدی کوڕی مەعاویە و مەبەست لێی گۆڕانکاری بووە، ئیمامی حوسێن بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد، کە زەید ئایینەکەی باپیری ئەوی گۆڕیوە، دادپەروەری نییە و ماف خوراوە، بۆیە ئیمامی حوسێن شۆڕشێکی بەرپاکرد، بۆ ئەوەی ئایینەکە بگێڕێتەوە بۆ ماف و دادپەروەری، بەڵام ئەوە بوو شەڕ دروست بوو، پاشان کوشتیان، ڕاستە لەو کاتەوە ئەو فیتنەیە دروست بووە، بەڵام ئەم پرسە کۆتایی هاتبوو، لەبەر ئەوەی شیعە ١٢ ئیمامی هەیە، لەدوای ئەم ١٢ ئیمامەوە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت چاوەڕێی ئیمامی مەهدی بکەن و هەتا ئەو پەیدا نەبێت، شیعە دەوڵەتی نابێت، ئەوجا لەبەر ئەوەی مەزهەبی شیعە لە چاوەڕوانیی ئیمامی مەهدیدا شەڕی دەسەڵاتی نەکردووە، ئەوا هەرگیز شیعە جێگەی مەترسی نەبووە، بەڵام کاتێك ئایەتوڵڵا خومەینی لە ئێران هەڵات و لەشەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتە عێراق، بیرۆکەیەکی تازەی داهێنا، بەوەی چۆن

**ئەو ریفراندۆمەی کردمان و هەمووومان دەنگمان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا، دەستکەوێتکی گرنگە و وەک دیکۆمێنتێک هەر دەمێنت و جێگەی خۆی دەگرێت و بووەتە بناخەیەک بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دەوڵەتی خۆمانی لەسەر بونیاد بنێین**

**گرنگترین شت ئەوەیە ئێمە تەسلیمی عێراق نەبین، سەبارەت بەم خاڵە من دڵنیام لەوەی جەنابی سەرۆک بارزانی جڵەوگیریی بارودۆخەکە دەکات و ڕێگە نادات ئەو حاڵەتە ڕووبدات، ڕاستە ئێمە ئێستا دەوڵەت نین، بەڵام هێشتا دۆستێکی باشمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیەو گرنگە دڵی دۆستەکانمان ڕابگرین**

**پێمانوابوو ئەردۆگان بتوانێت سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات و لە هەر شوێنێک زوڵم لە موسڵمانانی (سوننە) کرا، ئەو بەرگرییان لێ بکات، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو، بەتایبەتی ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەر کوردا هات، هەڵوێستی تورکیا باش نەبوو، لەمەش زیاتر زەرەرمەندی سەرەکی خودی تورکیا بوو، هەروەها لە عێراقدا سوننە بە کورد و عەرەبەوە شکستیان بەسەردا هات و لە کەرکووکیش ئەوەی ئەو بەنیاز بوو کە تورکمان باڵادەست بێت، بەڵام ئێستا هەتا ئەگەر تورکمانیش باڵادەست بێت، تورکمانی شیعە دەبێت، نەک سوننە**

**ئەم خۆپیشاندانانەی ئێران وەرچەرخانێک دروست دەکەن کە ئیدی ئێران بەو ئاستە دەستکراوە نابێت کە بتوانێت لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرچی بیەوێت بیکات، لەمەش زیاتر سنووری بۆ دادەنرێت**

دەبێت هەتا هەتایە شیعە چاوەڕێی ئیمامی مەهدی بکات و دەوڵەتی نەبێت، بۆیە بیرۆکەی (ویلایەتی فەقیهی) داهێنا، ئەمەش مانای ئەوەیە (فەقیە) جێگەی ئیمام دەگرێتەوە و خۆیشی کردە (وەلی فەقیە)، واتە دەبێتە جێنشینی ئیمامی مەهدی، لە ئێستاشدا عەلی خامەنەئی کە وەلی فەقیهە، مانای ئەوەیە لە جێگەی ئیمامی مەهدیە، ئەم بیرۆکەیە حیلەیەکی شەرعی بوو بۆ ئەوەی شیعە دەوڵەت دروست بکەن، بە کردەوەش خومەینی توانی ئەم بیرۆکەیەی خۆی سەربخات و شای ئێران لاببات و کۆماری ئیسلامیی ئێران دابمەزرێنێت.

*** ئایا بیرۆکەی (ویلایەتی فەقیە) تەنیا بۆ شیعەی فارس و ئێرانە، یان شیعەی عێراق و وڵاتەکانی دیکەش دەگرێتەوە؟**

- بێگومان بیرۆکەی (ویلایەتی فەقیە) بۆ هەموو شیعەی جیهانەو لەسەرەتادا بەشی هەرە زۆری شیعەی عێراقیش پشتگیرییان لەم بیرۆکەیە کرد، بۆیە سەدام حوسێن جیا لەوەی خومەینی لە عێراق دەرکرد، لەهەمانکاتدا هەر مەرجەعێکی شیعی لە عێراقدا هەوڵی بۆ دامەزراندنی ویلایەتی فەقیە بدایە، یان گومانی ئەوەی لێ بکردایە کە هەوڵی بۆ دەدات، دەیگرت و لە سێدارەی دەدا، لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە، بێگومان دروشمی سەرەکیی شۆڕشی ئیسلامی ئەوە بووە کە ئەو شۆڕشە هەناردەی هەموو ئەو ناوچانە بکات کە شیعەی لێیە، دیارە نزیکترین شوێنیش عێراقە، بۆیە ئێران هەوڵدەدات ئەزموونی ویلایەتی فەقیهی تێدا دووبارە بکاتەوە، دوای عێراقیش هەوڵیداوە لە لوبنان و دەوڵەتانی کەنداویش بڵاوی بکاتەوە.

*** ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵینەداوە، فیکری شیعەگەرایی (ویلایەتی فەقیە) لە کوردستانی باشوور بڵاو بکاتەوە؟**

- من بەش بەحاڵی خۆم سەبارەت بەم پرسە، هەموو جارێك گوتوومە کە دەبێت ئێمە سوپاسی ئەو سەرکردایەتییە سیاسییە و ئەو حزبە سیاسییانەی خۆمان بکەین کە لە کوردستاندا دەسەڵاتیان هەبووە و ڕێگەیان نەداوە مەزهەبگەرایی بڵاوبێتەوە و پەرەبسێنێت، ڕاستە حزبە کوردستانییەکان دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، بەڵام بواری ئەوەیان نەداوە باڵی شیعەگەرایی لە کوردستان بەگشتی و لە هەولێر بەتایبەتی بڵاو ببێتەوە، ئەگەر بەراوردێك لەنێوان کوردستان و لوبنان بکەین، ئەوا بە ڕاشکاوی دەبینین کە بەهۆی بڵاوکردنەوەی ڕەوتی شیعەگەرایی ئێران، نیوەی زیاتری لوبنانیان کردۆتە شیعە، لە ئەفریقیا زانکۆی شیعەیان دامەزراند و هەوڵیاندا لە میسر و جەزائیر و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا ئەم فیکرە بڵاوبکەنەوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی فیکری شیعەگەرایی (ویلایەتی فەقیە) لە ئایین تێدەپەڕێت و دەبێتە فیکرێکی سیاسی، ئەوا هەر کەس و لایەنێك تێکەڵی ئەو فیکرە بێت، دەبێتە پاشکۆی سیستمی ویلایەتی فەقیە کە سەرچاوەکەی ئێرانە، ئێستاش ئەگەر سەیری ئەو حزبانە بکەین وەك حزبوڵڵای لوبنانی و بەشێك لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، دەبینین ئەمانە لە ئایین تێپەڕیون و بوون بە حزبێکی سیاسی.

*** ئاشکرایە ئەو شیعانەی ئێستا لە بەغدا لە دەسەڵاتدان، پێشتر بەشێك بوون لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، دیارە بەشی زۆری حزبە شیعەکانی عێراق پێش ڕووخانی سەدام حوسێن، هەموویان هاوپەیمانی ئێران بوون، ئایا چۆن بەوە ڕازی بوون، دوای ڕووخانی سەدام حوسێن دەوڵەتێکی مەدەنی بونیاد بنێن و کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی ئێران ڕانەگەیەنن؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٠، واتە ٣ ساڵ پێش ئەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن بڕووخێندرێت، لایەنە شیعیەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وەك (ئەحمەد چەلەبی، محەمەد باقر ئەلحەکیم، عەبدولعەزیز حەکیم، د.ئیبراهیم جەعفەری، موەفەق ڕەبیعی و. هتد) بەیانێکیان بەناونیشانی (ئیعلانی شیعە) دەرکرد، ئەوکات کە من چووم بۆ لەندەن، د.مونزر فەزل کۆپیەکی ئەو ئیعلانەی دامێ، لەو ئیعلانەدا بێجگە لە لامەرکەزی هیچ شتێکی دیکەیان بە کوردستان ڕەوا نەبینی بوو، هەر ئەوکات و لەسەر ئەو ئیعلانە بە شەش بەش لە ڕۆژنامەی (ئەلزەمانی لەندەنی) وەڵامم دانەوە و بۆم نووسیبوون: ئێمە وەك کورد دەزانین ئێوەی شیعە چیتان بەسەردا هاتووە و چەند نەهامەتیتان بینیوە، بۆیە مافی خۆتانە داوای سڕینەوەی مەزڵوومییەتی خۆتان بکەن، بەڵام کورد زۆر لە ئێوە مەزڵوومتر بووە، بۆیە ئەو مافەتان نییە گەلێك مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت، ئێوە فیدراڵییەتی پێ ڕەوا نەبینن. مەبەستم لەم گێڕانەوەیە ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق، پێش ئەوەی بگەنە دەسەڵات، ئەوەی ئێستا دەیکەن، بە نووسراو هەیە و لەبەردەستە، بەڵام کە سەدام ڕووخا، بارودۆخەکە جیاواز بوو، ئەمریکا خۆی چاودێری لەسەر نووسینەوەی دەستووری عێراقی لە ٢٠٠٥ دەکرد، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ناتوانرێت عێراق بە یەکەوە بهێڵدرێتەوە ئەگەر

عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی نەبێت. دیارە مەبەست لە دیموکراتی بۆ ئەوە بوو کە هاووڵاتیانی عێراق هەموویان یەکسان بن، جەختکردنەوە لەسەر فیدراڵییەتیش بۆ ئەوە بوو کە لەناو پێکهاتەکانی عێراق بەتایبەتی (کوردو شیعەو سوننە) یەکسانی هەبێت و بە ڕێگەی کەمینە و زۆرینەی دیموکراتی مافەکانیان پێشێل نەکرێت.

*** هێماتان بۆ ئەوە کرد کە دەستووری ٢٠٠٥ بە چاودێریی ئەمریکا وەك باشترین چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق نووسرایەوە، بەڵام ئێستا حکومەتی عەبادی بەو دەستوورە دەیەوێت کوردستان لەناو بەرێت؟**

- دەستووری ٢٠٠٥ هەموو کێشەکانی عێراقی دەستنیشان کردووە و میکانیزمیشی بۆ داناوە کە چۆن چارەسەر دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چۆن دارشتنەکەی پێویستی بە چاودێریی نێودەوڵەتی بوو، بەهەمان شێوە دەبوو جێبەجێکردنەکەشی لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتی بوایە، بەڵام کە ئەمریکا نییەتی خۆی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق ڕاگەیاند، واتە چەند ساڵێك پێش ئەوەی ئەمریکا بە کردەیی هێزەکانی بکشێنێتەوە، ئیدی بە تەواوەتی چاودێری جێبەجێکردنی دەستوورەکەی نەکردو بوار بۆ لایەنە شیعیەکانی عێراق دروست بوو بۆ ئەوەی بەرەو شیعەگەرایی هەنگاو هەڵبگرن و ڕۆحی دەستوورەکە بەتاڵ بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی دەستووری عێراقیش بواری بە جۆرێك لە شیعەگەرایی داوە، بەڵام ماددەیەکی تێدا نییە کە بوار بە شیعە بدات بە تەواوەتی باڵادەست بێت و سیاسەتی عێراق بە تەواوەتی بگۆڕێت بۆ شیعەگەرایی، بەڵام کە ئەمریکا چاوپۆشی لە زۆر شت کرد، ئیدی زەمینەکە لەبار بوو بۆ شیعەگەرایی و دروستکردنی میلیشیای چەکداری شیعە و ئەوەی دوای دەرکەوتنی داعش ناویان لێنا حەشدی شەعبی، ئەم حەشدە پێش ئەوەی داعشیش دەربکەوێت بەشێکی زۆر دروستکرابوو، هەر بۆ نموونە لەساڵانی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩ ئەو کاتەی ئەمریکا ڕایگەیاند لەگەڵ عێراق ڕێککەوتن دەکات بۆ ئەوەی بکشێتەوە، ئەوە بوو نوری مالیکی هێزی بەرەو خانەقین جووڵاند، ڕۆژێکیان لە پەرلەمانی عێراق لەگەڵ حەیدەر عەبادی کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی ئابووری و دارایی بوو لە پەرلەمان پێکەوە قسەمان کرد، ئەو بە منی گوت: تۆ بیرمەندی، منیش پێمگوت: تۆش بیرمەندی، بۆ نابێت پێکەوە موناقەشەیەکی فیکری بکەین؟ لەو دانیشتنە پێمگوت: ئەو سیاسەتەی دەستان پێکردووە و پیادەی دەکەن بەرامبەر بەکورد، بە دیدی ئێمە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سیاسەتی سەدام حوسێن نییە بەرامبەر بە ئێمە، بۆیە باشترە نوری مالیکی تێبگەیەنیت و لەو سیاسەتە دوور بکەنەوە، لەبەر ئەوەی دۆستایەتی کورد لە دەست دەدەن. من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، د.حەیدەر عەبادی هەوڵێك بدات کە بارەکە ڕاست بکاتەوە، بەڵام دوای ئەو دانیشتنە مەرحەباشی لێ نەدەکرم، لەو کاتەوە بۆم دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەك لە بیرکردنەوەی عەبادی و مالیکی نییە.

*** دیارە هەندێك جار ئاماژە بەوە دەکرێت کە لە مەزهەبی شیعەدا (التقیة) هەیە، ئەمەش بەو مانایەی دەکرێت ئەمڕۆ شتێك بڵێت و سبەی لێی پەشێمان ببێتەوە، یان پێچەوانەکەی بکەن، ئایا بە ڕاستی ئەمە لە مەزهەبی شیعەدا هەیە؟**

- بەڵێ (التقیة) لە مەزهەبی شیعەدا هەیە، بەڵام (التقیة) وەك دەڵێن لەسەردەمی ئیمام جەعفەر سادق هەبووە، کە من پێموایە ڕاست نییە، پرسەکە زیاتر (التقیة)ی ئایینییە، نەك سیاسی و مامەڵەکردن، ئەمەش واتە کەسێك بەهۆی مەزهەبەکەیەوە دوچاری مەترسی دەبێتەوە، ئەگەر لێیان پرسی تۆ سەر بەو مەزهەبەی، ئەگەر بۆ خۆپاراستن گوتی نەخێر، من سەر بەو مەزهەبە نیم، بەمە گوناهبار نابێت، بێگومان ئەمە لە هەموو شوێنێك هەیە و منیش گیانم لە مەترسیدا بێت، دەڵێم من ئەو کەسە نیم، بەڵام ئەم (التقیة) بگوازرێتەوە بۆ سیاسەت و مامەڵەکردن، ئەمە دەبێتە درۆکردن و جائز نییە، هەر ئەم درۆکردنەشە کە متمانەی لە نێوان کورد و شیعە نەهێشتووە، ئەوەی لە هەمووی سەیرترە ئەوەیە کە ئێستا لایەنە شیعیەکان داوای جێبەجێکردنی دەستوورەکە دەکەن، لە کاتێکدا هەر خۆیان دەستوورەکەیان لە ڕۆحەکەی بەتاڵ کردۆتەوە، چەند ماددەیەك کە لەبەرژەوەندی خۆیانە دەیانەوێت بیسەپێنن و ئەوی دیکەی پشتگوێ دەخەن.

*** ئایا ئەوەی داوای دەکەن لە کوردستان وەك ڕادەستکردنەوەی پاراستنی دەروازە سنوورییەکان و فڕۆکەخانەکان، دەستوورییە؟ ئایا ئەوانە ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی؟**

- ئەوەی ئێستا حکومەتی عەبادی داوای دەکات کە دەبێت دەروازە سنوورییەکان لە ژێر دەسەڵاتی فیدراڵی بێت، ئەمە هەڵەیەو وا نییە، حکومەتی کوردستانیش وەڵامدانەوەی هەبووە بەوەی کە ئەم مەسەلەیە لە دەستووردا بەو شێوەیە نییە،

**دەمێکە ئەو قەناعەتەم لا دروست بووە کە باراک ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ شیعەگەرایی، زۆر جار ئەوەم گوتووە، کە دەڵێن باراک ئۆباما بە ڕەچەڵەک ئیسلام بووە، ئەوا زۆر لەوە دەچێت کە ئیسلامێکی شیعە بووبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەردوو ئیدارەی ئۆبامادا، ئێران هەرچی کرد، ئەو چاوپۆشی لێکرد و هیچ حەساسییەتی لەگەڵ سیاسەتی شیعەگەرایی نەبووە**

**سەیرە گەلانی ئێران بە گشتی و فارسەکەی بەتایبەتی ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە لە حکومەتی ئێران بێدەنگن، گەلانی ئێران پێشکەوتوون و خاوەنی شارستانیەتی زیاتر لە سێ هەزار ساڵن، هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵات، شوێنەواری ئەوانی لێیە، بۆیە ئەمجارەیان شۆڕشەکەیان لە شۆڕشی ئایینی جیاکردۆتەوەو ناویان لێناوە شۆڕشی برسی و چەوساوەکان، کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە و داوادەکەن پارەی گەل و سامانی گشتی نەبەن و لە شوێنی دیکە بۆ مەبەستی فراوانخوازی بە فیڕۆی نەدەن**

حکومەتی فیدراڵی کۆمەڵێک دەسەڵاتی سنوورداری هەیە، کوردستان ڕێزی لەو دەسەڵاتانە گرتووە و پابەندە پێوەی، لەو چەند دەسەڵاتە سنووردارە بترازێ، هەرچیەکی دیکە داوابکەن، پێشێلکردنی دەستوورەکەیە

هەرێمی فیدراڵی تەنیا پەیوەندی لەگەڵ دەستووری ئەو وڵاتە هەیە و بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندییەوە نییە، پەرلەمانی فیدراڵیش هەر یاسایەک دەربکات بە نیسیەت ئەو هەرێمەوە، هیچ بایەخێکی نییە

ئەوەی لە هەمووی سەیرترە ئەوەیە کە ئێستا لایەنە شیعیەکان داوای جێبەجێکردنی دەستوورەکە دەکەن، لە کاتێکدا هەر خۆیان دەستوورەکەیان لە ڕۆحەکەی بەتاڵ کردۆتەوە، چەند ماددەیەک کە لەبەرژەوەندی خۆیانە دەیانەوێت بیسەپێنن و ئەوی دیکەی پشتگوێ دەخەن

بۆیە لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی ئایا دەستوورەکە چۆن باسی هەرێمی کوردستان دەکات؟ لە دەستووردا هاتووە هەرچی تایبەتمەندی هەرێمە مافی خۆیەتی بە پۆلیس و ئاسایشەوە، ئەمەش واتە دەبێت ئاسایشی ناوخۆی کوردستان، پۆلیس و ئاسایشی کوردستان بیپارێزێت، سەبارەت بە ئاسایشی سنوورەکانیش، بێگومان لە دەستووردا هێزی پێشمەرگە (گاردی پاسەوانیی هەرێمە) ئەی کەواتە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئەرکی سەرشانی پێشمەرگەیە، بۆ ئەمەش قاعیدەیەکی یاسایی هەیە کە دەڵێت: (تایبەت، گشتی سنووردار دەکات. الخاص یقید العام)، سەبارەت بە عێراق کە حاڵە گشتییەکە (العام)یە، ئەوە ئیشی خۆی دەکات کە ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی عێراقە بەگشتی، بەڵام کە هاتە سەر تایبەتەکە (الخاص) کە هەرێمی کوردستانە و بە دەستوور پێشمەرگە گاردی هەرێمەو بەشێکیشە لە سیستمی بەرگری عێراق، ئەوا لەم حاڵەتەدا بوارە گشتییەکە کاری خۆی دەکات، بەڵام گەیشتە سەر بارە تایبەتەکە ئەوە رادەوەستێت و نابێت دەستێوەردان بکات، ئەم پرسە پەیوەندی بە یاساوە هەیە و زۆر بواری دیکەش دەگرێتەوە، بۆ نموونە هەموو فەرمانبەرانی وڵات یاسایەکی گشتییان هەیە بەناوی (یاسای خزمەتی مەدەنی) ئەمە گشتییەکەیە، بەڵام هەر پیشەیەکیش بەپێی تایبەتمەندیی خۆی یاسای تایبەتی خۆی هەیە، وەك یاساکانی بواری (پزیشکی، پارێزەر، رۆژنامەنووسان و. هتد)، بێگومان لەو بوارانەی کە گشتییە بۆ هەموو فەرمانبەران ئەوا یاسا گشتییەکە کاری خۆی دەکات، بەڵام کە هاتە سەر تایبەتمەندیی هەر پیشەیەك، ئەوا یاسا گشتییەکە دەستێوەردان ناکات و بە یاسا تایبەتەکە کارە بەڕێوە دەچێت.

*** کەواتە بەپێی ئەم شرۆڤەیەتان، ئەوان دەیانەوێت فیدراڵییەت بگۆڕن بۆ لامەرکەزییەت، ئایا جیاوازی نێوان فیدراڵییەت و لامەرکەزییەت چییە؟**

- جیاوازی نێوان لامەرکەزییەت و ئۆتۆنۆمی لەگەڵ فیدراڵییەت زۆرە، لە حاڵەتی فیدراڵیدا، هەرێمی فیدراڵی تەنیا پەیوەندی لەگەڵ دەستووری ئەو وڵاتە هەیە و بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندییەوە نییە، پەرلەمانی فیدراڵیش هەر یاسایەك دەربکات بە نیسیەت ئەو هەرێمەوە، هیچ بایەخێکی نییە، هەوڵی ئەوان بۆ خاڵیکردنەوەی ناوەرۆکی فیدراڵی لەوەدایە، ئەوان ماوەی ساڵێك خەریکی ئەوە بوون کە یاسایەك دەربکەن بەناوی ( یاسای دەروازە سنوورییەکان) و ئێستا دەڵێن دەبێت هەرێم بەو یاسایە مامەڵە بکات، ئەم یاسایە بۆ کوردستان هیچ بایەخێکی نییە و ئێستا کوردستان دەتوانێت داوای رەتکردنەوەی ئەو یاسایە بکات، یان داوابکات هەموار بکرێتەوە، ئەمەش لەسەر بنەمای دەستوورەکە کە دەبێت رەچاوی باری گشتی و تایبەتی بکرێت، هەر بۆ نموونە پەرلەمانی عێراق ناتوانێت یاسایەك دەربکات بڵێت ئەمە یاسای نەوت و گازی فیدراڵییە و دەبێت کوردستان بەو یاسایە کاربکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەستوور ئەو مافەیان پێنادات. حکومەتی فیدراڵی کۆمەڵێك دەسەڵاتی سنووردای هەیە، کوردستان رێزی لەو دەسەڵاتانە گرتووە و پابەندە پێوەی، لەو چەند دەسەڵاتە سنووردارە بترازێ، هەرچیەکی دیکە داوابکەن، پێشێلکردنی دەستوورەکەیە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەو دەستوورە تایبەتمەندی سنووردار (الاختصاصات الحصریە) و تایبەتمەندی هاوبەش (الاختصاصات المشترکە) هەیە، ئەگەر ئەم دوو تایبەتمەندییە لێك جیا نەکرێتەوە، مانای پێشێلکردنی دەستوورەکەیە، نەك جێبەجێکردنی دەستوورەکە. بۆیە لە ئێستادا پێشێلکردنی دەستووریان گەیاندۆتە لوتکە، بەڵام لێرەوە بۆیان ناچێتە سەر و بارودۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

*** ئەگەر بگەڕێینەوە سەر سیاسەتی شیعەگەرایی، ئایا ئەم سیاسەتەی ئێستا عەرەبی شیعەی عێراق پیادەی دەکات، دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەگۆڕێت بۆ کۆماری ئیسلامیی عێراق بە هاوشێوەی ئێران؟**

- سیاسەتی ویلایەتی فەقیە، وەك سوننە نییە کە ئیجتیهاد داخراو بێت، لەوێ ئیجتیهاد کراوەیە، هەر بۆ نموونە لەسەردەمی ئایەتوڵا خومەینی، شەریعەتمەداری رایەکی جیاوازی لەسەر ویلایەتی فەقیە هەبوو، هەروەها حوسێنی مونتەزریش بەهەمان شێوە، لە عێراقیشدا سیستانی دژی ویلایەتی فەقیە-ە، هەروەها هەموو عەرەبی شیعەی باشوور پاشکۆی ئێران نین، ئەوانەی پاشکۆی ئێرانن، بریتین لە بەشێك لە میلیشیا چەکدارەکانی شیعە و ئەوانیش کەمینەن، بۆیە شیعەی عێراق خۆیان بە عەرەب دەزانن و بە شیعەی ئێران دەڵێن شیعەی سەفەوی، واتە خۆیان بە فارس دەزانن، بەڵام شیعەی عەرەبیش دەیەوێت وەك نەتەوە عەرەب بێت و وەك ئایین مەزهەبی شیعە بێت.

*** لەماوەی رابردوو و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو خۆپیشاندانێکی فراوان شارەکانی ئێرانی گرتەوە، هەندێك دەڵێن بەشێکی پەیوەندی بە دەستێوەردانەکانی ئێرانەوە هەیە لە عێراق و لوبنان و**

**سووریا و شوێنەکانی دیکە، لەو بارەوە راتان چییە؟**

- من بەلامەوە سەیرە گەلانی ئێران بە گشتی و فارسەکەی بەتایبەتی ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە لە حکومەتی ئێران بێدەنگن، گەلانی ئێران پێشکەوتوون و خاوەنی شارستانیەتی زیاتر لە سێ هەزار ساڵن، هەموو شوێنێکی رۆژهەڵات، شوێنەواری ئەوانی لێیە، بۆیە ئەمجارەیان شۆڕشەکەیان لە شۆڕشی ئایینی جیاکردۆتەوەو ناویان لێناوە شۆڕشی برسی و چەوساوەکان، کە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەگرێتەوە و داوادەکەن پارەی گەل و سامانی گشتی نەبەن و لە شوێنی دیکە بۆ مەبەستی فراوانخوازی بە فیرۆی نەدەن، بەشێوەیەکی گشتی خۆپیشاندانەکانی ئەمجارە پیشانیداین کە ئەم خۆپیشاندانە جیاوازە لە خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٢٠٠٩، هەروەها ئەوانەی خۆپیشاندانیش دەکەن، هەتا ئەگەر شیعەش بن، بەڵام ئەو شیعانە نین کە شیعەگەرایی دەکەن و لەخۆیان دەدەن، بۆیە ئەمەش پێمان دەڵێت ئەگەر لە ئێراندا ئەوانەی شیعەگەرایی دەکەن و لە خۆیان دەدەن، ژمارەیان یەك ملیۆنیش بێت، ئەوا ژمارەی خەڵکی ناڕازای نزیکەی ٨٠ ملیۆن کەس دەبێت.

*** ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هۆکاری هەژموون و باڵادەستیی ئێستای ئێران دەگێڕێتەوە بۆ سیاسەتە هەڵەکانی ئۆباما، ئایا لەو بڕوایەدایت کە سیاسەتەکانی ئۆباما هاندان بوونە بۆ باڵادەستیی شیعەو ئێران لە دژی سوننە؟**

- من دەمێکە ئەو قەناعەتەم لا دروست بووە کە باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا فاکتەرێکی گرنگ و سەرەکی بووە بۆ شیعەگەرایی، زۆر جار ئەوەم گوتووە، کە دەڵێن باراك ئۆباما بە رەچەڵەك ئیسلام بووە، ئەوا زۆر لەوە دەچێت کە ئیسلامێکی شیعە بووبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە هەردوو ئیدارەی ئۆبامادا، ئێران هەرچی کرد، ئەو چاوپۆشی لێکرد و هیچ حەساسییەتی لەگەڵ سیاسەتی شیعەگەرایی نەبووە، پێش ئەم خۆپیشاندانانە من زۆر دڵتەنگ بووم بۆ ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هات بەهۆی ریفراندۆمەوە کە مافێکی رەوای خۆمانە، بەڵام لە ئێستاوە ئومێدێك دروست بووە کە ئێمە دەچینەوە باری ئاسایی خۆمان، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایە دەڵێم، ئەم خۆپیشاندانانەی ئێران وەرچەرخانێك دروست دەکەن کە ئیدی ئێران بەو ئاستە دەستکراوە نابێت کە بتوانێت لەدەرەوەی سنوورەکانی هەرچی بیەوێت بیکات، لەمەش زیاتر سنووری بۆ دادەنرێت.

*** ئەی سەبارەت بە جیهانی سوننە، ئایا سعودیە یان تورکیا دەتوانن سەرکردایەتی بکەن؟**

- کێشەی جیهانی ئیسلامی (سوننە) ئەوەیە کە وڵاتێك نییە سەرکردایەتی بکات، ئێمە پێمانوابوو ئەردۆگان بتوانێت سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی بکات و لە هەر شوێنێك زوڵم لە موسڵمانانی (سوننە) کرا، ئەو بەرگرییان لێ بکات، بەڵام بەداخەوە وا دەرنەچوو، بەتایبەتی ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەر کوردا هات، هەڵوێستی تورکیا باش نەبوو، لەمەش زیاتر زەرەرمەندی سەرەکی خودی تورکیا بوو، هەروەها لە عێراقدا سوننە بە کورد و عەرەبەوە شکستیان بەسەردا هات و لە کەرکووکیش ئەوەی ئەو بەنیاز بوو کە تورکمان باڵادەست بێت، بەڵام ئێستا هەتا ئەگەر تورکمانیش باڵادەست بێت، تورکمانی شیعە دەبێت، نەك سوننە، بۆیە پێدەچێت لە ئێستا سعودیە لە پێگەیەکدا بێت بتوانێت رۆڵی ئەو سەرکردایەتییە بگێڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێستا لە سعودیە شۆڕشێك دەستی پێکردووە، ئەم شۆڕشەی سعودیە لەگەڵ ئەوەی ئێران جیاوازە، لەبەر ئەوەی سعودیە لە دوو لق پێکهاتووە، یەکەمیان (ئال سعود) دووەمیان (ئال شیخ)، یەکەمیان بنەماڵەی پادشایەو دووەمیان ئایینە کە وەهابییەتە، ئێستا پادشا هیچ رۆڵێکی بۆ وەهابییەت نەهێشتووە، بەڵام دژایەتیشیان ناکات، واتە وەهابییەکان کاری خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر دژی شارستانییەت و مەدەنیبوون وەستانەوە، ئەوا رێگریان لێدەکرێت و بواریان پێ نادرێت، ئەمە زەمینەی وەرچەرخانێك دروست دەکات کە سعودیە شایستەی ئەوە بێت سەرکردایەتی بکات، بەڵام تورکیا مەزندەی ئەوەی لێ دەکرێت شۆڕشێکی هاوشێوەی ئێرانی بەسەردا بێت.

*** لە دوماهیدا ئەگەر شتێکت هەبێت و ئێمە پرسیارمان نەکردبێت؟**

- گرنگترین شت ئەوەیە ئێمە تەسلیمی عێراق نەبین، سەبارەت بەم خاڵە من دڵنیام لەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی جڵەوگیریی بارودۆخەکە دەکات و رێگە نادات ئەو حاڵەتە رووبدات، راستە ئێمە ئێستا دەوڵەت نین، بەڵام هێشتا دۆستێکی باشمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەیەو گرنگە دڵی دۆستەکانمان رابگرین، هەروەها ئەو ریفراندۆمەی کردمان و هەموومان دەنگمان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دا، دەستکەوتێکی گرنگە و وەك دیکیۆمێنتێك هەر دەمێنێت و جێگەی خۆی دەگرێت و بووەتە بناخەیەك بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دەوڵەتی خۆمانی لەسەر بونیاد بنێینن.

**دەستووری ٢٠٠٥ هەموو کێشەکانی عێراقی دەستنیشان کردووە و میکانیزمیشی بۆ داناوە کە چۆن چارەسەر دەکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم دەستوورە جێبەجێ نەکرا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چۆن داڕشتنەکەی پێویستی بە چاودێریی نێودەوڵەتی بوو، بەهەمان شێوە دەبوو جێبەجێکردنەکەشی لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتی بوایە**

**لەبەر ئەوەی فیکری شیعەگەرایی (ویلایەتی فەقیە) لە ئایین تێدەپەڕێت و دەبێتە فیکرێکی سیاسی، ئەوا هەر کەس و لایەنێک تێکەڵی ئەو فیکرە بێت، دەبێتە پاشکۆی سیستمی ویلایەتی فەقیە کە سەرچاوەکەی ئێرانە**

**بیرۆکەی (ویلایەتی فەقیە) بۆ هەموو شیعەی جیهانەو لەسەرەتادا بەشی هەرە زۆری شیعەی عێراقیش پشتگیرییان لەم بیرۆکەیە کرد، بۆیە سەدام حوسێن جیا لەوەی خومەینی لە عێراق دەرکرد، لەهەمانکاتدا هەر مەرجەعێکی شیعی لە عێراقدا هەوڵی بۆ دامەزراندنی ویلایەتی فەقیە بدایە، یان گومانی ئەوەی لێ بکردایە کە هەوڵی بۆ دەدات، دەیگرت و لە سێدارەی دەدا،**

### هێشتنەوەی کوردستان لەناو بەندیخانەی عێراقدا

# لە پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەوە بۆ سەپاندنی پێکەوەژیانی زۆرەملێ



مانگی رابردوو تەلەفزیۆنی رووداو دیمانەیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق ئەنجامدا، ئەم دیمانەیە لەناو چالاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لەناو دەستەبژێری ناو کەناڵەکانی راگەیاندن، کۆمەڵێك پرسیار و قسە و باسی بەدوای خۆیدا هێنا، کە دیارترینیان ئەو پرسیارە بوو: ئایا جیاوازیی نێوان نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی چییە؟ ئەم پرسیارەش بەو مانایە ئاراستە دەکرا، ئەریّ ئەوە هەر دوێنیّ نەبوو دەتانگوت: مالیکی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی بڕیوەو هێزی جوڵاندووە بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان، باشە ئەوە خێرە جارێکی دیکە ئامادەباشی دروستبۆتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ باڵی نوری مالیکی و حزبی دەعوا، دەست بە دیالۆگ و وتووێژ و ئەگەری گرێدانی هاوپەیمانی بکەنەوە؟

هۆکاری پشت دروستبوون و ئاراستەکردنی ئەم پرسیارە، بەشێکی رەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بوو، ئەمەش بەو مانایەی ئەو تاقمەی کە بوونە هۆکاری دروستبوونی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنەوەی نیوەی خاکی کوردستان لەلایەن هێزەکانی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، دەیانویست ئەوە بە خەڵك بڵێن ئەگەر وتووێژ و رێککەوتنی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عەبادی بە خیانەت وەسف بکرێت، ئایا ئامادەباشی بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ نوری مالیکی و حزبەکەی هەمان شت نییە؟ ئایا جیاوازییەك لە نێوان نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی بوونی هەیە؟ دیارە وەڵامی سادەی دڵسۆزانەی خەڵك و، هەروەها ئەوانەشی بەمەبەست دەیانویست خیانەتی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بشارنەوە، ئەوە بوو کە (هیچ جیاوازییەك لەنێوان عەبادی و مالکیدا نییە و هەردووکیان وەك یەکن).

ئەم وتارە کە هەوڵدەدات تۆزێك قووڵتر لە هۆکاری پشت ئەو پرسیارە رۆبچێت، لەو وەڵامە زیاتری پێ نییە و بێگومان نەك هەر جیاوازی لە نێوان حەیدەر عەبادی و مالکیدا نییە، بەڵکو جیاوازی لە نێوان مالیکی و عەبادی و تەواوی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەو تەواوی فەرماندە میلیشیایەکانی حەشدی شەعبی بۆ تێڕوانینیان بەرامبەر کورد و کوردستان و مافە دەستوورییەکانی نییە و هەموویان لەم بازنەیەدا یەك بیرکردنەوە و یەك تێڕوانینیان بەرامبەر بە کورد و کوردستان و مافە دەستوورییەکانی هەیە، ئەم قەناعەتەش نزیکەی ١٠ ساڵە لای سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی بەتایبەتی بۆتە ئەو هەقیقەتەی کە مومکین نییە جارێکی دیکە کوردو کوردستان ببنەوە بە شێك لە رژێمێکی دیکتاتۆری، یان حکومەتێکی سەنتراڵیی بەهێز کە لە بەغداوە بڕیارەکانیان ئاراستەی کوردستان بکەن و بنووسن: (قررنا مایلی)، هەر ئەم قەناعەتەش بووە بناخەی گەڕانەوە بۆ رای گەلی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، هەروەك چۆن لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ ئەنجامدرا و بە رێژەی نزیکەی ٩٣٪ گەلی کوردستان بە بەڵێ دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا.

ئەم رووداوانە کە زۆر دوورنین و لەیادەوەری هەمووماندا زیندوون، وەڵامێکی پڕ بەپێستن بۆ ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: ئایا جیاوازی لە نێوان حەیدەر عەبادی و نوری مالکیدا هەیە؟ بێگومان رووداوەکان دەڵێن: دوای ئەوەی نوری مالیکی لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٢ بە تەواوەتی بەرەو سیاسەتی شیعەگەرایی و دیکتاتۆری هەنگاوی هەڵگرت، سەرۆك بارزانی لە نەورۆزی هەمان ساڵدا بە جیهانی راگەیاند، (ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ بڕیاری گەلی کوردستان و ئەوەش دوابڕیاری سیاسیی کوردستان دەبێت)، بەڵام لەبەر ئەوەی ساڵی ٢٠١٢ ساڵی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بوو، هەروەها ئۆباماش مەبەستی بوو خولێکی دیکەی هەڵبژاردن بباتەوە، بۆیە ئەم پرسە نەبووە جێگەی بایەخ و سەرنجی ئیدارەی یەکەمی ئۆباما و مایەوە بۆ ئیدارەی دووەمی ئۆباما، لەگەڵ دەستپێکی ئیدارەی دووەمی ئۆباما لە ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٣ ، عێراق چووە بارودۆخێکی پاشاگەردانیی ئەوتۆ کە هیچ یەکێك لە دامەزراوەکانی کاری نەدەکرد، هەروەها لە سووریاش دڕندایەتی رژێمی ئەسەد

**نەک هەر جیاوازی لە نێوان حەیدەر عەبادی و مالکیدا نییە، بەڵکو جیاوازی لە نێوان مالیکی و عەبادی و تەواوی سەرکردەی لایەنە سیاسییەکانی شیعەو تەواوی فەرماندە میلیشیایەکانی حەشدی شەعبی بۆ تێڕوانینیان بەرامبەر کورد و کوردستان و مافە دەستوورییەکانی نییە و هەموویان لەم بازنەیەدا یەک بیرکردنەوە و یەک تێڕوانینیان بەرامبەر بە کورد و کوردستان و مافە دەستوورییەکانی هەیە**

**دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، کە زۆر مەبەسیتانە دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش، کۆتایی بە توندڕۆیی و دەمارگیری رادیکاڵیزمی ئیسلامی لە هەردوو مەزهەبی (سوننە و شیعە) بهێنن، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو دوو مەزهەبە سەرلەنوێ نەخشەیەک بۆ سەقامگیری ناوچەکە دابڕێژنەوە، زۆر بە زوو لەوە تێدەگەن کە حەیدەر عەبادی دەیەوێت لە ژێر پەردەی دەستووری عێراق چ ئامانجێک جێبەجێ بکات، ئەمەش زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا دەدات و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ناچار دەبن، چاوپۆشیی زیاتر لە عەبادی، یان هەر کەسێکی دیکە نەکەن، ئەگەر سەرۆک وەزیرانی عێراق بێت**

گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە چەکی کیمیایی دژی هاوولاَتیانی خۆی بەکار بهێنێت، بۆیە ئیدارەی دووەمی ئۆباما بە ئاستێك سەری لێتێکچووبوو کە کارگەیشتە ئەوەی رۆبەرت فۆرد بەرپرسی سیاسەتی ئەمریکا بۆ سووریا دەست لەکار بکێشێتەوە، لە عێراقیشدا بەهۆی خویێشاندانەکانی سوننە و بەهێزبوونەوەی رێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی لقی عێراق و نەبوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، ئەمە وایکردبوو کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراقیش دوچاری سڕبوونێکی گەورە ببێتەوە، ئەم سەرسامی و سڕبوونە درێژەی هەبوو هەتا لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق ناوی خۆی گۆڕی بۆ (داعش) لە حوزەیرانی ٢٠١٤ موسڵی داگیرکردو خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند. ئەوجا ئیدارەی ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هۆکاری سەرەکی بۆ هەموو ئەو کارەسات و نەهامەتییە و دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) سیاسەتی هەڵەی شیعەگەرایی و دیکتاتۆریەتی نوری مالیکی بووە، بەمەش مەرجی سەرەکیی ئەمریکا بۆ هاوکاری عێراق گرێدرایەوە بە رێگرتن لەوەی نوری مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەمە وێرای ئەوەی مالیکی هەڵبژاردنەکانی نیسانی ٢٠١٤شی بردبۆوە.

لە کابینەکەی حەیدەر عەبادی و لەمیانەی شەڕی دژی داعشدا، پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بەغدا، وەرچەرخانێکی گەورەی لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەندی بەغدا و مامەڵەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەردا هات، گرنگترینیان لەم بوارانە بوو:

١. حکوومەتی عێراق بەفەرمی دانی نا بە دەستوورییبوونی دەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هەروەها بۆرییە نەوتییەکانی کوردستانی بۆ گەیاندنی نەوت بە بەندەری جیهانی تورکی، بە فەرمی ناساند و رازی بوو کە رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان بە رێگەی بۆرییەکانی کوردستان هەناردە بکرێت.

٢. بۆ رێککەوتن لەسەر پشکی بودجەی کوردستان لە بودجەی عێراقدا، یاسای بودجەی حکومەتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٥ بەو جۆرە داڕێژدرابوو، ئەگەر هەر لایەك پابەند نەبێت بەو پابەندبوونانەی دەکەوێتە سەرشانی، ئەوا لایەنی بەرامبەر بۆی هەیە یاساکە جێبەجێ نەکات.

٣. سەبارەت بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، حکومەتی عێراق رازی بوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك بەشێك لە سیستمی بەرگری عێراق بناسێت و رێگر نەبێت لە پڕچەككردنی بە مەرجێك چەکەکان لە رێگەی بەغداوە بدرێت بە پێشمەرگە.

٤. لەسەر ئاستی رێککەوتنی سەربازیی هاوبەش لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقدا، حکومەتی عێراق نەك هەر ئامادە بوو رێککەوتنی هاوبەش بکات، بەڵکو رێککەوتنی هاوبەشیشی لە ساڵی ٢٠١٦ ئیمزا کرد بۆ ئازادکردنەوەی شاری موسڵ.

٥. هەر لەساڵی ٢٠١٥ و لەمیانەی سەردانی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بۆ کۆشکی سپی، شاندەکە راشکاوانە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و تەواوی ستافی ئیدارەکە باسیان لەسەربەخۆیی کوردستان کردبوو، بەڵام ئەم بڕیارە گرێدرابوو بە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشەوە.

٦. لە حوزەیرانی ٢٠١٧ کاتێك ئازادکردنەوەی شاری موسڵ و رووخانی خەلافەتەکەی داعش راگەیەنرا، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە مافی خۆی زانی کە بەروارێك بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دابنێت، ئەوە بوو رۆژی ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ دەستنیشان کرا.

هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا کە لەماوەی کۆتایی ٢٠١٤ سەرەتای ئەیلولی ٢٠١٧ هاتبوونەئاراوە، جێگەی رەزامەندی حکومەتی عێراق و تەواوی کۆمەڵگە نێودەوڵەتی و هاوپەیمانیی دژی داعش بوون، بەڵام کە خەلافەتەکەی داعش رووخێنراو پاشماوەی داعش بەرەو کۆتاییهاتنی تەواو دەچوو، برێت ماکگۆرك نێردراوی سەرۆك ئۆباما بۆ شەڕی دژی داعش، کە بەهۆی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەوە لە ئیدارەی سەرۆك ترامپ-یشدا لە پۆستەکەی خۆی مابووەوە، خیانەتی لە کوردستان کرد

ئەگەر دەوڵەتانی رۆژئاوا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش چاوپۆشی لە حەیدەر عەبادی بکەن، وەک چۆن دوو دەیە پێش ئێستا چاوپۆشییان لە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ کرد، ئەوا ئەوەی دەبێتە زەرەرمەند لەم هاوکێشەیەدا تەنیا کوردستان و کوردستانییەکان نابن، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بە بەلاش سەرکەوتنەکانی داعش پێشکەشی ئێران و شیعە وەکیلەکانی ئێران لە عێراقدا دەکەنەوە

سەرۆک وەزیرەکانی عێراق، ئەوجا (مالیکی، عەبادی، یان هەر کەسێکی دیکە بێت) لەبری ئەوەی لە خەمی ئەوەدا بێت، عێراق بکاتە هاوشێوەی فیدراڵیزمی بەلجیکا، یان کەندا، بە پێچەوانەوە هەوڵیانداوە بە میتۆدی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و بە زەبری ئاگر و ئاسن و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید گەلی کوردستان تەسلیمی ئیرادەی خۆیان بکەن، کە ئەمەش لەلایەن گەلی کوردستانەوە نەک هەر ئێستا بەڵکو بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو هەر لەدروستکردنی عێراقەوە ، قبووڵ نەکراوەو قبووڵ ناکرێت

**کوردستان بەهەموو جیهانی ڕاگەیاندووە دەبێت پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بپارێزرێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی لە عێراقدا فەرامۆش کردووە**

**لە دوای ساڵی ١٩٨٩ سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ سەرۆکی یوگسلافیای پێشوو ئەو مافە ئۆتۆنۆمییەی گەلی ئەلبان لەچوارچێوەی یوگسلافیا هەیبوو، ڕەتیکردەوەو نەیهێشت، هەر بۆیە لە تەموزی ١٩٩٠ ریفراندۆمیان ئەنجامدا و بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی پرۆسەکەیان سەرخست**

**چۆن حکومەتی فیدڕاڵی لە دەستووردا کۆمەڵێک دەسەڵاتی سنوورداری بۆ دیاریکراوە، بەهەمان شێوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کۆمەڵێک دەسەڵاتی بۆ دیاریکراوە، لەنێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمیشدا کۆمەڵێک دەسەڵاتی هاوبەش هەیە کە دەبێت پێکەوە بە هەماهەنگی بەڕێوەی بەرن**

و دژایەتی خۆی بۆ ریفراندۆمی کوردستان ڕاگەیاند، ئەم دژایەتییەش بە ڕادەیەك بوو، وەك ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا تیشکی سەوزی دابێتە حکومەتی عەبادی و تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی گەلەکۆمەکێ لە کوردستان بکەن و حکومەتی کوردستان بڕووخێنن. لەمەش زیاتر بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك، ماکگۆرك زەمینەی بۆ تاقمە خۆفرۆشەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕەخساند بۆ ئەوەی لەگەڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران ڕێکبکەون و فەرمانی کشانەوە بە پێشمەرگە بدەن، بۆ ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق بە بێ شەڕکردن کوردستان داگیربکەنەوە. بەمەش جارێکی دیکە ، کوردستانیان خستەوە ناو بەندیخانەی عێراقەوە.

لێرەوە دەکرێت بڵێین: نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٩ هەوڵیدا بە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی دیجلە خانەقین و کەرکووك داگیربکاتەوە، بەڵام بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و ناوبژیوانی ئەمریکا، ئەو کات مالیکی نەیتوانی ئەوەی ئەمجارە عەبادی جێبەجێی کرد، ئەو جێبەجێی بکات، بۆیە جیاوازی نێوان عەبادی و مالیکی، یان هەر کەسێکی دیکەی عەرەب (بە سوننە و شیعەوە) کە لە ئایندەدا ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوەیە کە دەبێت بەردەوام لە ژێر چاودێری و گوشاری هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکادا بێت، ئەگەر ئەو چاودێری و گوشارە نەما، ئەوا هەر کەسێك ببێتە دەسەڵاتداری یەکەم لە عێراقدا و ناوی هەرچییەك بێت، بۆ کورد و کوردستان هەر ناوی (سەدام و مالیکی و عەبادی)یە.

### ● دەبێت دەستووری عێراق ڕێز لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان بگرێت، نەك بە پێچەوانەوە

ئەگەر سەیری ماددەی ١١٧ی دەستووری عێراق بکەین کە دەڵێت: (ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی)، ئەوا ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆ کوردستان نەنووسراوەتەوە، بەڵکو ئەو یاسایانەی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣ ئازادانە دەریکردوون، لەلایەن ئەم دەستوورەوە دانی پێدادەنرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراق کە نزیکەی زیاتر لە ٨٠٪ی هەموو عێراقییەکان دەنگیان پێداوە و پەسەندیان کردووە، بەوشێوەیە داڕێژراوە کە دەستوورەکە هیچ هاودژییەك لەگەڵ دەسەڵاتەکانی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی لە عێراقدا دروست نەکات، لەمەش زیاتر ئەوەی لە دەستوورەکەدا هاتووە و پێی دەڵێن دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدڕاڵی، پێش ساڵی ٢٠٠٣ش، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی لەوجۆرەی دەرنەکردووە کە دوای داڕشتنی دەستوورەکە هەڵوەشێنرابێتەوە، هەر بۆ نموونە:

١. بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە دەرەوە، پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرنەکردووە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣، وەزارەتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، بەڵکو بە لەبەر چاوگرتنی دەسەڵاتە سنووردارەکان دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراق لە ئایندەدا، وەزارەتێکی بەناوی وەزارەتی (یارمەتی و هاریکاری مرۆڤایەتی) دامەزراندبوو، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم وەزارەتە گۆڕا بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

٢. پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرنەکردووە بۆ ئەوەی پارەی کوردستان چاپ بکات، هەروەها یاسایەکی دەرنەکردووە کە پاسپۆرت و ڕەگەزنامەی کوردستانی دەربچووێنێت.

٣. پەرلەمانی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣ یاسای نەوت و گازی کوردستانی دەرنەکردووە و وەبەرهێنانی لە هەردوو کەرتی نەوت و گاز نەکردووە و کۆنتراکتی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت و گازی جیهانی مۆرنەکردووە، بەڵکو دوای ئەوەی لەدەستووری عێراقدا ئەو مافە بۆ کوردستان دیاری دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی پەسەند کردووە.

٤. سەبارەت بە کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان

لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، حکومەتی کوردستان هەتا ئەو کاتەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی عێراق لەبەردەم تیرۆریستانی داعش هەڵنەهاتبوون، رازی بووە بەوەی کە ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی هاوبەش بەڕێوەدەبران، بەڵام کاتێك ئەوان هەڵاتن لە ترسی داعش، پێشمەرگە وەك ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی پاراستنی ئەو ناوچانەی گرتە ئەستۆی خۆی.

ئەم خوێندنەوەیە راستییەکی دیکە ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە بڕیاردان لەسەر ئەوەی عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێن، دەبێت عێراقێکی فیدراڵی بێت، بڕیاری ٤ی ١٠ی ١٩٩٢ ی پەرلەمانی کوردستانە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە حوزەیرانی ١٩٩٢وە، پەرلەمانی کوردستان رێزی لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی فیدراڵی لە عێراقی ئایندە گرتووە و بێجگە لەو یاسایانەی چوارچێوەیەك بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێمێکی فیدراڵی لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی دیاری دەکات، یاسای زیاتری دەرنەکردووە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە لە نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی، هەموو یاساکانی پەرلەمانی کوردستان و کۆی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەو دەستوورەدا دانی پێدا بنرێت.

ئاماژەکردنمان بە باکگراوەندی ئەم فاکتانە بۆ تیشك خستنە سەر ئەو پرسەیە کە ئایا حکومەتی فیدراڵی عێراق (ئەوجا هەر حکومەتێك بێت)، ئەو مافەی هەیە داوای سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بکات؟ ئەمە لە کاتێکدا پێش رووخانی رژێمی سەدام حوسێن بە ١١ساڵ کە هەرێمی کوردستان خۆی بە ئەمری واقیع دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە، یاسایەکی دەرنەکردووە کە لەدەسەڵاتی هەرێمێکی فیدراڵی زیاتر بێت.

کەواتە ئەگەر لێرەوە سەیری لێدوانەکانی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق بکەین کە داوادەکات دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بێت بە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا کام دەسەڵاتە سنووردارانەی کە بە تەواوەتی تایبەتن بە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵییەوە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە پێشێل کراون، یان رێزیان لێ نەگیراوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك شاهید و ناوبژیوان لە نێوان بەغدا و هەولێر بیداتەوە، لەمەش زیاتر دەبێت ئەو راستییە ئاشکرا بکرێت، کە هەرێمی کوردستان هەرگیز دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵی فەرامۆش نەکردووە، بۆیە دەبێت دەستووری عێراق چۆن لە ماددەی ١١٧ دانی بە هەموو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستاندا ناوە، ئەوا دەبێت ئێستا رێزیان لێ بگرێت و، پێشێلکردنی هەریەك لەو دەسەڵاتانەش دەبێتە پێشێلکردنی دەستوورەکە.

ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارە بوروژێنین و بپرسین: ئەوەی حکومەتی عەبادی لە رادەستکردنی دەروازە سنوورییەکان و گومرگی ئەو دەروازانەی داوای دەکات، ئایا ناکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتە سنووردارەکانی حکومەتی فیدراڵییەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ماددەی ١١٤ی دەستووری عێراق لە چوارچێوەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان دەیداتەوە کە حەوت برگە لە خۆی دەگرێت و بریتین لە: ( دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان ئەمانەن:

١. بەڕێوەبردن و رێکخستنی گومرگ بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت.

٢. رێکخستن و دابەشکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزەی کارەبا.

٣. رەنگرێژی سیاسەتی ژینگە بە مەبەستی دڵنیابوون لە پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگاریکردن لە خاوێنی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

٤. رەنگرێژکردنی سیاسەتەکانی گەشەپێدان و پلاندانانی گشتی.

٥. رەنگرێژکردنی سیاسەتی تەندروستیی گشتی بەهاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ

**لەمیانەی هەوڵە دیپلۆماتییە نیودەوڵەتییەکان رێککەوتنێک ئیمزا کرا کە بە رێککەوتنی ( رامبۆیە) ناسراوە، گەیشتنە ئەوەی کە کۆسۆڤۆ هەرێمێک بێت لەناو دەوڵەتی یوگسلافیای پێشوودا، ئەنجومەنی ئاسایشیش هەر لەساڵی ١٩٩٩ و بە بڕیاری ١٢٤٤ کۆسۆڤۆی ناچار کرد وەک بەشێک لە یوگۆسلافیا بمێنێتەوە، بەڵام میلۆسۆڤیچ بە پشتگیری مۆسکۆ هەوڵێدەدا ئەوەش بە گەلی کۆسۆڤۆ رەوا نەبینێت، بۆیە سەرەنجام میلۆسۆڤیچ بە تاوانی جەنگ رەوانەی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ لە لاهای کرا، رێگەش بە کۆسۆڤۆ درا لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت**

**پەرلەمانی کوردستان پێش ساڵی ٢٠٠٣ یاسای نەوت و گازی کوردستانی دەرنەکردووە و وەبەرهێنانی لە هەردوو کەرتی نەوت و گاز نەکردووە و کۆنتراکتی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت و گازی جیهانی مۆرنەکردووە، بەڵکو دوای ئەوەی لەدەستووری عێراقدا ئەو مافە بۆ کوردستان دیاری دەکرێت، پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠٠٧ یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی پەسەند کردووە**

**پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی دەرنەکردووە بۆ ئەوەی پارەی کوردستان چاپ بکات، هەروەها یاسایەکی دەرنەکردووە کە پاسپۆرت و رەگەزنامەی کوردستانی دەربچووێنێت**

**سەبارەت بە کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان لەچوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، حکومەتی کوردستان هەتا ئەو کاتەی سوپا و پۆلیسی فیدراڵی عێراق لەبەردەم تیرۆریستانی داعش هەڵنەهاتبوون، رازی بووە بەوەی کە ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی هاوبەش بەڕێوەدەبران، بەڵام کاتێک ئەوان هەڵاتن لە ترسی داعش، پێشمەرگە وەک ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی پاراستنی ئەو ناوچانەی گرتە ئەستۆی خۆی**

هەرێمێکەوە.

٦. رەنگرێژکردنی سیاسەتی فێرکردن و پەروەردەی گشتی بەراوێژ لەگەڵ هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

٧. رەنگرێژکردنی سیاسەتی سامانە ئاوییەکان و رێکخستنیان بە جۆرێك کە دادپەروەری بهێنێتەدی و ئەوەش بە یاسا رێکدەخرێت).

ئەم ماددە دەستوورییە پێمان دەڵێت، چۆن حکومەتی فیدراڵی لە دەستووردا کۆمەڵێك دەسەڵاتی سنوورداری بۆ دیاریکراوە، بەهەمان شێوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کۆمەڵێك دەسەڵاتی بۆ دیاریکراوە، لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمیشدا کۆمەڵێك دەسەڵاتی هاوبەش هەیە کە دەبێت پێکەوە بە هەماهەنگی بەڕێوەی بەرن.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەسەڵاتی فیدراڵی کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەگێڕێتەوە بۆ کوردستان کە بەپێی دەستووری عێراق و دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش، بوونی ئەو میلیشیا مەزهەبگەراییەی شیعە نادەستوورییەو دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە؟ ئایا شکۆی دەسەڵاتی فیدراڵی بەو جۆرە دەبێت کە دەسەڵاتە هاوبەشەکان بگۆڕێن بۆ دەسەڵاتی سەنتراڵی و دیکتاتۆری، یاخو دەبێت رێز لە تەواوی ماددە دەستوورییەکان بگیرێت و لەسەر ئەو بنەمایە چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەبێت لە داهاتوویەکی نزیکدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیداتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەوان جەخت لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووردا دەکەنەوە.

### ● ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشی لە عەبادی بکات ئەزموونی سلۆبودان میلۆسۆڤیچ دووبارە دەکاتەوە

لە دوای ساڵی ١٩٨٩ سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ سەرۆکی یوگسلافیای پێشوو ئەو مافە ئۆتۆنۆمییەی گەلی ئەلبان لەچوارچێوەی یوگسلافیا هەیبوو، رەتیکردەوەو نەیهێشت، هەر بۆیە لە تەموزی ١٩٩٠ ریفراندۆمیان ئەنجامدا و بە (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی پرۆسەکەیان سەرخست، بەڵام حکومەتی بەلگراد، ئاکامی ریفراندۆمەکەی قبووڵ نەکرد و بە ئاگر و ئاسن وەڵامی (بەڵێ)ی گەلی کۆسۆڤۆی دایەوە، لەبەرامبەریشدا گەلی کۆسۆڤۆ مقاوەمەتی هەڵبژارد و تەسلیم نەبوو، دوای چەندین ساڵ شەڕ و پیادەکردنی کۆمەڵکوژی لەلایەن سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچەوە، لە ساڵی ١٩٩٩ جارێکی دیکە لەمیانەی هەوڵە دیپلۆماتییە نیودەوڵەتییەکان رێککەوتنێك ئیمزا کرا کە بە رێککەوتنی ( رامبۆیە) ناسراوە، گەیشتنە ئەوەی کە کۆسۆڤۆ هەرێمێك بێت لەناو دەوڵەتی یوگسلافیای پێشوودا، ئەنجومەنی ئاسایشیش هەر لەساڵی ١٩٩٩ و بە بڕیاری ١٢٤٤ کۆسۆڤۆی ناچار کرد وەك بەشێك لە یوگۆسلافیا بمێنێتەوە، بەڵام میلۆسۆڤیچ بە پشتگیری مۆسکۆ هەوڵیدەدا ئەوەش بە گەلی کۆسۆڤۆ رەوا نەبینێت، بۆیە سەرەنجام میلۆسۆڤیچ بە تاوانی جەنگ رەوانەی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ لە لاهای کرا، رێگەش بە کۆسۆڤۆ درا لە ساڵی ٢٠٠٨ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو هەڵبگرێت.

نموونەی کۆسۆڤۆ بۆ ئێمە وەك گەلی کوردستان کە ریفراندۆممان ئەنجامداوە، بۆ حەیدەر عەبادیش کە ریفراندۆمەکەی رەتکردۆتەوە، نموونەیەکی هاوشێوە و نزیکی یەکترە، هەروەها بۆ ئەوانەشی کە پێیانوایە لەبەر ئەوەی حکومەتی عەبادی بە ئاگر و ئاسن مامەڵەی لەگەڵ ریفراندۆمەکە کردووە و خاکی کوردستانی داگیرکردۆتەوە، ئیدی ئاکامی ریفراندۆم بایەخێکی ئەوتۆی نابێت، دیسان نموونەیەکی باشە، کۆسۆڤۆ پێمان دەڵێت، ئەو (بەڵێ)یەی لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ سەرخۆیی گوتمان لە ٢٠٠٨ بەرەکەیمان چنییەوە، ئەمەش نموونەیەکی زیندووە کە ئاکامی ریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلوول کوردستان بەرەو سەربەخۆیی دەبات و سەرۆك وەزیرانی عێراقیش ئەگەر چاو بە خۆیدا نەخشێنێتەوە بەرەو دادگای لاهای پەلکێش دەکرێت.

گومانی تێدا نییە، ئەگەر سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ لە ساڵی ١٩٨٩ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کۆسۆڤۆ رەتنەکردایەتەوە، ئەوا لەوانە بوو کۆسۆڤۆییەکان وا زوو بیر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی نەکەنەوە، چونکە

بۆ ئەو سەردەمەی سەرەتای دوای رووخانی دیواری بەرلین، کارێکی ئاسان نەبووە بیر لە دابەشکردنی وڵاتێکی وەك یوگسلافیا بکرێتەوە کە ئەویش بەشێك بووە لە نەخشەی شوومی سایکس – پیکۆ، بەڵام کاتێك میلۆسۆڤیچ بە رێگەی سندووقەکانی دەنگدان خۆی کردە دیکتاتۆری یوگسلافیا و هەوڵیدا شکۆی گەلی کۆسۆڤۆ بشکێنێت، گەلی کۆسۆڤۆ بڕیاریان دا قبووڵی نەکەن ئەوجا ئاکامی ئەم قبووڵنەکردنە هەرچیەك دەبێت، با ببێت. بۆ هەرێمی کوردستانیش پرسەکەی لەگەڵ حکومەتی عێراق بە هەمان شێوەیە، ئەگەر حکومەتی ناوەندیی عێراق بە رێگەی پێشێلکردنی دەستووری عێراق تەواوی مافە دەستوورییەکانی کوردستانی رەتنەکردایەتەوەو رێزی لە دەستوورەکە بگرتایە، کە نەیگرتووە، ئەمەش واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە رێگەی ژێرپێخستنی دەستوورەکە دەسەڵاتدارانی بەغدا هەرێمی کوردستانیان رەتکردۆتەوە و هەوڵیانداوە بیسڕنەوە، هەر بۆیە ئەگەر ئەمە نەبووایە، ئەوا هەرێمی کوردستانیش لەم بارودۆخە نێودەوڵەتییەتدا کە دەزانێت دەستکاریکردنی نەخشەی دەوڵەتی عێراق کارێکی مەترسیدارە، بیری لە ئەنجامدانی ریفراندۆم نەدەکردەوە، لەمەش زیاتر ئەو حکومەتەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ وەك حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق پێکهات، بە سەرپەرشتیی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و لە چوارچێوەی رێککەوتنی (هەولێر) پێکهات، ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان خۆی لایەنێکی هاریکار و هەماهەنگ بووە بۆ ئەوەی حکومەتێکی فیدڕاڵی و سەرکەوتوو لە بەغدا بوونی هەبێت و خۆیشی تیایدا بەشدار بێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی شیعە و شەخسی مالیکی پابەند نەبوون بە رێککەوتنی هەولێر کە هەموو لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ئیمزایان لەسەری کردبوو.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٩ کە حەوت ساڵی تەواو دەکات، بەردەوام شەڕ و ئاژاوە بووە و بەردەوامیش هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە ئارادابوون بۆ ئەوەی رایەڵەیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بریشتینیا بە بەلگرادەوە گرێبدەنەوە و چەندین میکانیزمیشیان دیاریکرد بۆ ئەوەی هەردوولا بتوانن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدڕاڵیدا پێکەوە بمێننەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نییەتی حکومەتی بەلگراد خۆسەپاندن بوو، نەك پێکەوەژیان، ئەوا هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان هیچ ئاکامێکی نەبوو.

هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقیش، ئەوە ماوەی ٧ ساڵە شەڕ و ئاژاوە و پەیوەندییەکی ناسەقامگیر لەنێوانیاندا هەیە، لەماوەی ئەم ٧ ساڵەدا کوردستان بەهەموو جیهانی راگەیاندووە دەبێت پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بپارێزرێت، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکاتەوە و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی لە عێراقدا فەرامۆش کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە سەرۆك وەزیرەکانی عێراق، ئەوجا (مالیکی، عەبادی، یان هەر کەسێکی دیکە بێت) لەبری ئەوەی لە خەمی ئەوەدا بێت، عێراق بکاتە هاوشێوەی فیدڕاڵیزمی بەلجیکا، یان کەندا، بە پێچەوانەوە هەوڵیانداوە بە میتۆدی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و بە زەبری ئاگر و ئاسن و کۆمەڵکوژی و ژینۆساید گەلی کوردستان تەسلیمی ئیرادەی خۆیان بکەن، کە ئەمەش لەلایەن گەلی کوردستانەوە نەك هەر ئێستا بەڵکو بەدرێژایی ١٠٠ ساڵی رابردوو هەر لە دروستکردنی عێراقەوە ، قبووڵ نەکراوەو قبووڵ ناکرێت.

ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەردەم هەمان ئەزموونی تاڵی نێوان یوگسلافیا و کۆسۆڤۆی ساڵی ١٩٩٩یە کە پێی دادەگرت لە سەر ئەوەی نابێت بەهیچ جۆرێك یوگسلافیا دابەش بکرێت و کۆسۆڤۆ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. ئەوکات مۆسکۆ لەسەر بنەمای مەزهەبی ئۆرسۆدۆکسی مەسیحی پشتگیری لە یەکپارچەیی یوگسلافیا بۆ بەرژەوەندیی سربەکان دەکرد، ئێستاش جارێکی دیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێ لەسەر یەکپارچەیی عێراق دادەگرێت و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعەگەرایی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندیی عەرەبی شیعەی پشتگیری لە یەکپارچەیی عێراق دەکات، لە پرسی کۆسۆڤۆ و یوگسلافیادا ، کە ئەوکات رووسیا و رۆژئاوا لە هیچدا یەکیان نەدەگرتەوە، لەسەر مانەوەی

**نوری مالیکی لە ساڵی ٢٠٠٩ هەوڵیدا بە رێگەی بەکارهێنانی هێزی دیجلە خانەقین و کەرکووک داگیربکاتەوە، بەڵام بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی و ناوبژیوانی ئەمریکا، ئەو کات مالیکی نەیتوانی ئەوەی ئەمجارە عەبادی جێبەجێی کرد، ئەو جێبەجێی بکات**

**ماکۆرگ زەمینەی بۆ تاقمە خۆفرۆشەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر رەخساند بۆ ئەوەی لەگەڵ قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران رێکبکەون و فەرمانی کشانەوە بە پێشمەرگە بدەن، بۆ ئەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق بە بێ شەڕکردن کوردستان داگیربکەنەوە. بەمەش جارێکی دیکە ، کوردستانیان خستەوە ناو بەندیخانەی عێراقەوە**

**که خەلافەتەکەی داعش رووخێنراو پاشماوەی داعش بەرەو کۆتاییهاتنی تەواو دەچوو، برێت ماکۆرگ نێردراوی سەرۆک ئۆباما بۆ شەڕی دژی داعش، کە بەهۆی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەوە لە ئیدارەی سەرۆک ترامپ-یشدا لە پۆستەکەی خۆی مابووەوە، خیانەتی لە کوردستان کرد و دژایەتی خۆی بۆ ریفراندۆمی کوردستان راگەیاند، ئەم دژایەتییەش بە رادەیەک بوو، وەک ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا تیشکی سەوزی دابێتە حکومەتی عەبادی و تورکیا و ئێران بۆ ئەوەی گەلەکۆمەکێ لە کوردستان بکەن و حکومەتی کوردستان بڕووخێنن**

**ئەگەر هەموو جیهانیش پشت لە کوردستان بکات و ڕێگری لە دەوڵەتی کوردستان بکات، ئەوا کوردستان تەسلیم نابێت و دەچێتەوە لای دۆستە دێرینەکەی خۆی کە چیاکانە و هەرگیز خیانەتی لێ ناکات، بەڵام پرسیاری گرنگ بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ ئەوەیە، ئەگەر ئێوە کورد و کوردستانتان لەدەست بچێ، چ هێزێکی دیکە بێجگە لە پێشمەرگە لە شەڕی دژی توندڕۆیی و دەمارگیری ئیسلامی (سوننە و شیعە) هاوپەیمانی راستەقینەتانە؟**

یوگسلافیا بە یەکگرتوویی بەرژەوەندی رووسیا و رۆژئاوا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کۆسۆڤۆ یەکیان دەگرتەوە، ئێستاش لە پرسی کوردستان و عێراقدا، لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا و رۆژئاوا لە هیچ شتیکدا لەگەڵ ئێران یەك ناگرنەوە، بەڵام بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکپارچەیی و ڕێگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەموویان لەگەڵ ئێران یەك دەگرنەوە. ئەوجا چۆن ئەو یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی نێوان رووسیا و رۆژئاوا، بووە دەروازەیەك بۆ ئەوەی میلۆسۆڤیچ هەرچی بیویستایە دەیکرد، ئەوا ئێستا یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران و رۆژئاوا، هەمان دەروازەی بۆ حەیدەر عەبادی واڵا کردووە کە وەك میلۆسۆڤیچ دەیەوێت ئەوەی مەبەستێتی دژی کوردستان ئەنجامی بدات.

بەڵام ئەوەی هەردوو پرسی کۆسۆڤۆ و یوگسلافیای پێشوو، لەگەڵ کوردستان و عێراق لێك جیادەکاتەوە، جیاوازیی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لەگەڵ بارودۆخی ناوچەی بەڵکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، راشکاوانەتر ئەوکات ناسەقامگیریی یوگسلافیا نەدەبووە هۆکاری ناسەقامگیری تەواوی ناوچەی بەلکان و پاشانیش ئەو ناسەقامگیرییە کاریگەری تەواوی لەگەڵ ئاشتی و سەقامگیری دەوڵەتانی رۆژئاواوە هەبێت بە ئەمریکاشەوە، بەڵام لە ئێستادا ناسەقامگیریی عێراق، نەك هەر کاریگەری لەسەر سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، بەڵکو ئەگەر عێراق سەقامگیر نەبێت، ئەوا رەگ و ریشەی فیکری داعش هەڵناکێشرێت و بارودۆخی تەواوی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکاش سەقامگیر نابێت.

لە کێشەی بەلکاندا، پرسەکە زیاتر پرسی سەربەخۆیی و ئازادیی گەلان بوو لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، بەڵام لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەوڵدانە بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری لەدوای رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش و مەترسییەکە لەوەدایە کە توندڕەویی و دەمارگیری سەلەفییەتی سوننە کە لە داعشدا خۆی بەرجەستە کردبوو، بگوازرێتەوە بۆ توندڕەویی و دەمارگیریی شیعەگەرایی کە لە میلیشیاکانی



حەشدی شەعبی عێراق و حزبوڵڵای لوبنان و لیواکانی زەینەب و فاتیمەی سووریا و حوسییەکانی یەمەن خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، بۆیە ئەگەر دەوڵەتانی رۆژئاوا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش چاوپۆشی لە حەیدەر عەبادی بکەن، وەك چۆن دوو دەیە پێش ئێستا چاوپۆشییان لە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ کرد، ئەوا ئەوەی دەبێتە زەرەرمەند لەم هاوکێشەیەدا تەنیا کوردستان و کوردستانییەکان نابن، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بە بەلاش سەرکەوتنەکانی داعش پێشکەشی ئێران و شیعە وەکیلەکانی ئێران لە عێراقدا دەکەنەوە، ئەمەش بۆ رۆژئاوا بەوجۆرە دەکەوێتەوە کە هاوپەیمانیان بۆ شەڕی دژی تیرۆریستان و داعش نەکردبێت، بەڵکو هاوپەیمانییان کردووە بۆ ئەوەی سوننە تێکبشکێت و ئێران و شیعەگەرایی سەرکەوتوو بێت.



لەم چوار چێوەیەدا دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، کە زۆر مەبەستیانە دوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش، کۆتایی بە توندڕۆیی و دەمارگیریی رادیکاڵیزمی ئیسلامی لە هەردوو مەزهەبی (سوننە و شیعە) بهێنن، ئەگەر لە دەرەوەی ئەو دوو مەزهەبە سەرلەنوێ نەخشەیەك بۆ سەقامگیری ناوچەکە دابڕێژنەوە، زۆر بە زوو لەوە تێدەگەن کە حەیدەر عەبادی دەیەوێت لە ژێر پەردەی دەستووری عێراق چ ئامانجێك جێبەجێ بکات، ئەمەش زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا دەدات و بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان ناچار دەبن، چاوپۆشیی زیاتر لە عەبادی، یان هەر کەسێکی دیکە نەکەن، ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق بێت، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان راست بکەنەوە، لە ناو کۆی هەموو هاوکێشەی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش و رێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، گەلی کوردستان کە وەك زەرەرمەندی گەورە لەم هاوکێشەیە دەردەکەوێت، راشکاوانە بەجیهانی راگەیاند، ئەمجارەش دەرکەوتەوە کە کوردستان بێجگە لە چیاکان دۆستێکی دیکەی نییە، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر هەموو جیهانیش پشت لە کوردستان بکات و رێگری لە دەوڵەتی کوردستان بکات، ئەوا کوردستان تەسلیم نابێت و دەچێتەوە لای دۆستە دێرینەکەی خۆی کە چیاکانە و هەرگیز خیانەتی لێ ناکات، بەڵام پرسیاری گرنگ بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ ئەوەیە، ئەگەر ئێوە کورد و کوردستانتان لەدەست بچێ، چ هێزێکی دیکە بێجگە لە پێشمەرگە لە شەڕی دژی توندڕۆیی و دەمارگیریی ئیسلامی ( سوننە و شیعە) هاوپەیمانی راستەقینەتانە؟

### ماجید شنگالی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بۆ گوڵان:

# عەبادی لە پێناوی دەستکەوتی سیاسی لە هەڵبژارنەکاندا دەیەوێت گفتوگۆکان دوا بخات

## هەر لاوازییەک لە دۆخی ناوخۆی کوردستاندا هەبێت عەبادی کەڵکی خراپی لێوەردەگرێت

*** دوای بایکۆتکردنی کورد و سوننە و پەرلەمانتارەکانی بەسرەو میسان، پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٨ی عێراق گەڕایەوە بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان تاوەکو گفتوگۆ لەبارەی ئەو تێبینیانەوە بکرێت؛ هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێنەوە و دۆخەکە چۆن دەبینن؟**

- لە راستیدا دەتوانین هۆکارەکە لە چەند خاڵێکدا چڕبکەینەوە، سەرەتا ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردەوە، ئەوا نارەزاییەتییەکانی کورد لە چەند پرسێکدا بەرجەستە بوون، یەکەمیان پەیوەست بو بە کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی یاسای بودجەدا لە رێژەی لە سەدا ١٧ بۆ لە سەدا ١٢، دووەمیان مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك چەند پارێزگایەك، نەك وەك یەك قەوارە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی نادەستوورییە. هەروەك تێبینی و نارەزاییەتی وهۆکاری دیکەش هەبوون، بۆ نموونە، هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە بڕگەیەك نەچەسپێنراوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی داعش رزگارکراون، وەك ناوچەکانی سەر بە شارەکانی موسڵ و ئەنبار و سەلاحەددین و چەند ناوچەیەکی کەرکووك و دیالەش. خاڵێکی دیکە، یان هۆکارێکی دیکە بریتی بوو لە تەرخان نەکردنی هیچ بڕە پارەیەك لە ساڵی ٢٠١٨دا بۆ مووچەی ئەو فەرمانبەرانەی بە ناچاری لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا مابوونەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەندام پەرلەمانەکانی پارێزگا بەرهەمهێنەکانی نەوت، وەك بەسرە و میسان، ئەوانیش رازی نەبوون پرۆژە یاسای بودجە تێپەڕێت، ئەگەر بێتوو یاسای پترۆدۆلار تێنەپەڕێندرێت. هەروەها هۆکارێکی دیکەی تەواونەبوونی نیسابی یاسایی بوو، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا هیچ گفتوگۆ و دانوستاندنێك لە نێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی نوێنەران نەکراوە.

*** باشە هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت، ئایا پرسی پرۆژەی یاسای بودجە بە کوێ دەگات و تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە بتوانرێت تێپەڕێنرێت؟**

- بە تێڕوانینی من پێویستە کوتلە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان لیژنەیەکی پەرلەمانی پێکبهێنن بۆ ئەوەی هەڵبستن بە ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لەبارەی پرۆژەی یاسایی بوودجە، بە هەمان شێوە گفتوگۆ لەگەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بکرێت لەبارەی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان و دەستەبەرکردنی لایەنی لۆجیستی و دەستنیشانکردنی وادەکەی، هەم بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان و هەم بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش.

*** تاچەند دەتوانرێت ئومێدمان هەبێت بە فشارە نێودەوڵەتییەکان و داواکارییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە کەم نەکردنەوەی پشکی کورد لە بودجەو دەستپێکردنی دانوستانەکان؟**

- لە راستیدا رەنگە داواکارییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پەیوەندی بە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا کاریگەری بێت، چونکە ئەو سندوقە پاڵپشتییەکی زۆری عێراقی کردووەو لە چوار پێنچ ساڵی رابردودا نزیکەی ٢٠ ملیار دۆلار

**لە رووماددییەوە تاوەکو شنگال فەرمانی ئەبو مەهدی موهەندیس، یان هادی عامری زۆر بەهێزترە لە فەرمانی عەبادی، لە کاتێکدا عەبادی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە**

**وەلائی هەندێ لە میلیشیا شیعەکانی نێو حەشدی شەعبی بۆ ئێرانە، واتە لەم رووەوە ئێران بە ئاشکرا هەوڵی ئەوە دەدات کە رۆبچێتە نێو جومگەکانی دەوڵەتی عێراقییەوە**



هەروەك ئاشكرایە پرۆژەی یاسای بودجە لە عێراقدا تێنەپەڕی و بڕیاردرا ئەو پرۆژە یاسایە بگەڕێندرێتەوە بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمان، لەلایەكی دیكەوە لە ئێستادا باس لە ئەگەرەكانی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان لەلایەن حكومەتی عێراقییەوە دەكرێت، بە هەمان شێوە قسە و باس دەكرێت لەبارەی دووبارە دەستپێكردنەوەی گفتوگۆكان لە نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقیدا، ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیمانەیەكی گوڵان لەگەڵ ماجید شنگالی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراكسیۆنی پارتی كە لێرەدا پوختەی قسەكانی بڵاودەكەینەوە.

قەرزی بە عێراق داوە. بەڵام ئەمەش پێویستی بە یەكڕیزی نێو پەرلەمانتارەكانی كورد لە بەغدا دەبێت.

*** هەروەك ئاشكرایە عەبادی بەردەوامە لەسەر لێدوانەكانی بەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەنێرێت، بەڵام ئەو لەلایەك پشكی هەرێم لە بودجە كەم دەكاتەوەو لەلایەكی تر بەڵێن بە پێدانی مووچە دەدات، ئێوە چ خوێندنەوەیەك بۆ ئەم جیاوازییە لە نێوان لێدوان و ڕەفتارەكان دەكەن؟**

- عەبادی قسە و ئاخافتنی زۆرە، ئەو داوای لیستی ناوی مووچەخۆرانی كردووە بۆ ئەوەی وردبینی بكەن، بەڵام لەلایەكی دیكەوە دەڵێت هەموو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ٣٠٠ ملیارە، كە ئەمە قسەیەكی دروست نییە، چونكە حكومەتی هەرێم مانگانە نزیكەی ٨٨٧ ملیار دینار مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و چاودێریی كۆمەڵایەتی دەدات. بەڵام ئێمە تا دوایین چركەساتیش هەوڵیان لەگەڵدا دەدەین، دواتر ڕاست و دروستی قسەكانیان دەردەكەوێت. ئەوەی تا ئێستاش من تێبینم كردووە، ئەوەیە كە عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی سەرجەم عێراق مامەڵە ناكات، چونكە ئەوەتا نزیكەی دوو مانگ دەبێت، بەڵێنی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی داوە، كەچی تا ئێستا جێبەجێ نەكراوە، لەبەر ئەوە پێموایە عەبادی پاساو و بیانووی ناواقیعی دەهێنێتەوە و گەمەی كاتكوشتن دەكات، واتە دەیەوێت لەبەر خاتری بەدەستهێنانی هەندێ دەستكەوتی هەڵبژاردن و دەستكەوتی سیاسی گفتوگۆكان دوابخات.

*** باست لەوە كرد كە عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی هەموو عێراق هەڵسوكەوت ناكات، دەتوانیت ئەمە زیاتر ڕوون بكەیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە سەرنج لە پێكهاتەی هێزە ئەمنی و سەربازییەكانی عێراق بدەین، بۆمان دەردەكەوێت كە هاوسەنگی لە پێكهاتەی ئەم هێزانە نییە، واتە زۆرینەی زۆری ئەم هێزانە لە شیعە پێكهاتوون، بۆ نموونە ڕێژەی كورد زۆر كەمە، چ لە سوپای عێراق و چ لە پۆلیسی فیدڕاڵی، بە هەمان شێوە سوننەش. لەوەش خراپتر ئەوەیە كە وەلائی هەندێ لە میلیشیا شیعەكانی نێو حەشدی شەعبی بۆ ئێرانە، واتە لەم ڕووەوە ئێران بە ئاشكرا هەوڵی ئەوە دەدات كە ڕۆبچێتە نێو جومگەكانی دەوڵەتی عێراقییەوە. لەبەر ئەوە پێموایە جگەی لەوەی عەبادی وەك سەرۆك وەزیرانی هەموو عێراق ڕەفتار ناكات، ئەوا حاڵەتێكی دیكەش هەیە، ئەویش ئەوەیە كە هەندێ هێزی ناو حەشدی شەعبی دەسەڵاتیان لە عەبادی زیاترە، بۆ نموونە لە ڕوومادییەوە تاوەكو شنگال فەرمانی ئەبو مەهدی موهەندیس، یان هادی عامری زۆر بەهێزترە لە فەرمانی عەبادی، لە كاتێكدا عەبادی فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من تەنیا داوای یەكڕیزی و تەبایی لە نێو كوردستاندا دەكەم، چونكە هەر لاوازییەك لە دۆخی ناوخۆیی كوردستاندا بێتەئاراوە، ئەوا عەبادی لە گفتوگۆكان و لە هەنگاوەكانی دیكەشیدا كەڵكی خراپی لێوەردەگرێت.

**عەبادی ئەوەتا نزیكەی دوو مانگە بەڵێنی ناردنی مووچەی فەرمانبەرانی داوە، كەچی تا ئێستا جێبەجێ نەكراوە، بۆیە پێموایە پاساو و بیانووی ناواقیعی دەهێنێتەوە و گەمەی كاتكوشتن دەكات**

**ڕەنگە داواكارییەكانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە پەیوەندی بە پشكی هەرێمی كوردستان لە بودجەدا كاریگەری بێت، چونكە ئەو سندوقە پاڵپشتییەكی زۆری عێراقی كردووەو لە چوار پێنج ساڵی ڕابردودا نزیكەی ٢٠ ملیار دۆلار قەرزی بە عێراق داوە. بەڵام ئەمەش پێویستی بە یەكڕیزی نێو پەرلەمانتارەكانی كورد لە بەغدا دەبێت**

# تیۆری ویلایەتی فەقیە

کێشەی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت لە هەردوو مەزهەبی سوننی و شیعیدا تائێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بەردەوامە، جا هەر یەکەیان بە جۆرێك، لە مەزهەبی سوننیدا دوو ئاراستە لەهەمبەر دەوڵەت و ئاییندا هەن، یەکەمیان رای ئیسلامییەکانە و بەتایبەتیش مونزیری ئیسلامی سیاسی و فەیلەسوفەکەی سەید قوتب، ئەو تەوحیدی چوارەمی خستۆتەڕوو کە تەوحیدی حاکمییەیە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی زانایانی ئیسلام کۆکن لەسەر ئەوەی کە تەوحیدی خودایی سێ بەشە: (تەوحیدی پەروەردگار،خودایی، سیفات) ئەوەی سەید قوتبیش بیدعەیە، چونکە حاکمییەت کە سەید قوتب مەبەستییەتی تەکفیرە بۆ کۆمەڵگە موسڵمانەکان و چەواشەکردنیانە، بۆیە ئەمە لەلایەن بیرمەندو زانا رەسەنەکانەوە رەتکراوەتەوە، چونکە ئەم پڕۆژە فیکرییە مەترسیدارە بۆ قۆناغی داهاتوو کە ناوونیشانەکەی تەکفیرو خوێنڕشتنە، بەراستیش ئەمە روویداوە، کاتێ گرووپگەلێکی پەڕگیری ئیسلامی پەیدابوون کتێبەکانی سەید قوتبیان کردە سەرچاوەو ئیلهام، ئەویش بە تەکفیرکردنی خەڵك و رشتنی خوێنیان، بەتایبەتیش لە میسرو جەزائیرو ئەفغانستان و دواجاریش لە عێراق و سوریا و لیبیا، توندڕەویی ئەوانە لە رادەبەدەر بوو، بە کۆچپێکردن و تەکفیرو قاعیدەو دواتریش داعش، رەنگە دواتر دانەی دیکەش پەیدابێت، فیکرە ئیسلامییەکان ئەگەر عەقڵ رەخنەیان لێ نەگرێت هەڵبەت دەبنە مایەی تیرۆرو کوشتن و تەکفیر، بەڵام ئاراستەی دووەم رای چینی میانڕەوەی بیرمەندو قاڵبووەکانی زانستە، ئەوان پێیان وایە- منیش هەر وا- کە ئیسلام ئایین و دنیایە نەك ئایین و دەوڵەت، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت پێویستە بۆ پاراستنی پێگەی ئایین و پیرۆزییەکەی لە ژیانی خەڵکدا، بەڵام ئەستەمە ئایین لە دنیا جیابکرێتەوە، چونکە دنیا ژیانە، بەڵام دەوڵەت ژیان نییە، بەڵکو بەڕێوەبردنی ژیانە، بەڕێوەبردنی ژیانیش بە عەقڵی مرۆڤ دەکرێت نەك بە عەقڵی ئایدیۆلۆژییەتی ئایینی کە لێکدانەوەی جیاوازی تێدایە، بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە عەقڵی ئایدیۆلۆژیی ئایینی دەوڵەت دەکاتە گۆڕەپانی ململانێی ئایدیۆلۆژی، چونکە هەموو عەقڵێکی ئایینی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆی هەیە جیا لەوی دیکە، زۆریی لێکدانەوەکانیش بۆ دەقێکی دیاریکراو بێسەروبەریی لەنێو کۆمەڵگە درووست دەکات، بۆیە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بەم شێوەیە ئەستەمە، لەبەرئەوە خوای گەورە بواری پێداوین کە بەپێی بەرژەوەندییە گشتییەکانمان دەوڵەت بەڕێوەبەرین، چونکە هیچ کەسێك لێکدانەوەی دروست و راست بۆ دەقێکی دیاریکراو نازانێت، رەنگە لای یەکێك بە شێوەیەك بێت و لای یەکێکی دیکە ئەو لێکدانەوەیە رەتکرابێتەوە، ئەوەی کە وەڵامی راستمان پێدەدات پێغەمبەرە(دخ) نەك ئێمە، هەندێ دەقی روونیش هەیە پێویستی بە لێکدانەوەی کەس نییە، چونکە کەس ناتوانێت لە جێبەجێکردنیدا دوودڵ و ڕاڕا بێت.

ئەمە کورتەیەکی سادە بوو دەربارەی ئەسڵی کێشەکە لە مەزهەبی سوننە، ئەمەم باسکردووە تاکو چیرۆکی ولایەتی فەقیهی لای شیعەمان لا روون بێتەوە، لە مەزهەبی شیعەدا دیسان دوو ئاراستە هەیە، یەکەم رای ئیسلامی سیاسیی شیعی کە کەوتوونەتە بەر کاریگەریی فیکری ئیسلامیی لای ئیخوان موسلمین بەتایبەتیش لای سەید قوتب، بۆیە دەبینین کە زاراوەکانیان بە ناوەڕۆکەوە گۆڕیوە، لەجیاتی حاکمییە زاراوەی ولایە فەقیهیان بەکارهێناوە.

ئەم زاراوەیە دوای شۆڕشی خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ ناوبانگی دەرکرد، چونکە ئەو بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیەی خستە نێو جیهانی سیاسەت و پیادەکردنەوە، هەروەها حاکمییە لە دەقەکانی ئاییندا هەیە لای مەزهەبی سوننە، بەڵام سەید قوتب هێنایە

**کاتێ گرووپگەلێکی پەڕگیری ئیسلامی پەیدابوون کتێبەکانی سەید قوتبیان کردە سەرچاوەو ئیلهام، ئەویش بە تەکفیرکردنی خەڵك و رشتنی خوێنیان، بە تایبەتیش لە میسرو جەزائیرو ئەفغانستان و دواجاریش لە عێراق و سوریا و لیبیا، توندڕەویی ئەوانە لە رادەبەدەر بوو، بە کۆچپێکردن و تەکفیرو قاعیدەو دواتریش داعش، رەنگە دواتر دانەی دیکەش پەیدابێت**



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نێو جیهانی سیاسەت و خستیە چوارچێوەیەکی فەلسەفی تیۆریی مەعریفییەوە و قەبارەیەکی گەورەی پێ بەخشی، ئەویش لەئاکامی ئەو هەلومەرجە سەختەی کە لە بەندیخانەکانی میسردا تێیدا ژیاوە، کەواتە تیۆری ولایەتی فەقیە پێش بوونی خومەینی هەبووە، شیعە پێیانوایە کە مەهدی مونتەزیر کە ئیمامی دوازدەمینە لە گەندەڵی و ستەم و چەوسانەوە رزگاریان دەکات، هەر لەبەرئەوە شیعە بە ١٢ ئیمامی ناسراون کە بریتین لە:

١- عەلی کوڕی ئەبوتالیب ٢- حەسەن کوڕی عەلی ٣- حوسێن کوڕی عەلی ٤- عەلی کوڕی حوسێن زەینولعابدین ٥- محەمەد کوڕی عەلی باقر ٦- جەعفەر سادق٧- موسا کازم ٨-عەلی رەزا ٩- محەمەد جەواد ١٠- عەلی هادی ١١- حەسەن عەسکەری ١٢- محەمەد مەهدی مونتەزیر.

دوای مردنی ئیمامی یازدەیەم حەسەن عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ی کۆچی لە سامەرا کێشەیەك سەری هەڵدا کە کێ شوێنی بگرێتەوە، هەندێ پێیان وایە کە مەهدی شوێنگرەوەیەتی، بەڵام باوکی لە ترسی کوشتنی شاردوویەتەوە، بۆیە ئێستا زیندووەو کاتێ گەندەڵی و ستەم لە دنیادا بڵاودەبێتەوە، ئەو پەیدادەبێت و جیهاد دەکات و دادپەروەری لە سەر زەوی بڵاودەکاتەوە، بەڵام کە خومەینی هات بینی هاتنی مەهدی درێژەی کێشاوەو رەنگە هەزاران ساڵ بەردەوام بێت، لەبەر ئەوە بە پێویستی زانی چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ وەدیهێنانی چاوەڕوانییەکانی خەڵك، بە شێوەیەك کە زاناترین کەسی ئایینی لەجیاتی ئەو بێت، ئەویش لەلایەن ئایەتوڵاکانەوە هەڵبژێردرێت، واتا ئەنجومەنی شارەزایان، ئەمەش لەپێناو جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی، خومەینی ئەمەشی لە کتێبەکەیدا (حکومەتی ئیسلامی) باس کردووە، بێگومان خومەینی شارەزا بوو لە چۆنێتیی قۆستنەوەی ئەم بیروباوەڕە بۆ سەرکردەکانی وڵات، ئەگەر وا نەبوایە نەیدەتوانی ئەو هەموو ماوەیە حوکم بکات، پێموابوو کە ماوەی حوکمیان لەسەرەتادا پەسند بوو، بەڵام لەئێستادا کە سەیری رەوشی ناوخۆ دەکەین دەبینین کە مایەی گەشبینی نییە، چونکە دامەزراندنی دەوڵەت لەسەر بنەمای ئایینی مەزهەبی بریتییە لە ستەمکاریی ئایینی ئایدیۆلۆژی کە ناکۆکە لەگەڵ دیموکراسی و مەدەنییەت، خودی گەلی ئێرانیش کراوەو مەدەنییەو بە سەپاندنی ئەم شێوازە حوکمڕانییە رازی نابێت، کەواتە وڵات تەنیا بە جیاکردنەوەی نێوان دەوڵەت و پیاوانی ئایینی سەقامگیردەبێت، چونکە دەوڵەت بۆ پیاوانی ئایین نییە تا بەڕێوەی ببەن، بەڵام بۆ ئەوەی تێیدا بژین،هەروەها ئەو دەوڵەتە نەتەوەو ئایین و ئایینزای هەمەجۆری تێدایە، بەڵام ئەوانە هەن کەچی مافی سیاسی و ئایینیان نییە، بۆ نموونە لە پێکهێنانی دوا حکومەتی ئێران، کە دەبینین سەرۆك رۆحانی لەم دواییەدا حوکمەتێکی دامەزراند کە نە کورد نە سوننەی تێدا نییە، وەك بڵێی ئەو دوانە نامۆ بن لە ئێران، هەروەها لە رووی پیادەکردن و دەستوورییەوە، چونکە دەستوور رێگەنادات کورد و سوننە ببنە سەرۆك.

بۆیە ویلایەتی فەقیە پرسێکی تیۆرییە لە فیکری شیعەگەریدا بوونی هەبووە، یەکەم کەس کە ئەم تیۆرەی داهێناوە ناوی ئەحمەد نراقی بوو کە لە ساڵی(١٨٢٩) کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەو عەلی ئەلکورانی دێت و هەوڵیداوە بە شەرعیی بکات، کە گوتوویەتی ئەم تیۆرە تەنیا بۆ شیعە نییە، بەڵکو سوننەش بڕوایان پێی هێناوە، واتا گوێڕایەڵیی وەلی موسڵمانان پێویستە، ئەمەش هەمان تیۆرە کە حزبی رزگاریی ئیسلامیی سوننی بە سەرۆکایەتیی تەقیەدین نەبهانی فەلەستینی هێنابووی، دواتریش ئەبوبەکر بەغدادی کە خەلافەتە درۆزنەکەی داعشی پێ راگەیاندبوو لەسەر بنەمای

**ویلایەتی فەقیە پرسێکی تیۆرییە لە فیکری شیعەگەریدا بوونی هەبووە، یەکەم کەس کە ئەم تیۆرەی داهێناوە ناوی ئەحمەد نراقی بوو کە لە ساڵی(١٨٢٩) کۆچی دوایی کردووە، دوای ئەو عەلی ئەلکورانی دێت و هەوڵیداوە بە شەرعیی بکات، کە گوتوویەتی ئەم تیۆرە تەنیا بۆ شیعە نییە، بەڵکو سوننەش بڕوایان پێی هێناوە**

**دوای مردنی ئیمامی یازدەیەم حەسەن عەسکەری لە ساڵی ٢٦٠ی کۆچی لە سامەڕا کێشەیەک سەری هەڵدا کە کێ شوێنی بگرێتەوە، هەندێ پێیان وایە کە مەهدی شوێنگرەوەیەتی، بەڵام باوکی لە ترسی کوشتنی شاردوویەتەوە، بۆیە ئێستا زیندووە کاتێ گەندەڵی و ستەم لە دنیادا بڵاودەبێتەوە، پەیدادەبێت و جیهاد دەکات و دادپەروەری لە سەر زەوی بڵاودەکاتەوە**

ئەو چەمکە مێژووییانەی کە بۆ سەردەمی تازەمان دەست نادەن، چونکە ئەو چەمکانە لە ئیجتهادی مرۆییەوە سەرچاوەیان گرتووە، نەك لە سرووتی دەقەکانی ئایین، هەتا ئەگەر دەقەکانیش هەبن ئەوا لاوازو جیاوازو و ساختەن و هەندێ کەس بۆ بەرگریکردن لە دەسەڵات دایاننان، خوای گەورەش بواری پێداوین تا دەوڵەت و نیشتمانمان بەپێی بەرژەوەندیی گشتی بەڕێوەبەرین، نکۆڵیش ناکرێ کە بیروباوەڕی مەهدی مونتەزیر لای سوننەش هەیە، بە لام بە هەندێ جیاوازییەوە، لە زۆر ئایینی دیکەش بە شێوەی جیاواز هەیە، وەك گوزارشتێك لە تووڕەیی شوێنکەوتووانی ئایین لەم واقیعە تاڵەدا تاکو لە ئازارو دۆزەخی ئەو واقیعە رزگاریان ببێت.

تیۆری ولایەتی فەقیە واتا رابەری شۆڕشی ئیسلامی لەشوێنی مەهدیە، لەسەر هەموو شیعەی جیهان پێویستە گوێڕایەڵی بن، ئەمە لەسەرووی هەڵبژاردنەوەیە، بەڵکو لەلایەن ئەنجومەنی شارەزایانەوە بە پلەی ئایەتوڵاکان هەڵدەبژێردرێت، بۆیە گوێڕایەڵیی واتا گوێڕایەڵیی مەهدی و ئەویش گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوایە، گوێڕایەڵیی پێغەمبەریش گوێڕایەڵیی خوایە، بۆیە کەس ناتوانێ لە قسەی ئیمام یاخی بێت، چونکە یاخیبوون لێی یاخیبوونە لە مەهدی، یاخیبوون لە مەهدی یاخیبوونە لە پێغەمبەری خوا، یاخیبوون لە پێغەمبەریش یاخیبوونە لە خوا، بۆیە دەبینین فتواو مەترسیی ئەم فتوایە لای شیعە چەند مەترسیدارە، چونکە پرۆسەکە بە تێکڕایی زنجیرەیەکە و ئاڵۆزە، کەواتە ولایەتی فەقیە حاکمی رەهای ولاتە، هیچ بەهایەك بۆ سەرۆك کۆمار و پەرلەمان و هیچ لایەنێك نییە، هەموو بڕیارێك کە حکومەت دەریاندەکات و پەرلەمان دەنگیان لەسەر دەدات پێویستیان بە رەزامەندیی ولایەتی فەقیهە، ئەمەش بێگومان پێچەوانەی پرنسیپەکانی دیموکراسییە، بۆیە دەبینین زۆربەی ئیمامەکانی شیعە لەم ئاراستەدا دژی خومەینین، ئەمە وێڕای گەلیش کە ئەو دەسەڵاتە گەورانە لە دەوڵەتدا رەتدەکاتەوە، یەکێك لەوانەی دژی خومەینی بوون لە رۆژانی شۆڕشدا ئایەتوڵا مونتەزری بوو کە کاندیدی دوای خومەینی بوو، کە دواتر خومەینی گۆشەگیری کردو دەستبەسەری کرد، ئەم سزایەش تا مردنی لە ٢٠٠٩ هەر بەردەوام بوو، مونتەزری پێیوابوو کە ولایەتی رەوا شەرعی نییە، بەڵکو پێویستە لە پرسە شەرعییەکاندا ولایەتی بەش هەبێت، ئەو بە راشکاوی داوای جیاکردنەوەی ئایینی لە سیاسەت دەکرد، دواتر عەلی خامنەیی دوای کۆچی دوایی خومەینی لە ١٩٨٩ لەو پۆستە دامەزرا، هەرچەندە خامنەیی نەگەیشتبووە پلەی ئیجتیهاد (واتا قۆناغی ئایەتوڵا)، ئەو پیاوە تائێستا هەر لەسەر رێبازی خومەینی بەردەوامە، ئەوانەی کە دژی ئەو تیۆرە بوون، بریتین لە مورتەزا ئەنساری و ئایەتوڵا میرزا نائینی و ئایەتوڵا شەریعەتمەداری، هەروەها سەرۆکی پێشووتری ئێران محەمەد خاتەمیش ئەو تیۆرەی رەتکردەوە، کە لە سەردەمی حوکمی ئەودا کرانەوەیەك بە رووی جیهاندا هاتەئاراوەو پەیوەندیی لەگەڵ زانایانی سوننەش چاك بوو و رەوشی ناوخۆش بەرەو باشی رۆیشت، بەڵام مەرجی ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆك کۆمار دەبێت باوەڕ بە ولایەتی فەقیە بهێنێت، ئەمەش ئاستەنگێکە لەبەردەم ریفۆرمخوازان کە دەیانەوێت ولات پێشبخەن، چونکە - ئەوانەی ولایەتی فەقیە رەتدەکەنەوە- پێیانوایە کە ئەم تیۆرە هۆکاری هەرەسهێنانی ولاتە، لەبەرئەوەی ناکرێ ئایدیۆلۆجیەتی مەزهەبێکی دیاریکراو بەسەر ولاتێکدا بسەپێنرێت کە چەندین نەتەوەو ئایین و مەزهەبی جیاوازی تێدا بێت، ئەوەی مایەی سەرنجە حوسێن خومەینی کە نەوەی خومەینییە بڕوای بە ولایەتی فەقیە نییە، ئەو داوای جیاکردنەوەی ئایین دەکات لە سیاسەت، نموونەی زیندووشمان زۆرن لەوانە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا میرموسەوی کە کاندیدی ریفۆرمخوازان بوو بە زۆرینەی دەنگ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لەبەرئەوەی باوەڕی بە ولایەتی فەقیە نەبوو، پیاوێکی ئایدیۆلۆجیستی دەمارگیریان هێنا کە مەحمود ئەحمەدی نەژاد بوو و کردیان بە سەرۆکی ئێران. هاوکات لەلایەن زانایانی شیعەوە لە عێراقیش رەتکراوەتەوە لەوانە سیستانی، لە لوبنانیش بە هەمان شێوە، دیارە ئەو تیۆرە لەو حاکمییەتە دەچێت کە سەید قوتب و شوێنکەوتووانی دایانهێنابوو و لەلایەن زۆربەی زانایانی سوننەوە رەتکرابۆوە، هەروەها لە خەلافەت دەچێت کە هەندێ گرووپە ئیسلامییەکان بە جیاوازیی ئاراستەو هەڵوێستەکانیانەوە بانگەوازیان بۆ دەکرد.

دواتر هەندێ سەرکردەی عێراقی دێن و بێ شەرمانە دەیانەوێت ئەم تیۆرە بگوازنەوە تاکو لە عێراق پیادەی بکەن، لەگەڵ ئەوەی گەلی ئێران رەتی دەکەنەوەو هیوادەخوازن لێی رزگاربن و ئەگەر ئەزموونێکی مرۆیی سەرکەوتوو بوایە ئەوا پەسند دەکرا، ئەو کاتە ئێرانیش لەپێشەوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەبوو، دەتوانم بڵێم کە ئەو تیۆرە لەگەڵ لاوازی و شکستەکەشیدا

**یەکێک لەوانەی دژی خومەینی بوون لە رۆژانی شۆڕشدا ئایەتوڵا مونتەزری بوو کە کاندیدی دوای خومەینی بوو، کە دواتر خومەینی گۆشەگیری کردو دەستبەسەری کرد، ئەم سزایەش تا مردنی لە ٢٠٠٩ هەر بەردەوام بوو، مونتەزری پێیوابوو کە ولایەتی رەوا شەرعی نییە، بەڵکو پێویستە لە پرسە شەرعییەکاندا ولایەتی بەش هەبێت، ئەو بە راشکاوی داوای جیاکردنەوەی ئایینی لە سیاسەت دەکرد**

هۆکارێکی سەرکەوتووە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و پارێزگاریکردن لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی، چونکە وەلی فەقیە دەسەڵاتدارەو بێ هەڵەیەو ئەوەی گوتوویەتی و دەیڵێت قابیلی مشتومڕ نییە، چونکە دەسەڵاتی خودایی تەنیا ئەو کەسە هەیەتی کە جێگری مەهدی مونتەزیرەو وەلی فەقیهیش جێگری ڕەهای ئەوە لە هەموو شتێکی بچووک و گەورەدا.

بەهۆی پابەندبوونی هەندێ گرووپی لایەنگری ئێران بەو تیۆرە، هەروەها هەوڵی هەندێ سەرکردەی سیاسیی عێراق لە شیعە بۆ گواستنەوەی ئەم ئەزموونەی ئێران بۆ عێراق ڕیزی شیعە درزی تێکەوت، چونکە هەندێ گرووپی شیعەی نیشتمانپەروەری عێراق ئەم ئەزموونەیان ناوێت و دژایەتیی دەکەن، ئەوان چاک دەزانن کە عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و مەزهەبە، گواستنەوەی ئەم تیۆرەش هەڕەشە لە چارەنووسیان دەکات، بۆیە ئەوانەی دژایەتیی دەکەن ڕووبەڕووی هەڕەشەو لێدان و تیرۆرکردن دەبنەوە، نموونەش ڕۆژنامەنووس کازم لامی بوو کە ڕەخنەی لە بەرزکردنەوەی وێنەی خومەینی و خامەنەیی گرتبوو و دەستڕێژییان لە ماڵی کرد و خەریک بوو بیکوژن.

### ● دوا وتە

ئێمەی کورد دوای ڕووخانی سەدام حوسێن لەگەڵ شەریکەکانمان لە بەغدا ڕێککەوتین کە دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی و فیدراڵی دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی عێراقی تازە ببێتە نموونەیەکی جوانی دیموکراسی لە ناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە عەقڵییەتی ئایینی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆنترۆڵی عەقڵییەتی مەدەنیدا زاڵبوو، بەم شێوەیە دەوڵەت بەرەبەرە بوو بە دەوڵەتێکی ئایینی ئایدیۆلۆژی، هەروەها پەرلەمانی عێراقیش کە باڵاترین دەسەڵاتە بوو بە ئامرازێک بۆ تێپەڕاندنی یاساو بڕیارە تایفەگەرییەکان، وەک یاسای حەشدی شەعبی و ئەو بڕیارو یاسایانەی زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنن، دوا بڕیاری هەڵەو ستەمیش ڕەتکردنەوەی هەڵدانی ئاڵای کوردستان بوو لە کەرکوک، هەروەها ڕیفراندۆمی کوردستان و لەبەرچاونەگرتنی ڕای فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەمەش وای لە پەرلەمانتارانی کوردستان کرد لە دانیشتنی پەرلەمان بکشێنەوە، فراکسیۆنە کوردستانییەکان هەوڵیاندا دیالۆگ لەگەڵ بەغدادا بکەن، بەڵام دیارە سووربوونی پێشوەختە هەبوو کە کوردستان بکرێتە ئامانج، لەوانە لەکارلابردنی پارێزگاری کەرکوک کە بڕیارێکی تەواو سیاسی بوو، چونکە پارێزگای کەرکوک سەر بە یاسای ساڵی ٢٠٠٤ی برێمەرە، کەچی پەرلەمان پشتی بە یاسای ساڵی ٢٠٠٨ بەست، ئەمەش سەرپێچییەکی ئاشکرایە، بێگومان ئەگەر دادگای فیدراڵی بڕیارێکی دروستی دەربکردایە پێویست بوو ڕەتی بکردایەوە، هەرچەندە بڕوامان بەو دادگایەش نییە، چونکە ئەویش هاتە پاڵ هەڵوێستی دژ بە ریفراندۆمی کوردستان، بۆیە هەر بڕیارێك کە بەغدا دژی کوردستان دەریبکات بە تەواوەی سیاسییە و ڕەتدەکرێتەوە، کوردستانیش مافی خۆیەتی بڕیاری سیاسی دژی بەغدا دەربکات، چونکە هەڵوێست و بڕیارە سیاسییەکان بەهای یاسایی و دەستوورییان لەدەست دەدەن، بۆیە پێویستە پەنا بۆ یاساو دەستوور بەرین، ئەگەر نا وڵات بێ سەروبەر دەبێت.

لە ڕاستیدا ئەم تایفگەرانە بەم سیاسەتانە ستەمکارانەیان دەرحەق کوردستان وا دەکەن کە گەلی کوردستان زیاتر بە پرەنسیبی سەربەخۆییەوە پابەندبێت، هەروەها بەشداریی کارا بکات لە ریفراندۆمی کوردستان، ئەوان کۆتاییان بە شەراکەتی نیشتمانی هێناو هیچ شتێك ئێمەو بەغدا بەیەك نابەستێتەوە، بۆ مێژووش گەلی کوردستان هۆکار نییە لە دابەشبوونی عێراق ئەگەر ڕوویدات، بەڵکو ئەوانەن کە دەستووری عێراقیان پێشێلکردووە، هەروەها پابەندنەبوون بە ڕێکەوتنە سیاسییەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەوان هانی گەلی کوردستانیان دا پەنا بۆ ریفراندۆم ببەن، بۆیە سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی بە کێشەی کورد دەهێنێت لە عێراق، گەلی کوردستانیش حوکمڕانیی پاشایەتی و کۆماری و بەعسی و دەعوەی ئیسلامی تاقیکردەوە کە تەنیا ماڵوێرانی و کوشتن و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ و هەڵەبجەو برینی بوودجەی لێ بینییەوە، با ئەم جارە حوکمڕانیی کوردستانی تاقی بکەینەوە و خۆمان حوکمی خۆمان بکەین و لەم بوارەشدا ئەزموون و شارەزایی و توانایەکی چاکمان هەیە، کە بتوانین سەرکەوتوو بین و مێژوویەکی دێرینمان هەیەو و خەبات و قوربانییەکی زۆرمان داوە و سەرکردایەتییەکی دلێرو چالاك و سوپایەکی نیشتمانیمان هەیە و خاوەن سامانێکی هەمەجۆری سرووشتین و لە بواری پەروەردەشدا پێشکەوتووین.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**هەندێ سەرکردەی عێراقی دێن و بێ شەرمانە دەیانەوێت ئەم تیۆرە بگوازنەوە تاکو لە عێراق پیادەی بکەن، لەگەڵ ئەوەی گەلی ئێران ڕەتی دەکەنەوەو هیوادەخوازن لێی ڕزگاربن و ئەگەر ئەزموونێکی مرۆیی سەرکەوتوو بوایە ئەوا پەسند دەکرا، ئەو کاتە ئێرانیش لە پێشەوەی دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەبوو، ئەو تیۆرە لەگەڵ لاوازیی و شکستەکەشیدا هۆکارێکی سەرکەوتووە بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و پارێزگاریکردن لە شۆڕش، چونکە وەلی فەقیە دەسەڵاتدارەو بێ هەڵەیەو ئەوەی گوتوویەتی و دەیڵێت قابیلی مشتومڕ نییە**

**ئێمەی کورد دوای ڕووخانی سەدام حوسێن لەگەڵ شەریکەکانمان لە بەغدا ڕێککەوتین کە دەوڵەتێکی دیموکراسی و مەدەنی و فیدراڵی دابمەزرێنین، بۆ ئەوەی عێراقی تازە ببێتە نموونەیەکی جوانی دیموکراسی لە ناوچەکەدا، بەڵام بەداخەوە عەقڵییەتی ئایینی ئایدیۆلۆژی بەسەر کۆنترۆڵی عەقڵییەتی مەدەنیدا زاڵبوو، بەم شێوەیە دەوڵەت بەرەبەرە بوو بە دەوڵەتێکی ئایینی ئایدیۆلۆژی**




**مۆنتی مارشاڵ**

**پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:**

# خراپترین سیناریۆ ئەوەیە شەڕەکانی ناوچەکە هەڵکشێن و ببنە شەڕێکی جیهانی

**مۆنتی مارشاڵ، سەرۆکی ئامۆژگای دیراساتی سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبەری سەنتەری ئاشتیی هەمەلایەنە و بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو کێشە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە و بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر ئێستا و ئایندەی ئەم ناوچەیە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت؟ ئایا ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین و پێویستیان بە ئاوڕدانەوە و بایەخپێدانی بەپەلە هەیە؟**

- من پێموایە دەکرێت ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا دەگوزەرێت بە شەڕێکی ناوچەیی و هەمەلایەنە، یاخود «گێژاوی تەنگژە» وەسف بکرێت. ئەگەرچی هەر یەکێك لە تەنگژە و ناکۆییەکانی ناوچەکە دینامیکیەتی ناوخۆیی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەروەها هەر یەکێکیان بە ڕاددەیەکی گەورە دەکەونە ژێر کاریگەریی ناکۆکی و تەنگژەکانی دەوڵەتە دراوسێکانیانەوە، بە هەمان شێوە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو ژینگە پڕ لە تەنگژەیەی باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەکەدا، لەگەڵ کاریگەریی کاراکتەرە جیهانییەکان و ئەو هەلومەرجەی لەسەر ئاستی جیهان باڵادەستە. لەلایەکی دیکەوە، فرەڕەهەندیی تەنگژەکان و ئاکام و دەرهاویشتە بەربڵاوەکانیان و لەبەرچاونەگرتنی ئەو پەند و وانانەی دەکرێت لە تەنگژەکانی پێشۆوە وەربگیرێن، بوونەتەهۆی ئەوەی ئیدارەدانی تەنگژە ببێتە ئەرکێکی زۆر ئاڵۆز و گرفتئامێز، بەتایبەتی کە هەوڵەکانی ئیدارەدانی تەنگژە پتر جەخت لەسەر هەلومەرجێکی مەحەلی و تایبەتی دەکەنەوە، وەك ئەوەی بکرێت، یان بتوانرێت لە دینامیکییەتە گەورەکانی دیکەی ناوچەکە داببڕدرێن. لە ڕاستیدا، ئەو دۆخەی ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئارادایە دەکرێت وەك دووەم شەڕی هەمەلایەنەی ناوچەکە وەسف بکرێت، یەکەم شەڕی هەمەلایەنە کە لە سەرەتاکانی ساڵانی حەفتاکاندا دەستی پێکرد و لە سەروەختی کۆتایی شەڕی سارددا خامۆش بوو، دووەم شەڕی هەمەلایەن کە لە سەروەختی داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەمریکاوە دەستی پێکرد. ئەوەی پێدەچێت پاڵنەر و هۆکاری ئەم شەڕە هەمەلایەنانە بێت کە من پێی دەڵێم: «بناغەی شۆڕشگێڕی». لە بڵاوکراوەکەماندا- کە پێکەوە لەگەڵ تێد گور نووسیمان- لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ناوی ئاشتی و تەنگژە، من بارودۆخەکەم — کە بووە دووەم شەڕی هەمەلایەنە- بە یاخیبوونی «دژ بە جیهانی بوون» ناوزەد کرد. بوونی نەوتێکی زۆر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ڕاددەیەکی گەورە بایەخی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو بۆتەهۆی دەستتێوەردان لە سیاسەتی ناوچەکەو تێکدانی دینامیکیەتی ناوخۆیی و ناوچەیی و سەختکردن و دژوارکردنی توانای ناوخۆیی بۆ ئیدارەدانی تەنگژە. بەو پێیە ئەو پەرەسەندنەی زیاتر مایەی نیگەرانییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بریتییە لە چڕبوونەوەی دەستتێوەردانی دەرەکی لە دینامیکیەتە ناوخۆییەکاندا، لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هێزە چەکدارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکاندا تەنیا مەسەلەی کاتە، کە ئەم دۆخەش بۆی هەیە بە ڕەوتێکی خێرا ئاڵۆز بێت و ببێتە شەڕێکی هەمەلایەنەی جیهانی. من وردەکاریی ئەم دۆخەم لە بڵاوکراوەکەماندا لە ساڵی ٢٠١٧، بە ناوی ڕاپۆرتی جیهانی، خستۆتەڕوو.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئەگەرەکانی بە دیموکراتیزەکردن دەڕوانیت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەتایبەتی لە دوای ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی، ئایا دەکرێت بڵێین دەرفەتەکان بۆ بەرەوپێشبردنی پرسی دیموکراسی لاوازن؟**

- لە بنەڕەتدا، خۆسەپێنی فۆرمێکی «پەسەندکراوە» بۆ «حوکمڕانی سەروەختی قەیران» و دیموکراسی فۆرمێکی پەسەندکراوی «حوکمڕانی هەلومەرجێکە کە قەیران لە ئارادا نەبێت.» شەڕی هەمەلایەنەی ناوچەیی دەرهاویشتەی قەیرانی ناوچەییە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین: بارودۆخی ناوچەکە پێچەوانەیە

**تایفەگەری فۆرمێکی لەبەریەک هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییە و دەرهاویشتەی تەنگژەیەکی سیستماتیکی درێژخایەنە. جیاکاری لە دژی کەمینە ئیتنی و ئایینییەکان نیشانەی نەزانییەکی گشتی و گەشەکردنێکی کەمتری سیستمی کۆمەڵایەتییە**

> **ئێران هەم شەکەتی شەڕە ناوچەییەکە و هەم ماندووی دەستی دەستتێوەردانە دەرەکییە بەردەوامەکانە لە ناوچەکەدا، کەواتە پێویستە ئەوانیش ببنە بەشێک لە هەر چارەسەرێک کە چاوەڕوان دەکرێت**

> **لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بوونەتە گۆڕەپانی سەختترین دەستتێوەردان لە سەرجەم بەشەکانی جیهانەوە، هەروەها لەو ماوەیەدا زۆرترین شەڕی چەکدارییان بە خۆوە بینیوە**

> **ئەو تێرۆریستانەی خۆیان لەنێو گروپەکاندا ڕێکخستووە، کوشندەترین و تێکشکێنەرترین هێزی دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتین، لەبەر ئەوەی هیچ سنوورێک بۆ ئەنجامدانی کاری توندڕەوانە و دڵڕەقانە ناناسن**

لەگەڵ ڕێککارەکانی هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیموکراسی و بڕیاردانی فرەییانە.

*** هەندێ جار وا دەردەکەوێت کە کێشە و ناکۆکی و تەحەددییە درێژخایەنەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قابیلی چارەسەرکردن نەبن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تەنگژەکانی ئەم ناوچەیە هێندە ئاڵۆزن کە چارەسەرکردنیان سەخت و دژوار بێت، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بێت؟**

- پێدەچێت ناکۆکی و تەنگژەکان درێژخایەن بن لەبەر ئەوەی بە دابڕاوی و هەنگاو بە هەنگاو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نەك وەك بەشێکی دانەبڕاو لە تەنگژەیەکی هەمەلایەنە. هەر چارەسەرێکی سەرکەوتووانە بۆ تەنگژە مەحەلییەکان بەهۆی کاریگەریی ناوچەیی و فشارە جیهانییەکانەوە بە ڕەوتێکی خێرا لەبار دەبردرێت.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا چەندین گروپی رادیکاڵی و تیرۆریستی هەن لە ناوچەکەدا، کە بوونەتە هۆی هێنانەئارای کوشتار و کاولکارییەکی بێ پێشینە، ئایا هۆکار بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدانی ئەم گروپانە چین و چۆن دەکرێت بەرەپەرچیان بدرێتەوە؟**

- من باسم لەوە کردووە کە «توندڕەوەکان» دەرهاویشتەی داینامیکیەتە هەمەلایەنەکان، (دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئیدارەدانی ئاڵۆزی لە سیستمە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکاندا). توندڕەوەکان بە سروشتی خۆیان کەسانێکی دژە-کۆمەڵایەتین. بەو پێیە، لە سایەی هەلومەرجی ئارامی و ئاشتیدا، ژمارەی توندڕەوەکان لە سیستمێکی-کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کەمن و نارێکخراون، ئەوان زۆر بە دەگمەن «کردارێك ئەنجام دەدەن» و هەمیشە وەك « گورگە تەنیاکان» هەڵسوکەوت دەکەن. لەو بارودۆخانەدا کە تەنگژەیەکی توندوتیژی درێژخایەن باڵادەستە بەسەریدا، توندڕەوەکان ئاشکراتر گوزارشت لە ناسنامەی خۆیان دەگەن لە ڕێی گرتنەبەری کار و کردەوەی توندڕەوانە و ئەگەرێکی کەمتر هەیە کە لە ڕێی یاساوە سنووریان بۆ دابنرێت، بەو پێیە دەرفەتی ئەوەیان هەیە زیاتر لە گروپی توندڕەودا خۆیان ڕێکبخەن. بە هەمان شێوە ئەگەری زیاتر ئەوەیە کە پەیوەندی لەگەڵ گروپە میلیشیاکاندا ببەستن، لەبەر ئەوەی هەردوولایان پەنا بۆ کردەوەی توندوتیژی دەبەن، ئەگەرچی ئەو میلیشیایانە ئەم کارانە لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجی سیاسیدا ئەنجام دەدەن. لە ڕاستیدا ناتوانرێت لە ڕووی سیاسییەوە بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن توندڕەوەکانەوە بۆ ئامانجی شەخسی کۆنترۆڵ بکرێت. دەکرێت بڵێین: ئەو تێرۆریستانەی خۆیان لەنێو گروپەکاندا ڕێکخستووە، کوشندەترین و تێکشکێنەرترین هێزی دژ بە سیستمی کۆمەڵایەتین، لەبەر ئەوەی هیچ سنوورێك بۆ ئەنجامدانی کاری توندڕەوانە و دڵڕەقانە ناناسن. کەواتە تاوەکو شەڕە گشتییەکە بەردەوام بێت، ئەوا توندڕەوەکان بە ڕەوتێکی خێراتر سەرهەڵدەدەن و خۆیان ڕێکدەخەن، کە ناشتوانرێت ریشەکێش بکرێن. تاکە ڕێگا بۆ کۆنترۆڵکردنی توندڕەوەکان بریتییە لە خاوکردنەوەی ئەو داینامیکیەتانەی کە سیستمی کۆمەڵایەتی دروستیان دەکەن. ژینگەی توندڕەو کاری توندڕەوانە دەخولقێنێت.

*** چۆن لە پەیوەندی ئایین و سیاسەت دەڕوانیت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بۆچی توندوتیژی ئەوەندە بەربڵاوە لەم ناوچەیەدا؟**

- پێموایە لە سەرجەم ناوچەکانی جیهاندا کارلێکێکی سروشتی لە نێوان ئایین و سیاسەتدا هەیە، لەم ڕووەوە «ئیسلام» حاڵەتێکی تایبەت نییە. ڕەنگە حاڵەتە «تایبەتەکە» لە پەیوەندی بە کارلێکی نێوان ئیسلام و سیاسەتدا بریتییە لەو ڕاستییەی کە ئایینی ئیسلام لە هەلومەرجێکی سەختی ژیاندا هاتەئاراوە، ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا هەمیشە زەمینەیەکی سەخت و نیمچە سەختی هەبووە. گوزارشتکردن لە ئایینیش ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مرۆڤەکانە. من باوەڕم وایە، ئایینی جوولەکە و ئەزموونی چەوساندنەوەی جوولەکە و ئەو هزرە لەخۆ دەگرێت کە پێیوایە ئەوانی دیکەی تێڕوانینێکی دوژمنکارانەی هەیە لەبەرامبەریدا. مەسیحییەتیش بیروباوەڕەکانی پەیوەست بە ململانێ و کۆنترۆڵ لەخۆ دەگرێت. سەرجەم ئایینەکان بوار بە وەڵامدانەوە و کاردانەوە دەدەن لە بەرامبەر ئەو حاڵەتەی پێیانوایە هەڕەشە و مەترسییە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانی گرتنەبەری ڕێگاچارەیەکی کۆمەڵایەتی گشتی «پەسەند» دەکەن. بە گوێرەی تویژینەوەکانی ئێمە ئەو هەلومەرجە گشتییەی کە دەبێتەهۆی هێنانەئارای توندوتیژی، بریتییە لە نەزانی.

*** بۆچوونت چییە لەبارەی دەستتێوردانی دەرەکی لەم ناوچەیەدا؟ ئایا باوەڕت وایە کە هەمیشە بوونەتە هۆی خراپترکردنی دۆخەکە، یان هێزە دەرکییەکان دەتوانن لە بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە ڕۆڵی ئیجابی ببینین؟**

- لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بوونەتە گۆڕەپانی سەختترین دەستتێوەردان لە سەرجەم بەشەکانی جیهانەوە، هەروەها لەو ماوەیەدا زۆرترین شەڕی چەکدارییان بە خۆوە بینیوە. ئەمە لە کاتێکدا ناوچەی ئەمریکای باشوور کەمترین دەستتێوەردان و کەمترین شەڕی چەکداری بە خۆوە بینیوە. توێژینەوەکەی ئێمە (لە چاپتەری ٧، خەڵك لەبەرامبەر دەوڵەتاندا) ئاماژە بەوە دەکات کە دەستتێوەردانی تاکلایەنە بە شێوەیەکی گشتی گرێدراوە بە مەترسییە گەورەکانی پەیوەست بە شەڕی چەکداری، بەتایبەتی لەکاتی بوونی دەستتێوەردانی دەرەکی هێزە دژ بە یەکەکاندا، بەڵام مەترسییەکانی شەڕی چەکدار کەم دەبنەوە کاتێك لەلایەن دامەزراوە فرەلایەنەکانەوە دەستتێوەردان دەکرێت.

***چۆن لە دەستڕۆیشتویی ئێران دەڕوانیت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتوایە ئێران سەرچاوەی کێشەکەیە، یان دەکرێت بەشێك لە چارەسەرەکە بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێران کەوتۆتە ژێر کاریگەریی گێژاوی تەنگژەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاوە، واتە بە چەشنی سەرجەم وڵاتانی دیکەی ناوچەکە ئەویش لەژێر ئەو کاریگەرییەدایە. تەنانەت من بانگەشەی ئەوە دەکەم کە ئێران تەنیا لە پێگەی بەرگریکردنەوە هەڵسوکەوتی کردووە. واتە لەوەتەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە چوار دەوری ئەو وڵاتە (بڵاوکردنەوەی هێزی گەورە و کرداری سەربازی ئەمریکا لە عێراق، ئەفغانستان و کەنداوی فارسی) جێگر کردووە، ئێران دوژمنکارانەتر ڕەفتار دەکات. هەروەها ئێران «هاوپەیمانی سروشتی» هەیە لە نێو گروپە شیعەکانی ناوچەکەدا. کە هاوکاریکردنیش لە نێو «هاوپەیمانە سروشتییەکان» پتر دەبێت لە بەرامبەر زیادبوونی هەڕەشەکاندا، بەتایبەتی هەڕەشەکانی پەیوەست بە دەستتێوەردانی دەرەکییەوە. من پێموایە ئێران هەم شەکەتی شەڕە ناوچەییەکە و هەم ماندووی دەستی دەستتێوەردانە دەرەکییە بەردەوامەکانە لە ناوچەکەدا، کەواتە پێویستە ئەوانیش ببنە بەشێك لە هەر چارەسەرێك کە چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام بەرهەڵستی هەر «چارەسەرێك» دەکات کە درێژەدانی دەستتێوەردانی دەرەکی لەخۆ بگرێت.

*** کێشەیەکی دیکە هەیە کە ڕەگ و ریشەیەکی قووڵی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەویش بریتییە لە ڕکابەری تایفەگەری لە نێوان سوننە و شیعە، چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت؟**

- من باوەڕم وانییە کە ڕکابەریی تایفەگەری لە نێوان سوننە و شیعەی ئیسلام، گەورەتر بێت لەو ڕکابەرە تایفەگەرییەی لە نێوان پرۆتستانت و کاسۆلیك و ئۆرسۆدۆکسی مەسیحییەتدا لەئارادا بوو. تایفەگەری فۆرمێکی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتییە و دەرهاویشتەی تەنگژەیەکی سیستماتیکی درێژخایەنە. جیاکاری لە دژی کەمینە ئیتنی و ئایینییەکان نیشانەی نەزانییەکی گشتی و گەشەکردنێکی کەمتری سیستمی کۆمەڵایەتییە.

*** پێشبینییەکانت چین بۆ ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە چاوەڕێی ئەم ناوچەیە بکەن؟**

- باشترین سیناریۆ بریتییە لە هاتنەئارای «بە بنبەست گەیشتنێکی ئازاربەخش»، کە تێیدا سەرجەم، یاخود زۆربەی کاراکتەرەکان دوچاری شەکەتبوون بن بەدەست شەڕەوە بە چەشنێك داوا لە سەربازەکانیان بکەن کە «دەست هەڵگرن». ئەو کاتە پرۆسەی ساڕێژبوون دەست پێدەکات، کە تێیدا بایەخدان بە پرسە ئابوورییەکان دەکەونە پێش پرسی ڕکابەرە سیاسییەکانەوە. دەستتێوەردانی سەربازی دەرەکی تەنیا فۆرمێکی سنووورداری شەڕی نێوان وڵاتانە. خراپترین سیناریۆش ئەوەیە شەڕێکی سنووردارنەکراو لە نێوان وڵاتاندا بێتەئاراوە، کە بۆی هەیە بە ئاسانی بەرەو هەڵکشان بچێت و ئەگەری ئەوەش هەیە بەرفراوان بێت و ببێتە شەڕێکی جیهانی. بەهۆی ئەوەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا کەشێکی وشك، یان نیمچە وشکی هەیە، تەنانەت ئەگەر شەڕی سیستماتیکی» ئیحتیوا»ش بکرێت لە ناوچەکەدا، ئەوا بە خێرایی سەردەکێشێت بۆ داڕووخانی ژینگە و کارەساتی مرۆیی.

**لەو بارودۆخانەدا کە تەنگژەیەکی توندوتیژی درێژخایەن باڵادەستە بەسەریدا، توندڕەوەکان ئاشکراتر گوزارشت لە ناسنامەی خۆیان دەگەن لە ڕێی گرتنەبەری کار و کردەوەی توندڕەوانە و ئەگەرێکی کەمتر هەیە کە لە ڕێی یاساوە سنووریان بۆ دابنرێت**

**هەر چارەسەرێکی سەرکەوتووانە بۆ تەنگژە مەحەلییەکان بەهۆی کاریگەری ناوچەیی و فشارە جیهانییەکانەوە بە ڕەوتێکی خێرا لەبار دەبردرێت**

**ئەو پەرەسەندنەی زیاتر مایەی نیگەرانییە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بریتییە لە چڕبوونەوەی دەستێوەردانی دەرەکی لە داینامیکیەتە ناوخۆییەکاندا، لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هێزە چەکدارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکاندا تەنیا مەسەلەی کاتە**



**ئۆفرا بینگۆ وانەبێژە لە بەشی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا و توێژەری باڵایە لە سەنتەری مۆشێ دایان بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە زانکۆی تەل ئەبیب لە ئیسرائیل، خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی نوێ و هاوچەرخی عێراق، کەمینەکان، بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداو و پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی عێراق و کوردستان چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستەڕوو.**

ئۆفرا بینگۆ
تایبەتمەندی کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# عێراق سەربەخۆیی خۆی لەدەستداوە و بۆتە پاشکۆی ئێران

*** سەرەتا چۆن لەو رووداوانە دەڕوانیت کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر و دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، هاتنەئاراوە؟**

- یەکێك لە خراپترین بەدبەختییەکان کە دوچاری هەرێمی کوردستان بوو، لەدەستدانی کۆنترۆڵی سەرجەم ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بوو، بەغداش دوای ئەوە هەستا بە داخستنی هەردوو فڕۆکەخانەکە کە دەروازەی هەرێمەکە بوون بەسەر جیهانی دەرەوەدا و لە هەمان کاتدا بەردەوامە لە فشاردروستکردنی سیاسی و سەربازی و ئابووری لەسەر هەرێمەکە. سێ هۆکار پێکەوە بەشداربوون لەم دۆخە دژوارییە کتوپڕەی رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆوە: فاکتەرە ناوخۆییەکانی نێو کورد، هاوپەیمانیی سێ قۆڵی نێوان عێراق، تورکیا و ئێران و هەڵوێستی نەرێنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەروەها نەبوونی پلان بۆ دۆخی دوای ریفراندۆم گۆڕانکارییە کتوپڕەکەی کردە گۆڕانکارییەکی ئازاربەخش.

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا کورد دەیەوێت خۆی لەم دۆخە دژوارە دەرباز بکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە کورد چی بکات و دەتوانێت چی بکات؟**

- لە راستیدا دەبێت حکومەت لە یەك کاتدا لەسەر چەند ئاستێك کاربکات بۆ ئەوەی لەم دۆخە ئازاربەخشە دەرباز بێت. بە پەلەترین ئەرکیش بریتییە لە رێکخستنەوەی نێوماڵی کورد، یەکێك لە رێگاکانیش بریتییە لە ئەنجامدانی

هەڵبژاردنـەکان بـە زووتریـن کات و بـە دڵنیاییـەوە پێش ئەنجامدانـی هەڵبژاردنەکـەی عێـراق. ئەرکێکـی بەپەلـەی دیکـە بریتییـە لـە چارەسـەرکردنی قەیرانـە ئابوورییەکـە کـە بەشـێکی زۆری خەڵکـی کوردسـتان بـە دەسـتیەوە دەناڵێنـن، بـە هەمـان شـێوە کارکـردن لەسـەر کەیسـی کـورد لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی ئەرکێکـی گرنگـە، بەتایبەتـی لـەم کاتـەدا کـە بەغـدا بڕیـاری داوە کوردسـتان بگەڕێنێتـەوە بـۆ سـەردەمی سـەدام حوسـێن، ئـەم کارەش بـە خەڵکـی بەتوانـا و پرۆفیشـناڵ دەکرێـت، کـە کـوردی تاراوگـە دەتوانـن ڕۆڵێکـی گرنگـی بـۆ ببینـن.

*** ئایـا هاوڕایـت لەگـەڵ ئـەوەدا کـە لـە دوای ڕووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەرەوە، ئێـران توانیویەتـی دەستڕۆیشـتوویی خـۆی بەسـەر سیاسـەتی دەوڵەتـی عێراقـدا بچەسـێنێت؟ ئەگـەر وایێـت، ئایـا ئـاکام و دەرهاویشـتەکانی باڵادەسـتیی ئێـران بەسـەر عێراقـدا چیـن؟**

- ئێـران گەورەتریـن بـراوەی پەرەسـەندنەکانی ئـەم دواییەیـە بـوو. کـە نـەك هـەر تەنیـا توانیویەتـی پـەرە بـە دەستڕۆیشـتوویی خـۆی بـدات بەسـەر عێراقـدا، بەڵکـو چـاوی لەوەیـە لـە ڕێـی عێـراق، سـووریا و لوبنانـەوە بگاتـە سـەر دەریـای سـپیی ناوەڕاسـت. گەورەتریـن زیانمەنـد بریتییـە لـە هەرێمـی کوردسـتان کـە بەشـێکی زۆری پارسـەنگی هێـزی لەدەسـتدا لـە ئاسـت بەغـدا، هەروەهـا حکومەتـی مەرکەزیـش لـە بەغـدا زیانمەنـدی گەورەیـە کـە سـەربەخۆیی خـۆی لەدەسـت دا و بـووە پاشـکۆی تـاران، بەهەمـان شـێوە تورکیـاش کـە لـەو کاتـەدا هاوپەیمانییەکـی لەگـەڵ ئێراندا دروسـت کـرد، بەمـەش دەستڕۆیشـتوویی خـۆی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لەدەسـت دا. لـەوەش گرنگتـر بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانـی گـورزی گەورەیـان بەرکـەوت لەبـەر ئـەوەی ئێـران کەڵکـی لـە دۆخەکـە وەرگـرت بـۆ بـرەودان بـە بەرژەوەندییەکانـی لەسـەر حیسـابی ئەنقـەرە.

*** ئایـا هەڵوێسـتی ئیـدارەی ئەمریـکا مایـەی نائومێـدی، یـان قابیلـی تێنەگەیشـتن بـوو لـە ئاسـت ڕووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەردا، ئەویـش بەلەبەرچاوگرتنـی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئـەم پەرەسـەندنانە تەنیـا دوای سـێ ڕۆژ لـە ڕاگەیاندنـی ستراتیژیەتە نوێیەکـەی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونـەوەی ئێـران ڕوویانـدا؟**

- ئیـدارەی ئەمریـکا لەسـەر بنەمـای ئـەو بیرۆکەیـە ڕەفتـار دەکات کـە پێیوایـە دەکرێـت و




پێویسـتە عێراق دەوڵەتێکی یەکپارچە بێت، سـەرەڕای ئـەوەی کـە سـەت سـاڵی ڕابـردوو ئـەو ڕاسـتییەیان سـەلماندووە کە ئـەم قـەوارە دەستکردە، تەنیا لـە ڕێی بەکارهێنانـی چـەك و توندوتیـژی و خوێنڕێژییـەوە دەپارێزرێـت. تێنەگەیشـتنی ئەمریـکا لـە مێـژووی عێـراق ئاڵۆزتـر بـوو بەهـۆی ئـەو ڕاسـتییەی کـە ڕەنگـە هەڕەشـەکانی سـەرۆك ترەمـپ لـە دژی ئێـران پاڵنەرێـك بووبـن بـۆ هەنگاوەکـەی ئێـران لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەردا، ئەویـش وەك هەوڵێـك بـۆ لەباربردنـی پێشـوەختەی هـەر جووڵەیەکـی ئەمریـکا لـە دژی ئـەو وڵاتـە، ئەمریـکاش زیانمەندێکـی دیکـەی دواییـن پەرسـەندنەکانە لەبـەر ئـەوەی جەماوەریبوونـی لـە نێـو کـورددا لەدەسـت دا، لەبـەر ئـەوەی کـورد ئـەم هەڵوێسـتەی ئەمریـکا بـە نادڵسـۆزی دەزانێـت، هەروەهـا ئەمریـکا دەستڕۆیشـتوویی خـۆی بەسـەر حکومەتـی مەرکەزیـی عێـراق لەدەسـتدا، کـە ئێسـتا ئـەم حکومەتـە پتـر قەرزاربـاری ئێرانـە، کـە نزیکتریـن دراوسـێ و سەرپەرشـتیارێتی، نـەك ئەمریـکا.

*** بەم دواییە سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بانگهێشـتنامەی بـۆ سـەردانیکردنی فەڕەنسـا و ئەڵمانیـا و بەریتانیـا پێگەیشـت، چـۆن لـەم سـەردانانە دەڕوانیـت و تـا چەنـد ئـەم هەوڵـە**

سەرۆک وەزیرانی عێراق هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ گوشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بە چۆکدا بهێنێت، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵیدا. لەبەر ئەوە دەبێت هەرێمی کوردستان پلانی ب ئامادە بکات، بۆ ئەم حاڵەتە و نابێت چاوەڕێ بکات تاوەکو عەبادی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت

ئیدارەی ئەمریکا لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە رەفتار دەکات کە پێیوایە دەکرێت و پێویستە عێراق دەوڵەتێکی یەکپارچە بێت، سەرەڕای ئەوەی کە سەت ساڵی رابردوو ئەو راستییەیان سەلماندووە کە ئەم قەوارە دەستکردە، تەنیا لە رێی بەکارهێنانی چەک و توندوتیژی و خوێنڕێژییەوە دەپارێزرێت

کارکردن لەسەر کەیسی کورد لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی گرنگە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە بەغدا بڕیاری داوە کوردستان بگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی سەدام حوسێن، ئەم کارەش بە خەڵکی بەتوانا و پڕۆفیشناڵ دەکرێت، کە کوردی تاراوگە دەتوانن رۆڵێکی گرنگی بۆ ببینن




**نێودەوڵەتییە، یان با بڵێین ئەورووپییانە بەشدارییەکی ئیجابی دەکەن لە دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق؟**

- سەردانەکانی سەرۆك وەزیران بۆ وڵاتە ئەورووپییە سەرەکییەکان ئاماژەیەکی گرنگە بەو راستییەی کە ئەم وڵاتانە بە یەکجار پشتیان لە کورد نەکردووە. هێشتا پێمان خۆش بێت، یان نا، جیهان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکان بنیادنراوە و گەورەترین ئەرکی حکومەتی هەرێمیش لەم ساتەوەختەدا بریتییە لە قەناعەت پێهێنانی ئەم دەوڵەتانە و کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی بەوەی بەرژەوەندییەکانیان لەوەدایە پاڵپشتی لە کوردستانێکی بەهێز بکەن. نەك لەبەر ئەوەی دەبێتە بەربەستێك لەبەرامبەر ئێراندا، کە ناتوانێت ببێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە هۆی پارسەنگ کردنەوەی هاوسەنگییەکە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا کە عێراقی کردۆتە وێنەیەکی لەبەرگیراوەی ئێران. ئەوەی پەیوەست بێت بە عەبادییەوە، ئەوا سەرۆك وەزیرانی عێراق هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ گوشارخستنەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بە چۆکدا بهێنێت، پێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵیدا. لەبەر ئەوە دەبێت هەرێمی کوردستان پلانی ب ئامادە بکات، بۆ ئەم حاڵەتە و نابێت چاوەڕێ بکات تاوەکو عەبادی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت.

*** پێشبینیت بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان چییە؟**

- بە پێچەوانەی زۆرێك لە چاودێران و شرۆڤەکارانەوە من تەواو گەشبینم لەبارەی داهاتووی هەرێمی کوردستانەوە. واتە سەرەڕای دوایین رووداوە ئازاربەخشەکان، ئەوا دەبێت لە سیاقی خۆیاندا لێیان بڕوانین. لەساڵی ١٩٨٨دا کوردستان کرایە بیابانێك بەڵام زۆری پێنەچوو کە دووبارە گەشەی کردەوە. ئەگەر بە شێوەیەکی بەراوردکاری قسە بکەین ئەوا هەرێمی کوردستان پارێزگاری لە زەمینەی ئەخلاقی خۆی کردووە و توانیویەتی دیموکراسیەتە تازەگەشەکردووەکەی بپارێزێت، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکانی دەوڵەتێکی رەیعی. ئایندەی ئەم هەرێمەش بەندە بە چەند پرسێکی گرنگەوە، لەوانە: یەکێتی نەتەوەیی، ئابوورییەك کە تەنیا پشت بە نەوت نەبەستێت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و توانای ئەوەی ببێتە جێی گرنگی و بایەخی جیهان.

**تورکیا هاوپەیمانییەکی لەگەڵ ئێراندا دروست کرد، بەمەش دەستڕۆیشتوویی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا لەدەست دا. لەوەش گرنگتر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی گورزی گەورەیان بەرکەوت لەبەر ئەوەی ئێران کەڵکی لە دۆخەکە وەرگرت بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانی لەسەر حیسابی ئەنقەرە**

# ناكۆكییەكانی عەبادی و مالیكی و ئاوابوونی خۆری ئێران لە عێراقدا

كاتیك كە تێڕامانێك بە نێو ڕاگەیاندنە عێراقییەكاندا دەكەین و سەرنج لە هەڵوەشاندنەوەی هاوپەیمانیی شیعەكان دەدەین، دەبینین بە جۆرێك كە ئەمڕۆ شتێك بەناوی هاوپەیمانیی شیعەكان نەماوە، بەڵكو ناكۆكییەكانی نێوان عەبادی و مالیكی گەیشتۆتە ئاستیك كە هیچ كامێكیان حیساب بۆ كەسی بەرامبەریان ناكات و هەر یەكێكیان دیەوێت بەرە لەژێر پێی ئەوی تر دەربهێنێت، بەتایبەتی وەك دەبینین ئەم دابەشبوونەوەی نێوان عەبادی و مالیكی كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی لیستی دەوڵەتی یاسا و حزبی دەعوەش دەبێت.

ئەوەی جێگەی تێبینییە مالیكی دەیەوێت لە ڕێگەی سەركردە دێرینەكانی حزبی دەعوە و بەشیكی زۆر لە گروپە شیعەكانی تری وەك ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و تەیاری حیكمەی سەر بەعەمار حەكیم و كەسایەتییە ناسراوەكانی شیعە نفووز و دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و خۆری عبادی ئاوا بكات، هەرچەندە مالیكی ئەم هەوڵانە دەدات، بەڵام لەبەرامبەردا حەیدەر عبادی توانیویەتی لە ڕێگەی دروستكردنی هاوپەیمانی لەگەڵ موقەدا سەدر هەوڵەكانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی میراتی حوكمی شیعە لە عێراق زیاتر بكات .

**ناكۆكییەكان بەرەو فراوانبوون دەچن**

لەئێستادا زۆر لە سایتە هەواڵدەرییە جیهانییەكان باس لەوە دەكەن كە هەژمونی تاكڕەوانەی شیعەكان لەبەردەم هەرەسێكی گەورەدایە، چونكە وەك دەبینین زیادبوونی گرفتی نێوانیان بەرەو قووڵبوونەوە دەچێت، لەلایەك عەبادی و مالیكی گرەو لەسەر بردنەوەی هەڵبژاردنەكان دەكەن، وەك دەبینین وەزیری ناوخۆ كە سەر بە ڕێكخراوی (بەدرە) تا ڕادەیەك لە فەرمانی عەبادی دەرچووە، لەلایەكی دیكەوە ناكۆكییەكانی نێوان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی تەقیوەتەوە. عەمار حەكیم پارتێكی نوێی دامەزراند، لە لایەكی دیكەوە لە زۆربەی شارەكانی باشووری عێراق حزبی فەزیلە خەریكە بەرە لە ژێرپێی ئەنجومەنەی باڵای ئیسلامی و حزبی دەعوە دردەهێنێت، هەروەها لە بەغداش تارادەیەك سەدرییەكان دەیانەوێت هەژمونی خۆیان زاڵ بكەن، واتا هەرگیز ناكۆكییەكانی نێوان هاوپەیمانیی شیعەكان بەو شێوەیەی ئێستا نەبووە، بۆیە پێدەچێت لەم هەڵبژاردنەدا دابەشبوون بگاتە ئاستێك كە هیچ كام لەو گروپانە زۆرینە بەدەست نەهێنن، وەك دەبینین ئەگەرێكی زۆرە دەنگەكانی هاوپەیمانی شیعەكان بۆ چوار لیست دابەش بێت، چونكە تەنیا حزبی دەعوە لەناو خۆیدا دوو لیستی جیای دەبێت، واتا هیچ كام لەم لیستانە ناتوانن حكومەت دروست بكەن، ئەمەش چانسێكی زۆر باشە بۆ گەلی كوردستان بۆ ئەوی بتوانێت جارێكی تر توانای خۆی سەرلەنوێ بنیاد بنێتەوە و، بە گورجییەكی زیاترەوە كاریگەری لەسەر پرسی سیاسیی عێراق هەبێت.

**هەرێمی كوردستان و ئەم هاوكێشە سیاسییە**

وەك لەپێشەوە باسمكرد، زیادبوونی ناكۆكییەكانی نێوان عەبادی و مالیكی كاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر ئایندەی عێراق دەبێت، تەنانەت ئەم بابەتە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر گشت پرسە سیاسییەكان دەبێت، بە هەرێمی كوردستانیشەوە، واتە ئەم ڕووداوانە كاریگەریان لەسەر كوردیش دەبێت و یەكێك لەو كارتە سیاسییانەی كە كوردستان پێویستە بەكاری بهێنێت، ڕێگریكردنە لەو دەسەڵاتانەی (حەیدەر عەبادی) و مەرجە



مەیادە محەمەد نەجار
**سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان**
بۆ گوڵان نووسیویەتی

کوردبتوانن دەسەڵاتەکانی حەیدر عەبادی دیاری بکەن، چونکە لەئێستادا عەبادی دستووری پێشێل کردووە، بە ئارەزووی خۆی دەستکاریی یاساکان دەکات، بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی کار لەسەر دەستوور دەکات، ئەمەش وایکردووە کە نەك عێراق، بگرە ماڵی شیعەش بەرەو هەڵوەشاندنەوە ببات.

ئەوەی جێگەی تێبینییە، ئەو سیاسەتە چەوتەیە کە ئێستا عەبادی پەیڕەوی دەکات، چونکە غرووری عەبادی، لەوە دەرچووە کە دەرفەتی بۆ گفتوگۆ ڕەخساندبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە نەك تەنیا گەلی کوردستان زۆرباش لەبابەتە سیاسییەکان گەیشتووە، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری سیاسییەکانی ناو عێراق ئەستەمە بتوانن لەگەڵ یەکتری دابنیشن و گفتوگۆ بکەن. ئەوەتا عەبادی و مالیکی هەریەکێکیان بە ئارەزووی خۆی کار دەکات، لەلایەکی دیکەوە ئەیاد عەلاوی وەك سیاسییەکی عەلمانی دەیەوێت سەربازگەیەك بۆ خۆی دروست بکات، هەر لەناو حزبی دەعوەدا کەسێکی وەك عەلی ئەدیب و ئیبراهیم جەعفەری خۆیان جیاکردۆتەوە و نە حیساب بۆ مالیکی و نە بۆ عەلاوی دەکەن.

ئەم وەزعە تایبەتەی کە ئەمڕۆ هەموومان دەیبینین، زیاتر دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی شیعە لەناو خۆیاندا، هەروەها ئەگەر کەمێك وردببینەوە، دەزانین ئەرکی سەرشانی کورد لەم دۆخەدا زۆر قورس بووە، چونکە دەتوانێت یەکێك لەو دوو هاوکێشە قورسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خۆی رابکێشێت، واتا گەلی کوردستان دەتوانێت بۆ ڕاگرتنی باڵانسی هێز لەناوچەکەدا مەرجەکانی بەسەر یەك لایەندا دیاری بکات و هەموو ئەو مەرجانەی کە گرنگن بۆ کوردستان دەستنیشانییان بکات، ئەوکات لە هەڵبژاردنەکاندا پشتگیری لەو کەسە بکات.

**عەلاوی و عەبادی و مالیکی و حەکیم ململانێی دەسەڵات دەکەن**

هەرێمی کوردستان بە پێگەیەکی زۆر بەهێزەوە دەچێتەوە ناو ئایندەی سیاسی لە بەغداو لەسەر بنەمای هێز مامەڵەیان لەگەل دەکات، مەرجیشە ئەو لایەنە پەیوەست بێت بە جێبەجێکردنی مافە ڕەواکانی میللەتی کوردستان، واتا لەم کاتەی ئێستا باشترین هەنگاو بۆ ئەوەی کە کوردستان باڵانسی هێزی عێراق رابگرێت و کاریگەری لەسەر دۆسیە جیاوازەکانی عێراق دروست بکات، گرنگە کوردستان زۆرباش کار لەسەر بابەتەکە بکات، چونکە بۆ کورد سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەگەر (ئیبراهیم جەعفەری، یان ئەیاد عەلاوی، یان نوری مالیکی، یان حەیدەر عەبادی، یان هەر سیاسییەکی تری عێراق) بێت، گرنگ ئەوەیە مەرجەکانی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.

هەروەها ئەوەی روون بۆتەوە، هەڵوێستی جیاوازی مەرجەعییەتە لەسەر حکومەتی عێراق، چونکە مەرجەعییەتیش خۆی لەخۆیدا لە کارەکان و هەنگاوەکانی حکومەتی عێراقی نائومێد بووە. چەندین جار عەبادی و مالیکی سەردانی مەرجەعیەتیان کردووە، بەڵام پێشوازییان لێ نەکراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناکۆکیی نێوان عەبادی و مالیکی گەیشتۆتە ئاستیك کە هیچ جۆرە وتووێژیك بۆ یەکگرتنەوەیان نییە، ئەمەش دەرفەتێکی زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان.